وشیاریی مرۆیی: لە ئەفسانەی ئەشکەوتی ئەفلاتونییەوە بۆ فەزای دیجیتاڵیی هاوچەرخ.. نووسینی: ئەکرەم سەعید

پوونکردنەوە:
داوای لێبوردن ئاراستەی خوێنەرانی بەڕێز دەکەم؛ لە وتاری پێشوومدا بە ناونیشانی «بەربەریزمی مەدەرن: خوێندنەوەیەک بۆ بەگژنامەکانی جەفری ئێپستاین» لە ١٤ی شوباتی ٢٠٢٦ بەهاوکراوەتەوە، تێوانینەکی هەڵەی کارڵ مارکسم نووسی بوو، کە پێم وابوو دروستە. دوای پێداچوونەوەو پشکنینی سەرچاوە مێژووییەکان، بەم دەرکەوت کە شوێنەوارناسی و مێژوونووسان، بوونی دیاردەی (لێشفرۆشیی خودایی دەرین و پیدێفیلیا – سێزانیی پەرستگاکان یان سێزانیی پیرەز) لە شارستانییەتەکانی وەک (میسری کۆن، مێزۆپۆتامیا، و یۆنانی کۆن) پشتڕاست ناکەنەوە. لەم ئەنجامەوە، وەک پابەندییەک بە ئەمانەتی زانستی ومتمانەی مەعریفی، داوای لێبوردن لە خوێنەران دەکەم بە ئەو هەڵەیەم. لە هەمان کاتدا، جەخت دەکەمەوە کە بەشەکانی تری وتارەکە سەبارەت بەم دیاردەیە لە کەمەڵەگەی هیندستانی دەرینداو باسکان دەربارەی وەاتی چینی دەرین تەواو دروستن، هەروەها بوونی دیاردەی لێشفرۆشی و پیدێفیلیا لە چوارچێوەی کەمەڵەگە دەرینەکاندا ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە.

لە دوو هەفتەی ڕابردووەوە تاوەکو ئەمڕۆ، قەیرانی ئابووری بە شێوەیەکی توند پەرەی سەندووەو قووڵتر بووەتەوە، ئەمەش بەهۆی جەنگ لە (ئۆکرانیا، و ناوچەی کەنداوی عەرەبی، بەتایبەتی ووبەووبوونەوەکانی ئەم دواییەی نێوان حوسییەکان و شانشینی عەرەبستانی سعوودی). دەرەنجامی ئەمەش شێلگیکی گرانیی بوونە، هەڵاوسانی دراو، و بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری لێکەوتووەتەوە، کە بارگرانییەکی زۆری خستووەتە سەر شانی جەماوەر و بژێویی ژیانیانی شکەت کردووە. لەم پەناوەشدا، مانگرتن و خۆپیشاندانی خەڵکی دژی گرانی وتەنگسەریی ژیان لە سووریا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وچەند وەاتێکی دیکە، سەردێڕی هەواڵەکانیان داگیرکردووە. لە

چوارچێوەیەکی پەیوەندیدارداً، دوو دەوڵەتی ئەوروپی بە فەرمی داوایان لە هاوڵاتیانی خۆیان کردووە کە بە بەی چەند هێزێک ئاو وخۆراک کۆگا بکەن، ئەمەش بەهۆی ئەو مەترسییە گەورانەی کە لەئارادان بە هەڕەشەگیرسانی ململانێی چەکداری لەگەڵ ڕووسیادا. لە ژێر سایەی ئەم دۆخە قەیرانەاوی، شێواوی وحوکمەان بە لەژیکی جەنگی ئەمەدا، پرسیارە جەوهەرییەکە سەر هەڵدەدات: ئایا هیچ ئۆگرێک لە ئاسۆدا بەدی دەکرێت بە ڕاپەڕین یان شۆشێک کە چینی کرێکار ڕابەرایەتی بکات (دژی گرانی و جەنگەکان و لە پێناوی نان وئاشتی)دا؟. بەگومان وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بەستراوەتەوە بە کەمەک فاکتەرو دیاریکەر، کە هەنگە دیارترینیان بریتی بن لە:(ئاستی وشیاریی چینایەتی لای چینی کرێکار، وادەی ئامادەیی هێزە سۆشیالیستەکان بە پشتیوانیکردن وئاراستەکردنی ئەم چینە). بەڕای لاوازیی ئەم دوو فاکتەرە بەتایبەتی (واتە دابەزینی ئاستی وشیاریی چینی کرێکارو نەبوونی ئامادەیی ڕێکخراوەیی لای سۆشیالیستەکان)، لە سەردەمی جەنگی یەکەم ودووەمی جیهانییەوە، وەک گرێکۆرێیەکی پێکهاتەیی ومێژوویی ماوەتەوە. بە پشتبەستن بەمەش، پەم وایە کەتواری وشیاریی چینایەتی لای کرێکاران وسۆشیالیستەکان لە سەردەمی ئێستاماندا، لە دۆخێکی باشتردا نییە بە بەراورد بەو قۆناغەی نێوان ساڵانی (١٩١٤- ١٩٤٠)، بەڵکو هەنگە تەنانەت لاوازترو پاشکۆشەی زیاتریشی بۆخۆە بینیبێت.

تەمەنی مارکس و لەگەڵیشیدا نزیکەی لە پێشەنگانی سۆشیالیزم کەتایی هات، لە کاتێکدا ئێوان چاوەڕوانی ساتەوەختی مێژوویی یەکلاکەرەوە بوون بە ڕاپەڕینی ئەو دەوە مەزنە (پرۆلیتاریا)، تاوەکو لە هەنگەی شۆڕشی سۆشیالیستییەوە، کەڕەکانی سیستەمی سەرمایەداری تێکبشکێنێت و بەدیلی سۆشیالیستی دابمەزرێنێت؛ بەڵام ئەم چاوەڕوانییە بەداخەوە، نەهاتە دی. گومانی تێدا نییە کە نەتوانین و هەنێستان بە کردەوەی شۆڕشگێڕانە، دەگەڵتەوە بە چەندین هێگرو لەمپەری بابەتی و خودی؛ بەڵام هێگرکان بە هەر شێوازێک پێلین بکەین، دیسانەوە نامەبوون و نزمی ئاستی وشیاریی چینایەتی وەک هەکاری سەرەکی لە لوتکەی ڕیزبەندی دەمێنێتەوە. بەگومان هەوشاندنەوەی گرێکۆرەی وشیاری و ئەو بەربەستانەی لە بەردەمیدا ڕاوەستاون، دەمانخاتە ڕووبەڕووی پرسیارێکی ئێپیستمۆلۆژیی ڕادیکاڵ: ئایا وشیاری، وەک چالاکییەکی دەروونی و هزریی، خاوەنی ئەم پێگە گرنگە یەکلاکەرەوەیە وەک هێزێکی سەرەکی و بزوێنەرێکی ئامانجدار بە سەرلەنوێ داشتنەوەی مەرجەکانی مێژوو وگەڵانکارییەکانی کەمەگە؟.

لەسەر ئەم بنەمایە، شیاوە ئەم پرسیارە سەرەتاییە لە خەمان بکەین:

وشیاریی چینی کرێکار بە تایبەتی، و وشیاریی مرۆیی بە گشتی، چۆن دیاری دەکرێت وشەو دەگرێت؟ بەگومان پرسی دیاریکردنی وشیاری، چەقی مشتومڕی مێژوویینووسان ویەکەکە لە مەزنترین گرێکوێرەی ئێپیستمۆلۆژیینووسان لە مێژووی فیکردا؛ چونکە ئەم پرسە ئەو پردەیە کە پەیوەندی لایەنی ماتریال وئایدیال بەیەکتر دەگەنێ، جگە لەوەی یەکەکە لە قووڵترین شێوە تیۆرییەکان لە مێژووی فەلسەفەدا. ناکۆکیی جەوهەری لەردا لە نێوان بیردۆزی ئایدیالیزمی(پلاتۆن و هیگڵ)و بیردۆزی ماتریالیستی مارکس لە وەڵامدانەوەی ئەم کێشەیەدا کورت دەبڕێتەوە: ئایا وشیاری بەرهەمی گەیشتنی مرۆڤانە بە جیهانی بیرکە ووتەک وباکان وڕوحی خوداها، یان داهێنانێکی پەیوستە کە واقیعی مادی وبوونی کۆمەڵایەتی دەیسەپێنێت؟ چوونە ناو قووڵایی ئەم پرسیارە، داستوخە دەمانگوازێتەوە بە دەستدان لە یەکێک لە زیندووترین ودەوڵەمەندترین گفتوگۆکانی ناو فەلسەفەی مارکسی وناوەندە ئەکادیمییەکانی هاوچەرخەکان: کە ئەویش جیاکاریی یەکلاکەرەوەو جومگەییی نێوان مادیگەرایی مێژووییی زانستییە ـ کە وشیاری وەک بزوێنەرێکی ئامانجدار دەبینێت کە لە ڕێگەی براکسیسەوە (پراکتیکی شۆڕشگێڕانە) لەگەڵ مەرجە بابەتییەکانی خۆیدا کارلێک دەکات ـــ وناوان ئابووریگەرایی میکانیکی یان حەتمییەتی ڕووت، کە مرۆڤی کورتکردووەتەوە بە تەنها بوونەوەرێکی بایەلۆژی کە بە شێوەیەکی ئەتۆماتیکی وەڵامی کاریگەرییە ئابووریەکان دەداتەوە.
قوتابخانەی ئایدیالیزم (بەتایبەتی پلاتۆن و هیگڵ)، ئاماژەکە پێی وایە بیرکە وڕوح سەرچاوەی هەموو شتێکن، وجیهانی مادی تەنیا ڕەنگدانەوە یان بەرهەمی ئەوانە. پلاتۆن پێی وابوو جیهانی ڕاستەقینە جیهانی ئایدیاکانە (بیرکە باڵا ووتەکانە). ئەو شتانەی لە جیهانی ماددیدا دەیانبینین تەنیا سێبەرێکی کاتی وناتەواوی ئەو بیرکە ئەزەلی وکامڵانەن کە لە دەرەوەی کات وشوێندا بوونیان هەیە. وشیاری ئەمە لە ڕێگەی یادخستنەوەی ئەو ڕاستییە باڵایانە دروست دەبێت. بەڵای پلاتۆن مرۆڤ دەبێت سەرەتا لەو باوەڕە باوانە وشتە ووکڕشانە ڕزگاری بێت کە کۆمەڵگە یان هەستە سەرەتاییەکانی پێی دەبەخشن(کە هاوشێوەی سێبەرەکانی ناو ئەشکەوتەکەن). هەستەکانی مرۆڤ(بینین، بیستن و هتد) تەنیا وێنەیەکی شێوەندراو یان کاتیی لە ڕاستی نیشان دەدەن، کەواتە وشیاری ڕاستەقینە کاتێک دەست پێدەکات کە مرۆڤ ئەقڵ ولۆژیک بەکاردەهێنێت بۆ تێگەیشتن لە جیهان. پلاتۆن دەیگووت: ڕاستی ڕۆحە لە جیهانێکی باڵادایە کە پێی دەوترێت جیهانی ئایدیاکان. لەم جیهانەدا چەمکەکانی وەک دادپەروەری، جوانی، وچاکە بە شێوەیەکی کامڵ و نەگۆڕ بوونیان هەیە. بەڵای پلاتۆن بۆ ئەوەی مرۆڤان بۆ

وشیاری بگەن – وشیاربوون، پەیوستیان بە تەماوان و لێکدانەوەی قووڵ هەیە، بەم شێوەیە وشیاربوونەوە واتە تێگەیشتنی ئەقڵ لە چەمکە باوەکان. پلاتۆن لەو باوەڕدا بوو کە تەحی مرۆڤ، پێش ئەوەی لە نەو جەستەدا نیشتەجێ بێت، لە جیهانی نموونە کامڵەکاندا ژیاوە (لەو شوێنەی کە حەقیقەتی تەواو هەیە، چاکە و جوانی تەواو هەیە). بەڵام کاتێک کەوتە ناو جەستەی مادیی تاریکەوە (وەک ئەوەی لە ئەفسانەی ئێشکەوتەکەدا هاتووە)، ئەم حەقیقەتانەی لەبیرچوونەوە. لای ئەو، دیاریکاری وشیاری لەوەوە دەست پێدەکات کە مرۆڤ تا چەند توانای بەکارهێنانی ئەقڵ و ئامانی فەلسەفیی هەیە بۆ ڕزگاربوون لە ئەندێشەکانی جیهانی مادی (هەستپێکراو)و بەبیرهێنانەوەی حەقیقەتە تەواکان. کەواتە وشیاری لەڕدا لە مادە جیایەو بە تەواوی لێی سەربەخۆیە.

وەڵە هیگڵ جیهان وەژوو وەک پرۆسەیەکی گەشەسەندنی تەحی گشتی یان عەقڵی تەها دەبینێت. بە بۆچوونی ئەو، مێژووی مرۆڤایەتی هیچی تر نییە جگە لە قۆناغەکانی وشیاربوونەوەی ئەم تەحە بەسەر خۆیدا، وگەیشتنی ئەو ئینکاریینە مادی وکەمایەتییەکان بەرهەمی ئەم گەیانکاریینە دەروونی وهزرییەن. بەڵام بەپای هیگڵ مرۆڤ ناتوانێت بە تەنیاو لە دەرەوەی کات بگاتە بیرکەی تەها. پێویستە تەماوان لە مێژووی مرۆڤایەتی بکرێت. هیگڵ پێی وایە مێژوو پڕۆسەی بەئاگایی هاتنەوەو ئازادبوونی قۆناغ بە قۆناغی ئەقڵە. مرۆڤ لە تێگەی تەماوان لە مێژوو، فەلسەفەو ململانێ دیالێکتیکییەکان و لێکدانەوەی دامەزراوە مرۆییەکان، دەگاتە ئەو ئاستییەی کە ئەقڵ حوکمی جیهان دەکات ومرۆقیش بەشێکە لەم پڕۆسە گەورەیەی بیرکەی تەها. بە دەربڕینێکی دی هیگڵ لەو باوەڕدا بوو کە وشیاری بەرهەمی "تەحی تەها"و مێژوو. هیگڵ فەلسەفەی ئایدیالیزمی گواستەوە بۆ ناو چوارچێوەیەکی دینامیکی (بزوێنەر)و مێژوویی، و وشیاریی مرۆیی بە گەشەسەندنی تەح یان عەقڵی گشتی لە درێژەی مێژوودا بەستەوە. هیگڵ پێی وایە تەواوی مێژووی مرۆڤایەتی بریتییە لە تەوتی گەشەکردنی تەحی تەها بەرەو ناسینی خۆی و بەدیهێنانی ئازادییەکەی. وشیاریی تاکەکەسیی مرۆڤ دابڕاو نییە، بەڵکو بەشێکە لە وشیاریی گشتیی قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراو. لای ئەو، دیاریکاری وشیاری بریتییە لە: گەشەسەندنی مێژوویی وکولتووریی خود. وشیاریی مرۆڤ لە تێگەی ساتەوەختی مێژوویی ودامەزراوە کەمایەتی وسیاسییەکانەوە (وەک دەوڵەت) دیاری دەکرێت، کە گوزارشت لە گەشەکردنی عەقڵی مرۆڤ دەکەن لە تەوتی بەرەو پێشچوونیدا بەرەو ئازادیی تەها. کەواتە لەڕدا بیرکە (ئایدیا) بنەڕەت و ئاسەڕ، و واقیعی مادی تەنها تەنگدانەوەو دەرکەوتەیەکە لێی.

فەلسەفەی ماتریالیزمی مێژوویی و پراکسیسی مارکس

بەپوختی و بە زمانێکی سادە، کۆکی فەلسەفەی مارکس وەخنەی ئەو لە ئیدیالیزمەکان ئەمانە: کۆشەی سەرکی مرۆڤان پێداکردنی خەراک بوو. ئایا مرۆڤکان لە مێژوودا چۆن فکری پاشکەوتکردنی خەراک بوون؟. ئایا سەرنجدانی مەرولە و سمەرە، کە خەراک پاشکەوت دەکەن بە زستان، بە مرۆکان سوودی هەبووە لەوانەوە فێربوون؟ یان چۆن گەیشتوون بەو بیرۆکەیە کە (ماسی وشک کەن بە زستان، یان میوەهاتکان وشککەن و هەڵیگرن بە زستان)؟.

مرۆکان لە مێژوودا لە ڕێگەی تاقیکردنەوە، چاودێریکردنی سروشت، و ناچارییەوە سەرنجی سروشتی داوە، بیریان کردۆتەوە و کاریان کردووە؛ بەمە فکری پاشکەوتکردنی خەراک بوون. گەڵانی وەرزکان، نمانی سەرچاوەکانی خەراک لە زستان یان وەرزی وشکەساڵیدا، و کۆچکردن بە شوێنە جیاوازەکان، وای لە مرۆقی کۆن کرد کە بیر لە ڕێگایەک بکاتەوە بە پاراستنی خەراک، تا بە زیندووویی بمێنێتەوە. مرۆڤکان دەیانبینی کە سمەرەکان گوێز و دەنکەکان دەشارنەوە، یان مەرولەکان بە درێژایی هاوین خەراک کەدەکەنەوە بە زستان. مرۆقی کۆن کاتێک میوەی کەدەکردەوە، دەیبینی ئەو میوانەی لەبەر هەتاو کەوتوون و وشک بوونەتەوە (وەک تری کە دەبێتە مێوژ، یان هەنجیر)، ڕزاو و گەنیو نەبوون و تامیان هەشتا خۆش. ئەوان درکیان بەوە کرد کە ئاو هەکاری سەرەکی تێکچوونی خەراکە؛ کاتێک خەر ئاوەکە دەمژێت، میوەکە دەتوانێت مانگانە بمێنێتەوە بەبێ ئەوەی تێکبچێت. ئەمە وەک نموونەیەکی زیندووی سروشتی یارمەتی مرۆقی دا تا تێبگات کە "کۆکردنەوەی خەراک لە کاتی فرەیدا، گرەنتی مانەوەیە لە کاتی کەمیدا".

بەڵام مرۆکان لاسیکەرەوەکی نەرمنی سروشت نین و کۆپییەی دەقاودەقی کاری سمەرە و مەروو ناکەن، بەڵکو پێویستی فیزیکی مرۆکان بە خەراک و ڕێگری لە نەخشکوتن، بیرکردنەوەو کاری جیاوازو تایبەتی سەپاندووە. بە نموونە: مرۆکان فێر بوون کە دەبە ماسی و میوەکان سەرەتا لەبەر خەردا وشک بکەن، ئەوجا هەڵیانگرن دەنا دەگەنێن، وە پەنیر دەبە خوێی بەسەردا بکرێ ئینجا لە پەستەدا هەڵگیرێ بە زستان- خەڵکی کوردستان بەو شێوەیە پەنیریان هەڵگرتووە. بەیە کاری مرۆڤ جیاکەرەوەی مرۆڤ لە ئاژەڵ؛ سمەرێک یان مەروولەیەک بەپێی ئینستیتیوت (غەریزە) خەراک پاشکەوت دەکات؛ ئەو ملیۆنان ساڵە هەمان شت دووبارە دەکاتەوە بەبێ ئەوەی ئامرازکەی پێرە پێبدات. بەڵام مرۆڤ کاتێک چاودێری سروشت دەکات، پێسەی "بیرکردنەوەی داهێنەرانە" تێکەڵ بە کارکەی دەکات. کەواتە پێیوندی مرۆکان بە سروشت(سەرنجدان و بیرکردنەوە، کارکردن و گەشەدان بە شێوازی

بەرهەمهێنانی خۆراک بەپێی گۆشەی مێژوو)، بنەمای گۆشەی ئەق و کار و پێوەندی مرۆڤکانە. ئیدی لێرەدا(هەزر – کار – مێژوو)لە پێوەندەکی پێویستن بە ژیان و گۆشکردن.

لێرەوە، خاڵی جیاوازی بنەڕەتی لە نێوان دوو پارادایمی فەلسەفی دژبەیەکدا دەردەکەوێت:
لە لایەکەوە، ئایدیالیزمی ئەفلاتوونی پێداگری لەسەر پێسەی تەماشانی پێتی و دابڕان لە جیهانی ماددی دەکات؛ لەم ڕوانگەیەوە، هۆشیاری و ناسینی حەقیقەت تەنها لە ڕۆگەی عەقڵانیەتێکی پشتبەستوو بە مەدڵی "جیهانی نموونەیی" سەر هەڵدەدات، کە تێیدا مرۆڤ لە ڕۆگەی دابڕانی مەعریفی لە دیاردە گەردوونکانی فیزیا، بەرەو چەمکە باڵا و جێگیرەکان بەرز دەبێتەوە.
لەکاتێکدا لە بەری بەرانبەردا، ماتریالیزمی مێژوویی و چەمکی پراکسیس لای مارکس، ئەم هاوکێشەیە سەروژوور دەکەنەوە. لای مارکس، هۆشیاریی مرۆڤ دەرئەنجامی تەماشانێکی گۆشگیرانە نییە، بەڵکو بەرهەمی پێسەیەکی دیالێکتیکی نێوان (هزر، کار، و مێژوو)ە. مرۆڤکان لە ڕۆگەی کاری بەرهەمهێنەرەوە ڕووبەڕووی سروشت دەبنەوە؛ ئەوان تەنها جیهانی ماددی ناگەڕێن، بەڵکو لە گەڕینی دەرەوەدا، پێکهاتەی هۆشیاری، پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و خودی عەقڵیەتی مێژوویی خۆشیان دە گەڕێن. لەم سەنگەیەوە، مێژوو نابڕە گۆشتەکی میتافیزیایی عەقڵی پێتی و دابڕاو لە پێویستییەکان و ناکۆکییەکانی جیهانی دەوروپشتی مرۆکان، بەڵکو دەبڕە بەشکی گرنگ کە پێوەستی کارلێکی هەیە بە پێسەیەکی مادی کە تێیدا مرۆڤ لە ڕۆگەی کار و پراکتیکی کۆمەڵایەتییەوە، خۆی و جیهانەکەی دەگۆڕێ.
مارکس باسی بوونی مادیی بابەتی، پراکتیک و هەرش دەکاتە سەر دیدگا ئایدیالیستییەکان. ئەو نموونەی "هەرمەیان سەو" دەهێنێتەوە(کە بە بۆشی نهێنیی بیناسازیی ئایدیالیستی یان مەتەڵکی میوەکان دەناسرێت)؛ هەرمە بە شێوەیەکی بابەتی لە سروشتدا هەیە، و خاوەن بوونێکی مادیی سەربەخۆیە لە دەرەوەی ئەق و هزری مرۆڤکان. مارکس دەڵێت:(ئایدیالیستەکان پێچەوانە دەبینن: ئەوان پێیان وایە چەمکی گشتیی «میوە» (کە بیرکەیەکی ناو مێشکی مرۆڤ) ئەسڵ و ڕاستی کایەکەیە، و سەو، هەرمە و بادەم تەنها دەرکەوتەی دەخی ئەو "میوە" گشتیین.). مارکس پێی وایە کە ئەمە خەتاندنی ئەقڵە. لە واقیعدا تەنها هەرمە و سەوی ڕاستەقینە و مادی لە سروشتدا بوونیان هەیە (بوونی مادیی بابەتی). چەمکی "میوە" تەنها ناو و داهێنانی ناو مێشکی مرۆڤە کە لە ڕۆگەی دابڕاندن لە واقیع وەرگیراوە. بەڵام ئەوە مرۆڤکانن کە لە ڕۆگەی

پەرەسەندنی ئەقڵیانەو وشەی "هەرەمە"یان وەک چەمکێکی گشتی بۆ ناسینەوەی ئەو بەرهەمە داهێناوە. پاشان، مرۆڤەکان لە ڕێگەی ئەزموون و پراکتیکەوە، ئەم بوونە مادییە دەگرن؛ بۆ نموونە کاتێک بیرکەی وشککردنەوەی بۆ زستان، لە سوود وەرگرتن لە دیمەنی (سمێرە و مەروولە کە خەراک پاشکەوت دەکەن بۆ زستان)، یان کاتێک لەگەڵ گەشەکردنی هەزمکانی بەرهەمهێنداندا، هەرەمە دەکاتە کاڵاو لە ناو قوتوو و پاکێتدا دەیخاتە بازارەوە. لێرەوە دەردەکەوێت کە واقیعی مادی و ژێرخانی ئابووری بنچینەن، و هزری مرۆڤیش هەزمکی دینامیکییە کە لە ڕێگەی کارەوە واقیع دەگۆڕێت.
پێش مارکس، ماتریالیستە کۆنەکان (وەک فیورباخ) تەنها دەیانوت "هەرەمە بە مادی و بابەتی لە سروشتدا هەیە". بەڵام مارکس لێرەدا ناوەستێت؛ ئەو هەزی پراکتیکی مرۆیی بە زیاد دەکات، چونکە مرۆڤ تەنها تەماشاکاری سروشت نییە. کاتێک مرۆڤ بیرکەی بە دەست کە هەرەمێکە وشک بکاتەوە بە زستان، یان کاتێک گۆشەسەندنی هەزمکانی بەرهەمهێنان (قوتووکردن و هێنارەکردنی بە بازار) ووددەدات، لێرەدا بیرکە و هەزر کارلێک لەگەڵ مادەدا دەکەن، ئەمە پێی دەوترێت پراکتیک؛ واتە مرۆڤ لە ڕێگەی کار و تەکنەلۆجیاوە، سروشتی دەرەوە دەگۆڕێت و لە هەمان کاتدا وشیاریی خۆی لە پرۆسەی بەرهەمهێنداندا پەرەپێدەدات.
مارکس دیالێکتیکی ئایدیالیستیی هیگڵی سەروژێر کردەوە لای تەپۆی، تاوەکو بنەما و ڕەسای دامەزرێنەری بەناوبانگی خۆی لە مادیگەرایی مێژوویی دابڕێژێت: "وشیاریی مرۆڤەکان نییە کە بوونیان دیاری دەکات، بەڵکو بوونی کۆمەڵایەتییانە کە وشیارییان دەستنیشان دەکات". بەپێی ئەم تێوانینە ئەپیستمەلۆژییە، وشیاریی مرۆیی بە سەرجەم دەرکەوتە و ڕەنگدانەوەکانییەوە (لە فیکر، ئایین، سیاسەت و فەلسەفە) لە ئاسمانێکی ووتەکەوە دانابڕێت، بەڵکو لە ووی پێکهاتەییەوە لەلایەن شەوازی بەرهەمهێنانی مادی و ئەو پەیوەندییە ئابووریانەی بەرهەمهێنانەوە دیاری دەکرێت کە لە قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراودا باون؛ بەڵام ئەم وشیارییە، هەر کە شێوەی گرت، بە بڵایەنی ناوەستێت، بەڵکو دەگۆڕێتەوە تاوەکو ڕەهەندێکی دینامیکیی یەکلاکەرەوە لە ئاراستەکردنی ململانێ کۆمەڵایەتییەکاندا بگەڕێت.
ڕەخنەی سۆسیالیستی، ئەو تێگەیشتنە هەڕەیە هەڵدەوەشێنێتەوە کە مارکس لە ماتریالیسمێکی میکانیکی و لە چەمکی حەتمییەتێکی ئابووریی کورتی دەکاتەوە، و لە جیاتی ئەوە، پەیوەندیی دیالێکتیکیی نێوان پێکهاتەی ماتریال و کردەوەی هزری دەخاتەوو. هزر لەم خوێندنەوەیەدا خاوەنی "سەربەخۆییەکی ڕێژەیی و بیرکردنەوەیەکی

ئامانجدارە" کە توانای پێشبینیکردنی واقیع و سەرلەنوێ داشتنەوەی پێ دەبەخشێت. مەرگ وەک ئەوەی مارکس لە نموونەی ئەندازیارو مشەنگویندا ڕوونی دەکاتەوە، سەرەتا لە ناو مشکی خەیدا بیر دەکاتەوە و دیزاین دەکات، ئەمەش فیکر دەکاتە مەرجێکی بوونی بە کارکردنی مرۆیی وشیارانە. بەڵێ دروست نییە هەزی هزر لە مەرجە بابەتییەکانی کەمەنگە دابڕێنرێت، چونکە بیرکەرەکان تەنها بەهەی بوونی ڕووتکەی خەیانەوە لە جیهانی نموونەکاندا (وەک ئەوەی ئەفلاتۆن یان هیگڵ دەیبینن) گەڕانکاری دروست ناکەن، بەڵکو کاتێک هەزی مادیی یەکلاکەرەوەی خەیان بەدەست دەهێنن، کە دزە دەکەنە ناو وشیاریی جەماوەرەوە دگەڵیان بە پراکتیکێکی شۆشگێڕانەی زیندوو کە توانای هەڵوەشاندنەوەی پێکهاتەی سەرمایەداریی هەبێت.
بەگومان گەڕاندنەوەی هەزی هزر بۆ کارایییە مێژوویییەکەی خۆی، یەکەمین ئەرکی پێکهاتەیی هەزە سۆشیالیستەکانی ئەمڕۆیە؛ کاتێک تەحەدایەکە لە تێکشکاندنی ئامرازەکانی نەزانی و ڕووکەشکردنی دیجیتاڵیدا کورت دەبێتەوە کە بەرژوازیی بااڵدەست دەیسەپێنێت، ئەمەش لە پێناوی داشتنی وشیارییەکی چینایەتی و مرۆیی ڕاستەقینەدا کە پێگەی مرۆڤبوون و ژیانی ئازاد بگۆڕێتەوە بۆ ناو کایەکە.
لەگەڵ ئەوەشدا، وشیاریی مرۆڤکان لە نێو کەمەنگەیەکی چینایەتیدا، تەنها لە ڕێگەی بیرکردنەوەو کارکردنی سادەی خەیانەوە لە هەلومەرجێکی مێژوویدا دیاری ناکرێت؛ بەڵکو چەندین فاکتەری دیکە دێنە نێو کایەکەوە کە کار دەکەنە سەر ئاراستەکردنی. زەربەی ئەم فاکتەرانەش لە چوارچێوەی میکانیزمەکانی کۆنترۆڵکردن و شێواندنی وشیاریدا کەدبەنەوە، کە لە ڕێگەی تەکنیک لە دیاریکەرە پێکهاتەیی و تێکنۆبووکانەوە دەردەکەون:
١/ قەرخکاریی چینایەتی بۆ ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی فیکری: مارکس پێی وایە ئەو چینەی کە بااڵدەستە بەسەر ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی مادییدا (بە نموونە بەرژوازی)، بۆ ناچاری کۆنترۆڵی خۆی بەسەر ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی فیکرییشدا دەسەپێنێت؛ بەمەش وشیارییەکی ساختە (ئایدەاڵێزیایەکی ڕێکخراو) بەسەر چینە چەوساوەکاندا (پرۆلیتاریا) دەسەپێنێت، بۆ مەبەستی ڕێواییدان بە مەرجەکانی کۆیلەکردنیان و هەمیشەییکردنی زەدەبایی و کەڵکەڵەی سامان. واتە سەرمایەداری ئەوەی کرێکاران بۆ شۆڕشێکی بابەتی و خەرسکی لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا ناچار دەبن، دووچاری نامۆبوونی کۆلتووریش دەبن، لە ڕێگەی ئەو ڕێگەیەی کە ئامرازە ئایدەاڵێزەکانی دەوڵەتی چینی فەرمانڕەوا (وەک دامەزراوەکانی خوێندن، ڕاگەیاندن و پارتە نیزامییەکان) دەیگرێن؛ چونکە ئەم ئامرازە پێکهاتەییانە کار لەسەر

ئەندازیاریکردن، هووکەشکردن و ئاراستەکردنی وشیاریی هاووڵاتیان دەکەن، و هەگبەری دەکەن لە گەیانی مەبەستییە مادییەکانیان و شکستبوونی بژاوێی ژیانیان بە وزەیەکی سیاسی و سۆشیالیستیی هەکخراو.
٢/ قورسایی میراتی مارکسیزمی (پاشماوەکانی ئابردوو): وشیاری تەنها لە هەگبەی بیرکەکەوتنی ئاستەوخۆ لەگەڵ ئێستادا دروست نابێت، بەڵکو دەکەوێتە ژێر قورسایی ئەو شتەی کە مارکس بە "مێتۆدی نەوکانی ئابردوو" ناوی دەبات؛ بە جۆرێک وشیاری لە لایەکەوە وەک وەڵامدانەوەیەک بە واقیعی ژیان و چینایەتیی بارەمهێنانی ئامرازەکانی بژاوی لەلایەن مرۆڤەوە شەوە دەگرێت، و لە لایەکی دیکەوە مەحکومە بە گواستنەوەی مارکسیزمی بیرکەکان، دابونەریت و کەلتوورە کۆنەکان، کە دەبنە هەگر لە بۆئاگاهاتنەوەی وشیاریی چینایەتی.

پرسی گرنگی هەڵی هزر لە میراتی مارکسیدا ـ هەڵکردنەوەی حەتمییەتی میکانیکی و گەیاندنەوەی پراکسیس:
مارکس لە بەرگی یەکەم، بەشی دووەمی کتێبی (سەرمایە)، بە تایبەتی لە بەشی پێنجەمدا کە لە ژێر ناونیشانی "پرۆسەی کار و پرۆسەی پەرپێدانی بەها ـ بەگەی یەکەم: پرۆسەی کار" دا، ئاماژەی بەوە کردن کە ئەمە لەڕادا باس لە شێوازە سەرەتایی و غەریزییە ئاژەڵییەکانی کار ناکەین، بەڵکو باس لە کار دەکەین لە شێوە مرۆییە پێتییەکەیدا "وەک پرۆسەیەک کە لە نێوان مرۆڤ و سروشتدا هووددات"؛ لەوێدا دەنووسێت:{جاڕجاڕەکە چەندین کرداری هاوشێوەی کارکانی چنەرەک ئەنجام دەدات، و مەشەنگوینیش بە دروستکردنی شانە مۆمییەکانی، پێش زۆرێک لە ئەندازیارانی تەلارسازی دەکەوێت. بەڵام ئەوەی خراپترین ئەندازیاری تەلارسازی لە باشترین هەنگ جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کە ئەندازیارەکە پێش ئەوەی شانەکە لە واقیعدا دروست بکات، سەرەتا لە ناو مەشکی خەیدا دیزاینی کردووە.}ـــ بەرگی یەکەم، بەشی دووەمی کتێبی سەرمایە / وەرگەڕانی د. فالح عەبدولجەبار (بەاوکراوەی دار الفارابي) ـــ لاپەڕە ٢٣٤.
بوونی ئەم پەرەگرافە لە دەستپێکی بەشی "پرۆسەی کار"دا، هەکارێکی یەکلاکەرەوەیە بۆ سەلماندنی ئەو بیرکەیەی کە کارکردنی مرۆڤ لای مارکس (کارێکی ئامانجدارە). مرۆڤ بوونەوەرێکی غەریزی یان ئاژەڵێک نییە کە بە شێوەیەکی میکانیکی وەڵامی کاریگەرییە ئابووریەکان بداتەوە (وەک مەشەنگوین)؛ نموونەی "ئەندازیار و مەشەنگوین" لە کتێبی سەرمایەدا، بەگەیەکی حاشاهەڵنەگرە لەسەر ئەوەی کە مارکس وشیاریی وەک تەنها هەڵنگدانەوەیەکی میکانیکیی ناچالاک (نەرێنی) بۆ

ئابووری نەدەبینی، بەڵکو وشیاریی مرۆیی وەک هێزێکی کارا و کارلێککارێکی دیالێکتیکی لەگەڵ مادەدا تەماشا دەکرد. شیتەکردنی ئەم دەقە ئەو دەسەلمێنێت کە مرۆڤ پێش ئەوەی دەست بە کردەوە مادییەکە بکات، وێنا دەکات، پلان دادەنێت، وئامانجێک (وشیاریێک) دیاری دەکات. وشیاری لێرەدا خاوەن پێشینەیێکی لێژیکییە لە پرۆسەی کاردا. مارکس پێش ئەوەی بچێتە ناو ئاڵوگۆزیەکانی(سەرمایە و زەدەبایی)، ویستوویەتی پێناسەیێکی ئەنتۆپۆلۆژی وفەلسەفی بە وشیاریی مرۆیی بەستراو بە کارەوە دابڕێژێت:{ئەندازیارەکە پێش ئەوەی شانەکە لە واقیعدا دروست بکات، سەرەتا لە ناو مێشکی خۆیدا دایمەزرانـدووە}. ئەم ڕستەیە ڕەگـا بە تەواوی لە بەردەم هەر لێکدانەوەیەکی ئابووریگەرایی میکانیکی دادەخات کە مرۆڤ کورت دەکاتەوە بە تەنها ئامرازێکی بایەلۆژی کە بۆ ئیرادە و بیرکردنەوە وەڵامی ژینگەی دەوروبەری دەداتەوە. مارکس نکۆڵی لە بوونی ئەقڵیان توانای دیزاینکردنی ناکات، بەڵکو جەخت دەکاتەوە کە وشیاریی مرۆڤ ئەو شتەیە کە کارەکەی دەکاتە کارێکی مرۆیی و جیاوازی دەکات لە ئاژەڵ. ڕەوتی ئابووریگەرایی و چەقبەستوویی دەگماتیکی مارکسیستی، کەوتنە ناو ئەو تەڵەیەی کە مادیگەرایی مێژوویی بگەڕێن بە یاسایێکی فیزیکیی ڕەق:(ئابووری = وشیاریی ڕاستەوخۆ). بەڵام مارکس وئێنگلس ئەم سادەکردنەوەیەیان ڕەتکردەوە. هەروەها خودی بەرهەمی مەعریفیی هاوبەشی نێوان مارکس و ئێنگلس خۆی، بە سەرجەم دەرکەوتەکانییەوە لە وتار و کتێبەکان، لە پاڵ چالاکییە سیاسییە بەوچانەکەیاندا، باشترین بەڵگە و پاڵپشتە لەسەر ئەوەی کە مارکس و هاوڕێکەی بەوایێکی چەسپاویان هەبووە بەو ڕەهەندە گەورەو مێژنەی کە بیرکەو بنەما تیۆرییەکان دیگەڕێن لە خوێقاندنی وەرچەرخانی کەمەیاتی و گەردانی مێژووییدا.

ئەو شیکارییەی سەرەوە بە شێوازێکی ئەکادیمی لەو پێشکییە گشتگیرەدا دەردەکەوێت کە ئەرنست ماندێل بە بەرگی یەکەمی کتێبی سەرمایە نووسیویەتی. ماندێل لەم پێشکییەداو لە کاتی شیتەکردنی مێتەدی مارکسی و تیۆریی بەهادا، جەختی لەسەر ئەو ڕەگ و ڕیشە ئەنتۆپۆلۆژی و فەلسەفییانە کردووەتەوە کە مارکس بە کار دایێشتووە؛ تەیدا پشتبەستن بە هەمان پەرەگراف دەهێنێتەوە بە ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە "خودی بیرکەرەوەی مرۆیی" کار دەکاتە سەر مادە و دیگەڕێت، ئەمەش لەسەر بنەمای ئامانجگەلێکی عەقڵانی، وشیارانەو پێشوەختە داڕێژراو لە ناو مێشکدا. ئەم دەقە لە ساڵی ١٩٧٨دا نووسراوە وەک بەشداریێک لەلایەن ماندێلەوە لە سیمینارێکی تایبەت بە ڕێزلێنان لە فیلەسوفی مارکسیی ئەڵمانی ئەرنست بلۆخ

(خاوەنی کتێبی پرەنسیپی ئومەد). ماندێل لەگەڵیندا وێدا دەقی "ئەندازیار و مەشخەنگوین"ی هەناوەتەوە؛ بە هوونی باسی لەسەر ئەوە کردووە کە ئەم دەقە دیسلەمنەت کارکردنی مرۆڤ لای مارکس مەرجدارە بە بوونی (پێژیەکی مەشکیی پشوختە -المشاريع الذهنية الاستباقية) لە وشیاریی بەرهەمهێنەرەکەدا. بەمەش، مارکس لەردا پشینەیی دەداتە بیرکردنەوەی وشیارانە و وێناکردن (خەیاڵکردن)، ئەمەش نەوانی ئەو لەگەڵ میراتی دیالەکتیکیی هیگڵیدا نزیک دەکاتەوە کە پگەی "خود-وشیاری" بەرز دەنرخێنێت، و بە تەواوی تێزەکانی مارکسیزمی سادەکراو و ئابووریگرایی ڕەت دەکاتەوە کە ڕەنگی ئەقڵ لادەبەن و بیرکەکان تەنها وەک دیاردەیەکی لاوەکیی پاشکۆی ئابووری سەیر دەکەن.
ئەنگلس چەند نامەیەکی بەناوبانگی نووسیوە (لەوانەش نامەکەی بە یووسف بلۆخ لە ساڵی ١٨٩٠)، کە تێیدا ئەوەی هوون کردەوە کە لە دواجاردا لایەنی ئابووری دیاریکەرە بەڵام تەنها بزوێنەری تاقانە نییە، بەڵکو سەرخان (بیرکەکان، سیاسەت، یاسا) لای خۆیەوە کاریگەری لەسەر ژێرخان دادەنێت. بوونی کۆمەڵایەتی وشیاری وەک "چوارچێوەیەکی گشتی" یان وەک ئاسۆیەک دیاری دەکات، کە پشهاتە گونجاو و مەحاڵەکان دەخاتە بەردەم ئەقڵ، بەڵام بە شێوازێکی میکانیکی هەموو بیرکەیەک یان دیزاینکی ئەندازیاری بەسەر مرۆڤدا ناسەپێنێت.
جیاوازیی کارکردی نێوان ئەزموونی سروشتی و ئەزموونی مێژوویی-سیاسی:
لە پەسەی گەشەسەندنی مرۆڤایەتیدا، پێویستە جیاکارییەکی مەعریفیی بنەڕەتی لە نێوان دوو جۆر لە ئەزموون بکرێت: ئەزموونی مرۆڤ لە پێوەندیی دیالەکتیکییدا لەگەڵ سروشت، و ئەزموونی مێژوویی لە چوارچێوەی ململانێی چینایەتی و سیاسیدا. لە کاتێکدا ئەزموونی یەکەم (سروشتی) دەبەستە هەی کۆکەبوونی زانیاریی پراکتیکی و گەشەی هەیی هێزەکانی بەرهەمهێنان، ئەزموونی دووەم (سیاسی) لە ژێر سایەی سیستمی سەرمایەداریدا ناتوانێت بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ببەستە هەی ڕزگاریی مەعریفی یان وشیاریی چینایەتی بە چینی چەوساوە (پرۆلیتاریا).
لێرەدا، ئەوەی مارکس بە "وشیاریی ساختە"و ئەنتانیە گرامشی بە "هەژموونی کولتووری" ناوی دەبەن، دەتە کایەوە. چینی بەرژوازی دەتوانێت لە ڕێگەی داشتنەوەی هەزر، بەها، و سیاسەتکانەوە، واقیعەکە چەواشە بکات و جەماوەر بکاتە پاشکۆی ئایدیۆلۆژیی خۆی، سەرەڕای هەبوونی ئەزموونی تاڵی مێژوویی، بە چێشنێک کەمێ لە بەرژەوەندیی چەوسێنەرەکانی خۆی بجووڵێتەوە. وەک ئەوەی خەڵکی

دووچاری خەفانی گشتی یان فرامشیی بکەمەوە – زەهایمیر بووبێ، یان جەماوەر دووچاری جۆرێک لە نوستالژیا -"خەونبینینی بکەمەوە بە ئابردووەوە" و "حزبێکی قووە بە پاشکەش و گەانەوە بە دواوە" دەبێت. ئەم دیاردانە لە کاتی قەیرانە گەورەکانی سیستمی سەرمایەداریدا چێ دەبنەوە؛ کاتێک واقیعی بەرچاو (ئێستا) لەوانلەو دەبێت لە دەئاوکی ئابووری، نامۆبوونی کەمەایەتی، ئیدی خەفانی گشتی و نوستالژیا وەک ئامرازی ئایدیەلۆژی بۆ شواندنی یادەوەریی مۆژووییی کار دەکەن، ئەمانە دەبنە دیواری پێشگرتن لە وشیاریی چینایەتی کرێکاران.

بەو هۆیانەوە ئۆزموونکانی مۆژووی سیاسی، بۆ وشیاری سۆسیالیستی، هێندە بە خێکی سوودی نابێ. ئەم دابانە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە ململانێ کەمەایەتییەکان لە بەشایدا ڕووناددەن، بەکو چینی بادەست (بەرژوازی) لە ڕێگەی دەزگا ئایدیەلۆژییەکانی دەوڵەت وەزی نەرمەوە، دەست بەسەر کایەی گشتی و بەرهەمهێنانی مانادا دەگرێت. ئەم نوستالژیاو زەهایمەر کەمەایەتییە، دەرئەنجامی تەکچوونی بایەلۆژیی مێشک نییە، بەکو بەرهەمی پیشەسازیی هۆشیاری و میدیای پۆپۆلیستی هاوچەرخە، کە بە بەردەوامی واقیعەکە پارچەپارچە دەکات و یادەوەریی مۆژووییی لە ڕێگ و ێشاێ ئاستەقینەکەی دادەبڕێت. لە ڕێگەی ئەم میکانیزمەوە، تراژیدیاکانی ئابردوو (وەک فاشیزمی نازی یان ستەمی عوسمانی) لە زەینی گشتیدا کورتدەکرێنەوە بە چەمکگەلێکی جوانکراو یان بەتاڵ لە ناوەڕۆک. لە ئەنجامدا، جەماوەر نەک هەر ناتوانێت سوود لە ئۆزموونە تاکانی ئابردوو وەربگرێت، بەکو بە هۆشاریەکی سەکراوەوە، دووبارە دەبێتەوە بە سووتەمەنی بە هەمان ئەو پڕۆژە سیاسی و ئیمپریالیستیانەی کە لە مۆژوودا چەوساندویانەتەوە. بەیە ئەمە ئەمەکە نموونەی دەنگی بشکێکی خێکی ئەمانیا بە ئاستەوە تونددەوەکان- نازیەی نووکان دەبینین، یان لە ڕژهەاتی ناوەڕاستدا، ئەمەکە بشکێکی بەرچاو لە جەماوەری ناوچەکە (لە تورکیا، سووریا و شوێنانی تر)، لەژێر کاریگەریی گوتاری ئیسلامی-پۆپۆلیستیی پارتی داد و گەشەپێدان و ستراتیژی "عوسمانیزمی نوێ"ی ئەردۆغاندان.

{مرۆڤ ئاقڵی خۆی بەکاردەهێنێت، بەڵام نەک لە هەموو جارێکدا بە شێوازێکی عەقڵانی}

ئەم دەستەواژەیە پێناسەیەکی سادەو ئاستەوخۆیە بە چەمکی مارکس دەربارەی وشیاریی ساختە. مرۆڤ لە کەمەگەی سەرمایەداریی هاوچەرخدا، ئاڵۆزترین پرسەی مێشک و ئاقڵییەکان بە پڕەپێدانی تەکنەلۆجیا، ئۆژمارکردنی قازانجەکانی بەرسڤ، و پڕۆگرامسازیی

خوارزمیتەکان (ئەلگۆریتمەکان) بەکاردەهێنێت، کە ئەمش بەکارهێنانی ئەقڵ، بەڵام لەسەر ئاستی گشتی و کۆمەڵایەتی، دەکەوێتە ناو ناوەڕانییەتێکی هاوڕێ کاتێک پشتگیری لە جەنگی وڵرانکارەکان دەکات، یان بیرکەوەی هاوگۆزپەرستانە دژی پەنابەران لە لەندەن و بەرلین دەگرێتەبەر، یان پەی وایە چارەنووسی لەلایەن تیۆریەکانی پیلانگێڕیەوە مەحکوم کراوە لەجیاتی ململانێی چینایەتی. لەڕەدا یاری بە ئەقڵ دەکرێت و دەخرێتە خزمەت بەرهەمهێنانی ئایدەلۆژیایەکەوە کە واقیع هەوا دەکات لەجیاتی ئاوەژووی هەخنەی لە بگرێت؛ بەمەش ئەقڵ دەگەڕێت بە ئامرازێک بۆ شرۆڤەکردنی باڵادەستی و دەندەیی. هەستی "مرۆڤ بیردەکاتەوە، بەڵام نێک هەمیشە بە شێوازێکی عەقڵانی" بە تەواوی لەگەڵ تێزەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرتدا دەربارەی ناعەقڵانییەت یەکدەگرێتەوە. مرۆڤ خاوەنی مەشکی مرۆڤ دەزگایەکی مەعریفییە کە توانای بیرکردنەوەی عەقڵانیی هەیە، بەڵام ئەم ئەقڵە دەکەوێتە ژێر کاریگەریی کەشکردنی ئابووری و نامۆبوونی سیستمەوە. کاتێک مرۆڤ لە نەو پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتیی چینایەتی ناعەقڵانیدا دەژی (وەک سیستمێکی سەرمایەداری کە پێشڕەنگی و پیرەزی دەداتە قازانج لەسەر حیسابی مرۆڤ)، ئەوا ئەقڵەکەی هووبووی پرسیارێکی شواندنی سیستماتیک دەبێتەوە. ئەو ئەقڵەی خۆی بە چارەسەرکردنی کێشە تەکنیکییەکان بەکاردەهێنێت، وەک بەکارهێنەربردنی خوارزمیتەکان یان دیزاینکردنی موشەکەکان، بەڵام زۆرینەی خەڵکی، لە دەخێکدا کە هزری چینی دەسەڵاتدار بەسەریدا زاڵە، لەسەر ئاستی مەڵاڵی یان مرۆیی خاوەن بیرکردنەوەیەکی ناعەقڵانین؛ چونکە لە هووی وشیارییەوە دەبنە کۆپییەک یان هەنگدانەوەیەک لە چینی بەرژوازی، پشتیوانی جەنگەکان دەکات یان دەکەونە ناو تەڵەی هەگەزپەرستییەوە؛ لەڕەدا ئەقڵ دەبێتە ئەقڵێکی ئامرازی ئامانجە مرۆییەکەی خۆی لەدەست دەدات.

پوختە: مارکس فەلسەفی ماتریالیزمی هووت نییە کە هەڵی ئەقڵ – هزر بە کەم بنرخێت، بەڵکو ئەو خاوەنی فەلسەفی ماتریالیزمی(پراکسیس). بەڵای مارکس وشیاری و بوونی مادی لە نەو پێوەندییەکی دیالەکتیکیدا(کاریگەریی دووڵایەنە) دەژین. مرۆڤ لە هەگەی گەینی جیهانی مادی بە هەکاری کارکردن، سروشت و وشیاریی خۆی دەگۆڕێت. ناعەقڵانییەتی ئەستا لە جیهانی ئەمڕماندا، بەگەڵ نییە لەسەر نەبوونی ئەقڵی مرۆیی، بەڵکو بەگەڵیە لەسەر ئەوەی کە مرۆ بابەتییەکانی سەرمایەداریی دەندە، ژینگەیەکیان داشتووە کە ئەقڵی مرۆڤ ناچار دەکات بە شێوازگەلێکی ناعەقڵانی دژی بەرژەوەندییە بوونی و مرۆییەکانی خۆی کار بکات. لە سەردەمی قەیرانەکان و جەنگ

سەختەکاندا کە سیستەمە سەرمایەدارییە هاوچەرخەکان هەیدەگیرسێنن، تاقیکردنەوەی مێژوویی و چارەنووسسازی خودی شۆشگێڕانە دەردەکەوێت؛ ئۆگەر چینی کرێکار فاقدی وشیارییەکی تیژی چینایەتی و بە ئاگاییەکی ستراتیژی بێت، و تەسلیمی بەهەشیی چەقچەق و تەوگلان لە مشتومڕە دیجیتاڵییە بەبەرەمکاندا بێت، لە ڕۆگەی پلاتفۆرمە مەجازییەکانی پەیوەندییەوە ــ ڕێک هاوشێوەی (تاقمی دەمەاستەکان لە ڕێمانی نەجیب مەحفووزدا)، کە ئەم پلاتفۆرمانە جۆگەی کۆشتییە لەنگەرگرتووەکانی سەر کەناراوەکانی ڕووباری نیل یان گرتووەتەوە ـ ئەوا ئەم دەخە تەنها ناکردن نییە لە واقیع، بەڵکو بەڕۆگەیەکی حاشاهەڵنەگر لەسەر سەرکەوتنی بەرژوازیی فەرمانڕەوا لە تێکشکاندنی ئەقڵی مرۆڤ و بە تەواوی نامۆکردنی. لەو کاتەشدا، کەمەڕۆگە ئامرازە بەرگرییەکانی خەڵی لەدەست دەدات، و لە بەردەم مێژوودا هیچ شتێک نامێنێتەوە جگە لە چاوەڕوانیکردنی ڕووداننی ئەو کارەساتە حەتمییەی کە دێتە پێش.

وشیاریی مرۆیی لە ئەفسانەی ئۆشکەوتەکەی پلاتۆندا:

لە کتێبی (کۆمار)ی ئەفلاتوندا، بە تایبەتی لە پەرتووکی حەوتم و لە چوارچێوەی "ئەفسانەی ئۆشکەوت"ە بەناوبانگەکەدا، بەپێی وەرگێڕانی عەرەبیی پەسندکراوی دکتۆر فوئاد زەکەریا ــ کە ئێم بەشە لە لاپەڕە ٣٨٣ بەدواوە دەست پێ دەکات ــ بابەتەکە لە قاڵب و شێوازی دیالۆگێکدا لە زمان سوکرات (کە بە ناوی ئەفلاتونەوە دەدوێت) و گلاوکۆن (براگەورەکەی ئەفلاتۆن)دا داڕێژراوە. لەم بەشەدا، وەرگێڕانی چەند پەرەگرافێکی جوانووسی و دەقە ڕەسەنەکانی ئەفلاتۆن (لەسەر زاری سوکرات) سەبارەت بە ئۆشکەوتەکە دەخرێنە ڕوو، کە بە تەواوی بەرجەستەی پرسی بەرتەسککردنەوەو دامالینی وشیاری دەکۆن:[دیاریکردنی دەخی زیندانییەکانی ناو ئۆشکەوتەکە: سوکرات سروشتی شوێنەکە و حاڵی مرۆڤەکانی ناو ڕوونکردنەوە دەدات بە گلاوکۆن]:" ئۆشکەوتێکی ژێر زەوی وێنا بکە، کە درێژاییەکەی بە کۆنیەکی فراوانەوە دەڕوانێتە سەر ڕووناکی. لەم ئۆشکەوتەدا مرۆڤگەلێک دەژین کە لە تەمەنی منداڵییەوە لەی نیشتەجێ بوون؛ قاچ و گەردنیان بە کۆت و زنجیر بەستراوەتەوە، بە جۆرێک کە لە جووڵە کەوتوون و هیچ بژاردەیەکیان نییە جگە لە تەماشاکردنی ئەو شتەی کە ڕاستەوخۆ دەکەوێتە بەردەم دەموچاویان (دیواری ئۆشکەوتەکە)؛ چونکە زنجیر و کۆتەکان ڕێگری دەکۆن لە چاوگەڕانیان و سووڕانی سەریان یان گەڕینی ئاراستەی ڕوانینیان. لە پشت سەریشیانەوە، لە مەودایەکی دووردا، ئاگرێک داگیرساوە کە ڕووناکییەکەی دەدرەشێتەوە" لەڕشدا سوکرات وەسفی ئەو کەسانە دەکات کە سەبارەکان دروست دەکۆن، و ڕوونی دەکاتەوە کە لە نێوان ئەم ئاگرە

داگیرساوەو زیندانییەبەستراوەکاندا، ڕەگایەکی بەرز درژ دەبێتەوە؛ وەنای بکە کە لەسەر ئەم ڕەگایە دیوارێکی کورت دروست کراوە، کە ڕەنگ هاوشێوەی ئەو بەربەستانەیە کە نمایشکارانی قەرەگەز و جووڵەنەرانی بووکە لە بەردەم خەیاندا دایدەنێن، تاوەکو لە سەر ئەو دیوارەوە بووکەکانیان نمایش بکەن.]. چەمکی ئەشکەوتی ئەفلاتونی ئەوە هێوون دەکاتەوە کە چەن مرۆڤەکان وەک دیل و بەستراوە لە ناو بیرەکە و وەهمە سەزداری و دەروونییە خودییەکانی خەیاندا دژین، و پەککەوتن لە بەئاگاهاتنەوە لە حەقیقەتی بابەتی، چونکە سەرچاوەی مەعریفەیان جووڵەی سەبەری بووکەکانی سەر دیواری ئەشکەوتەکەیە، ئەو دیوارەی بەیان بەتە پەنجەرەو شاشەک و لێیەوە لە دونیا دەڕوانن.

نامەبوونی مرۆڤ و هەڕەهاتن لە جیهانی ئاستەقینە

ڕەمانی "دەمەتەقە لەسەر نیل"ی نەجیب مەحفووز، وێنەیەکی هێوون لە نامەبوونی بوونی دەخاتە ڕوو، و مەدلولی کۆشتیی(العوّامة) لەسەر کەناراوەکانی نیل وەک هاوتایەکی بابەتی بۆ ئەشکەوتەکەی ئەفلاتون پێشکەش دەکات؛ چونکە لەم ڕەمانەدا، تاقمێک لە ڕەشنبیران و فەرمانبەران لە ناو کۆشتیێکی لەنگەرگرتووی سەر ڕووباری نیلدا کەدەبنەوە. لە ناو یاداشتنامەی ڕۆژنامەنووس "سەمارە بەهجەت"ەوە هاتووە:{ئەنیس زەکی حاڕەتێکی چارەسەرنەکراوە لە نامەبوونی دەروونی و بوونی. ئەو گوزارشت لە داڕووخانی تەواوی سیستمی بەهاکان دەکات؛ کەسێک کە بۆ جێستە لە ئێستادا دژی، بەڕام ئەقڵ و هزرەکەی بۆ سەردەمی دوورەکانی مێژووی فیرعەونەکان و پاشاکان هەڵهاتووە، وەک بەڕی بەدوای شکڵێکی ونبووەدا دەگەڕێت تا بەدەستهێناتی واقیعی ڕۆژانەی پێ دابپێشێت. ئەوەی لە ئەنیسدا ترسناکە ئەوەیە کە ئەو نەزان نییە، بەڵکو ڕەشنبیرێکی تێکشکاوە. خاوەنی وشیارییەکی تیژە کە وای لەدەکات قەبارەی ئەو کارەساتی دەوروبەری درک پێ بکات، بەڵام وشیارییەکی ئیفلیجە و توانای کردەوەی نییە. شیکارییەکەم بۆ ئەو، من دەگەیەنێتە تەنها یەک حەتمییەت: ئەنیس زەکی تەنها قوربانیی خودی خۆی نییە، بەڵکو قوربانیی قۆناغێکی مێژووییە تەواوە کە قیبلەنومای خۆی ون کردووە، و گەورەترین ترسم ئەوەیە کە ئەم کەمەگەیە بە زللەیاکی بەئازار بەئاگا بێتەوە تا درک بەوە بکات کە بەهەشیێکی ئەنیس تەنها سەرەتایەک بوو بۆ کەتایی… هەندێک جار وا بەم دەردەکەوێت کە ئەو نیوە شێت یان نیوە مردووە؛ کەسێک کە سەرکەوتوو بووە لەوەی بۆ تەواوی ئەو شتە لەبیر بکات کە لەی هادکات، تەنانەت خۆی لەبیرچووەتەوە. .. کامەیان بۆ خاوەنکەی بەبەزەییترە نیوە شێتییەک کە لە وشیارییەکەی دەپارێزێت، یان نیوە مردنێک کە لە

هەستەکانی بەبەری دەکات؟ ئەمە گوزارشت لە ڕاکردنی نەرێنی دەکات لە پەڕگیریی دەرکەوتەکانیدا، بە جۆرێک کە ڕزگاربوونی تاکەکەسی دەبێتە ئامانج، تەنانەت ئەگەر باجەکەشی دەستبەرداربوون بێت لە مرۆڤبوون و ژیانکردن وەک سەبەری مرۆڤێک.}.

لە نێو عەوامەکەی مەحفوزدا تاقمێک لە ڕەشنبیران وفەرمانبەرانن هەن، کە شێوە ڕەژ حەشیش دەکێشن، وتەوەگلاون لە چەنەبازی پووچ و مشتومڕی بەهوودە؛ ئەمەش بە مەبەستی ڕزگاربوون وڕاکردن لە تاڵیی واقیع، وئەو قەیرانە سیاسییانەی لە جیهانی دەرەوەدا دەوریان داون. کەشتییەکە (العوّامة) بووەتە هاوشێوەیەکی وردی ئەشکەوتی ئەفلاتون؛ چونکە پانتاییەکی جوگرافی داخراو وتاریکە کە مرۆڤکان وەک زیندانی تێیدا نیشتەجێ بوون ونامەبوو. دووکەڵی حەشیشەکە وئەو گفتوگۆ سەرپێیی وبێ بەرهەمانە لە ناو کەشتییەکەدا دەگوزەرێن، دەبنە هاوتای بابەتیی ئەو سەبەرە ساختانەی کە لەسەر دیواری ئەشکەوتەکەی پلاتۆن ڕەنگ دەدەنەوە. بەهەی سەکردن وبەهەشکردنی سیستماتیکەوە، کارەکتەرەکان لە واقیعی ڕاستەقینەی خۆیان دابڕاون و لە ترس وهەراس وگریمانەیی وەک تەنها حەقیقەتی بوون دەبینن. ئەم دژایەتییە لە کۆتایی ڕەمانەکەدا دەردەکەوێت؛ کاتێک بە ئەتەمبەلەکیان لە ڕەبوارێک دەدەن ودەبنە هەی گیان لەدەستدانی مرۆڤێک. یەکێک لە کارەکتەرەکان (ئەنیەس) هەوە دەدات کەت وزنجیرەکانی ئەشکەوتەکە بشکێنێت وبچێتە لای پلیس بۆ دانپێدانانی تاوانەکە، وەک هەنگاوێک بەرەو گەڕانەوەی وشیاری ووبوونەوەی واقیعی مادیی بەرجەستە. بەڵام تاقمە چەنەبازەکەی باقی ناو کەشتییەکەدا ڕەگریی لە دەکەن، و بە گاڵتەجاری ونکۆڵیکردن ڕووبەڕووی دەبنەوە؛ ئەمەش هاوشێوەکارییەکی تەواوە بۆ ئەوەی چەن زیندانییەکانی ئەشکەوتەکەی ئەفلاتۆن ڕووبەڕووی ئەو هاوڕێیان بوونەوە کە ڕزگاری ببوو وگەڕابوونەوە بۆ لایان لە کاتێکدا تیشکی حەقیقەت ومژدەی بۆئاگاهاتنەوەی پێ بوو.

فەزای دیجیتاڵی لەمەدا، کە لە تەڕە کەمەایەتییەکان، شاشەی مۆبایلەکان و ئەپێکێشنەکانی وەک پلاتفۆرمی تیک تۆکدا خۆی دەبینێتەوە، بووەتە ئەو فەزایە تەنگ و داخراوەی کە تێیدا خوارزمیتەکان (ئەلگۆریتمەکان) ئاراستەی زمان و بیرکردنەوەمان دەکەن، تاوەکو بە وردی وەک "ئەشکەوتی ئەفلاتۆنی" و "عەوامەکەی نەجیب مەحفووز" کار بکات؛ لە جیاتی کەشانی حەشیشی مادی لە ناو کەشتییەکەی نەجیب مەحفووزدا لەسەر کە ناراوەکانی ڕووباری نیل، زەربەی جەماوەر لەمەدا حەشیشی دیجیتاڵیی مەجازی دەکێشن. لەم جیهانە هاوچەرخەدا، دەسەڵاتی باڵادەست پەنا نابات بەر سەرکوتکردنی خەڵک بە هێزی چەکی ڕووت، بەڵکو دەرمانێکی دەستکردیان

پشکش دکات کە لەم فەزا دیجیتاییە گشتگیرەدا بەرجەستە دەبێت؛ ئەم دەرمانش وەک مادەیەکی هۆشبەر کار دەکات کە دەخۆشیەکی ساختەیان پێ دەبەخشێت و وشیاریان بە تەواوی لە زەوت دەکات. لەرەدا، مرۆڤەکان بە ویست و خواستی خۆیان کەتوزنجیرەکانی کۆیلایەتیی خۆیان قبوڵ دەکەن؛ چونکە سیستمی سەرمایەداری سەرکەوتوو بووە لە هەشبەرکردنی وشیاریی گشتیی ئوماڵ، ئەمش لە ڕێگەی میکانیزمەکانی کات بەسەربردن، بەکاربردن و پیشەسازیی چەژی بەردەوامەوە. کۆیلەکردن و نامەکردنی مرۆڤ لەمەدا، لە ڕێگەی شاردنەوەی زانیاری و ڕێگریکردن لە مەعریفە ئەنجام نادرێت (کە میکانیزمی قەدەغەکردنی تەتالیتاریی وەک چۆن جۆرج ئۆروێل لە ڕۆمانی ١٩٨٤دا وێنای کردووە)، بەڵکو ڕێک بە پێچەوانەوە، لە ڕێگەی نوقمکردنی وشیاریی و دەبەت لە ناو لافاوێکی خنکێنەر لە زانیاریی پووچ، بێناوەڕێک و کات بەسەربردنی بێکۆتاییدا. لەم چوارچێوەیەدا، قیدیەکانی تیک تۆک و کورتە بڕگە بینراوەکان (شۆرتس/ ڕیڵز) وەک هەشبەرێکی کارکردەیی ناوازە کار دەکەن؛ چونکە بە بەردەوامی دەپامین دەژەنن ناو مێشکی جەماوەری چەوساوەوە، تاوەکو کات و توانای بیرکردنەوەی ڕەخنەیی قووڵ و وشیاریی ئامانجدارو ڕزگاریخوازانەیان لە زەوت بکەن.
بە پێچەوانەی ئێشکەوتەکەی ئەفلاتۆن کە تێیدا مرۆڤەکان بە زنجیرەملە و بە کۆتوزنجیر زیندانی دەکرێن، "کۆشتیەکەی نەجیب مەحفووز" گوزارشت لە ئێشکەوتێکی ئارزوومەندانە دەکات کە ڕۆشنبیران و فەرمانبەرانی شەکەت لە بژێویی ژیانیاندا، بەی ئادەکەن. کۆشتیەکە (العوّامة) فەزایەکی جوگرافیی دابەاو و لەسەر ئاوەکەیە، کە لە شوێنی خۆیدا بەند کراوە و لەنگەری گرتووە؛ ئەمش لە ڕووی فیکریەوە هەمایە بە چەقبەستوویی مێژوویی و پەککەوتن لە کردەوەو گۆڕانکاریدا. ڕێک وەک چۆن سیستمی سەرمایەداریی هاوچەرخ تەنها بە بەرهەمهێنانی کاڵاکانەوە ناوەستێت، بەڵکو میکانیزمەکانی نەزانیی دیجیتاڵی و ڕووکەشکردنی مەعریفیی سیستماتیک سەرلەنوێ بەرهەم دەهێنێتەوە ـ لە ڕێگەی فەزای مەجازی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە، بەو شێوازەی کە لە عەوامەکەی نەجیب مەحفووزدا بەرجەستەمان کرد، بە هەمان شێوە و بە هەمان قەبارەش بەربەستی پەکخاتەیی دەخوقڵێنێت کە ڕێگری دەکەن لە گۆڕانی مەینەتییە مادییەکانی ڕۆژانەی جەماوەر بە وشیاریەکی سیاسی و سۆشیالیستیی ڕێکخراو.
ئاگەر بە مارکس نووسرابایە کە لە ساڵی ٢٠٢٦دا بژی، تووشی سەرسوڕمانێکی بێپایان دەبوو؛ ئەمش بەهۆی بینینی ئاوەی کە چۆن سیستمی سەرمایەداری، لە ڕێگەی بەکارهێنانی بازدانە تەکنەلۆژییە ئەجگار پێشکەوتووەکانەوە، سەرکەوتوو بووە لە سەرلەنوێ

بەرهەمهێنانەوەی شۆڕشگێڕی قووڵترو ترسناکتری بادەستی و زۆرتکردنی وشیاریی گشتی. مارکس لە سەردەمی خۆیدا جەختی لەسەر هێزوشاندنەوەی میکانیزمەکانی چەوساندنەوەو نامێبوونی دەکردەوە کە کرێکار لە ناو کارگە کلاسیکییەکاندا هێزبووە؛ بەڵام بە ئەمڕۆ، بگومان سەرمایەداریی هاوچەرخ بووەتە سیستمێک بە داگیرکردنی وشیاری و دەستبەسەرداگرتنی سەرنجی مرۆڤ. خوارزمیتەکانی تیک تۆک و ئینستاگرام لە هێواندگەی مارکسەوە تەنها ئامرازێکی بەتاوان بە کات بەسەربردن و کۆیفسازی نەدەبوون، بەڵکو وەک کارگەی زەبەلاح دەبینران بە سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی پەرستنی کاڵای دیجیتاڵی. لەم ئۆشکۆت و عەوامە نوێیە (شاشەی مۆبایل)، مرۆڤکان بە کۆتوزنجیری ئاسنینی زەرەملە بەند نەکراون، بەڵکو لە هێگەی میکانیزمەکانی لایک (سەرسامبوون)و ڕژانی دەستبەجێی دۆپامینەوە، خۆبەخشانە بوونەتە ئەسیرو نامە بوون. بە دنیاییەوە، مارکس خۆی تەرخان دەکرد بە دەزینەوەی هێگاو پراکتیک کە گەرەنتیی گەیینی ئەم کاڵا دیجیتاڵییە، کە لە شاشەی مۆبایلدا کورتبووەتەوە، بە چەکەک لە دەستی چینی کرێکاردا بە هووبەووبوونەوەی سیستمی سەرمایەداریی دەندە.

نووسینی: ئەکرەم سەعید

پەراوێز:

١/ ئەم وتارە بە زمانی عەرەبی (الوعي البشري: من أسطورة الكهف الأفلاطوني إلى الفضاء الرقمي المعاصر – أكرم سعيد) لە ماڵپەڕی (الحوار المتمدن) لە بەرواری ٢٠٢٦ / ٩ / ٢٠ دا، باڵوکراوەتەوە.

٢/ کاتێ ئەم وتارەم ووەگەڕایەوە سەر زمانی کوردی، دەستکاری هەندێ بەگەیم کردووە، و هەندێ بەگەم لابردووە، بەتایبەتی پەڕەگرافەکانی (پەڕی ئەندرسەن و ئیرەجی ئازەرین)م لابردووە. بەهۆی ئەوەی دووبارە نەبێتەوە، چونکە لە وتاری(هێزی هزر – پەڕی ئەندرسەن) کە لە بەرواری ١٨-١١-٢٠٢٥ باڵوکراوەتەوە، ئەو دوو پەڕەگرافە لە دەقەکەدا.

٣/ وشیاریی چینایەتی بە شێوەیەکی خەرسک و ئۆتۆماتیکیی بەهۆی قەیرانی ئابووری و برسێیەتی گشتە ناکات، وەک چۆن هێوتی ئابووریگەرایی لە مشتومڕەکانیدا دژی تێزەکانی لێنین وا تێگەیشتبوو؛ بەڵکو وشیاری پێویستییەکی حەتمیی بە هەزکی پاڵنەری هێکخراوەیی و پشتێنگ هەیە (کە لە پارتی پشتێنگ و سەندیکا سۆشیالیستەکاندا بەرجەستە دەبێت)، ئەم هەزە پاڵنەرە سیاسییەیە

تاقە زامنە بە سەرلەنوێ داشتنەوەی "بیرکە کارا و بزوێنەرەکان" و گەیشتن بە هزرێکی مادیی کارا کە توانای ئابووریکردنی وەرچەرخانی مێژوویی هەبێت.
٤/ مەرجی بابەتی فەراهەم و بەردەستە خۆی لە دۆخی قەیرانی ئابووری و جەنگەکاندا دەبینێتەوە. بۆچوونی تەواوینەری مارکسی، سیستمی سەرمایەداری بە ناو قەیرانە خولییەکانی خۆیدا تێپەڕ دەبێت، کە ئاوانیش بە سروشتی خۆیان ژینگەیەکی گرژو تەنگەژاو (جەنگ و هەژاری) دەخولقێنن؛ ئەم مەرجەش لە واقیعی هاوچەرخدا بە تەواوی هەیە و بەرجەستەیە، بەڵام مەرجی خودی کە بریتییە لە وشیاریی چینایەتی لای ئەنجامدەران و ئامادەیی هەڵە سۆشیالیستەکان، لاوازو ئامادە نییە.
٥/ بە زیاتر خوێندنەوەی فەلسەفەی ماتریالیزمی مێژوویی و پراکسیسی مارکس، سوود لە هەردوو کتێبەکانی وەک «خەزانەی پیرەز» و «ئایدەلۆژیای ئەڵمانی» وەرگیراوە.
٦/ دیالەکتیکی بەبەانووی تیۆری و پراکسیس- ڕەخنەیەک لە دۆگماتیزمی مەعریفی: لە پێناسەی گۆشەسەندنی فیکری و مێژووییدا، پەیوەندی نێوان کاری تیۆری و پراکسیس وەک پێناسەیەکی دیالەکتیکیی بەردەوام، داینەمیکی و هەمیشە نوێبوونەوە وێنا دەکرێت. لەم سەنگەیەوە، مەعریفەی ڕەخنەیی (بەتایبەت لە چوارچێوەی فیکری سۆسیالیستیدا) ناتوانێت لە خاڵەکی مێژووییدا بوەستێت یان بانگەشەی "تەواوبوون" و کەنارگیربوونی مەعریفی بکات. بە گوزارشتە فەلسەفییەکە، کاتێک تیۆری لەگەڵ جڤزنی بەردەوامی ژیان و کاردا یەکدەگرێت، هاوکێشە کلاسیکییەکەی گەتە ڕەتدەکاتەوە و دەسەلمێنێت کە "درەختی ژیانی مەعریفە و کار هەمیشە سەوزە" و هەرگیز خەمڵینی کۆتایی بەخۆیەوە نابینێت.
لەرەوە، هەر گوتارێکی سیاسی یان فیکری کە پێی وابێت کاری تیۆری پێژەیەکی جگیرە و لە قۆناغێکی دیاریکراودا "تەواو بووە"، دووچاری دۆگماتیزمێکی میکانیکی بووەتەوە. ئەم جۆرە ڕەوانبێژییە تەنها لەو دیدگا کەمکۆنانەوە سەرچاوە دەگرێت کە ناتوانن لە ڕاستی پێکهاتەی بەستراوی ئۆرگانیکی نێوان تیۆری و پراکتیک لە مێژوودا تێبگەن. مێژوو لە گۆڕانی بەردەوامدایە، شێوازەکانی بەرهەمهێنان و ململانێی چینایەتی فۆرمی نوێ وەردەگرن، بەبێ ململانێی کەمایەتییەکان بەردەوام پرسیاری نوێ دەهێننە ئاراوە؛ ئەمەش وا دەکات کاری تیۆری نەبێتە دۆگمێکی پیرۆز نەگۆڕ، بەڵکو ببێتە ئامرازێکی زیندووی هاوشانی پراکسیس بۆ تێگەیشتن و گۆڕینی واقیع. بەبێ، ڕەتکردنەوەی سنووردارکردنی کاتی بۆ کاری تیۆری، بنەمای هەر فیکرێکی ڕادیکاڵ وشکڵگرتن کە دەیەوێت لەگەڵ ساتی مێژووییدا

هاوچەرخ بەنەتەوە.

چەمکەك لەژیان و تەکۆشانی ئەمین برووسك.. نووسینی/ محمد علی الصویركی الكردی.. وەرگێڕانی/ ئاکۆ عەبدوڵا

ئەم كورتەیەكە لە ژیانی تەکۆشەری كورد ئەمین برووسك كە لە سوپای عوسمانی ئەفسەر بووە و لە جەنگی یەكەمی جیهانیش لە دژی وڵاتە هاوپەیمانەكان وەك بەرگریكار لە وڵاتەكەی بەشداریكردووە. لەبەر ئازایەتی و ڕێی جوامێرانەی لە شەڕكانیدا نازناوی (برووسك) ی پێبەخشراوە. دوای شكستی تورکیاش لە جەنگی یەكەمی جیهانی، چەتە پاڵ مستەفا كەمال (ئەتاتورکی دواتر) و شانبەشانی ئەو لە جەنگی سەربەخۆییدا دژی هاوپەیمانان جەنگاوە كە ئەوسا ئەوان باشووری تورکیایان داگیرکردبوو، تا توانییان ناوچەكە ئازاد بكەنەوە. دوای ئەوەی دەخەكەش سەقامگیر بوو، مستەفا كەمال بەیاری هەوەشاندنەوەی خەلافەتی ئیسلامی و لە شوێنیشیدا دامەزراندنی كەماری عەلمانی تورکیای ڕاگەیاند. ئەمەو نكۆی لە مافەكانی كوردیش كرد، بەیە ئەمین برووسك ناچار بوو بچێتە پاڵ ڕێزەكانی ئەو شەڕەی كە لە دیاربەكر لەلایەن شێخ سەعید پیرانەوە لە دژی دەوڵەتی نوێ هەڵگیرسابوو. بەڵام شەڕەكە نەیتوانی بەئامانجەكانی بگات و بە لەسێدارەدانی سەرکردەكانی لە گۆڕپانەكانی دیاربەكر و هەڵهاتنی هەندێكیان بۆ وڵاتانی دراوسێ، كۆتاییهات. یەكێك لەوانەش ئەمین برووسك بوو كە بە نهێنی لەناوان ئێران و عێراق و سوریا دەهات و دەچوو تابەیەكجاری لەرۆژهەڵاتی ئوردن نیشتەجێ بوو.

ژیاننامە:
ئەمین برووسك لە كۆتایی سەدەی نۆزدە لە شاری ئەرزەرۆم، كە شارێكە لە باکوری كوردستان هاتە دنیا. سەر بە هۆزی ناسراوی (زرگان) ی كوردە. هەر لەو شوێنە خوێندی و پلەیی، لە ژینگەیەكی ئایینیدا كە

سەفی نەقشبەندی بوو. مەلا یوسف نەقشبەندی باپیری سەر بەو رێچکەیە بوو و قوتابخانەیەکی ئایینی هەبوو کە تێیدا زانستەکانی قورئانی پیرۆز و فەرموودەی دەوتەوە. ئەو ژینگە ئایینییە کاریگەری لەسەر بیرکردنەوە و ژیانی دواتری برووسك هەبوو.
دوای تەواوکردنی خوێندن، لە ئەکادیمیای سەربازی ئەستەنبوڵ، ناوی خۆی تۆمار کرد. لەوێدا لەبەرامبەر قوتابییە عەرەب و تورک و کوردەکان، بەهرەمەندی ناوازەی نیشان دا و بە پلەی یەکەمیش دەرچوو. دواتر وەک ئەفسەر لە سوپای ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، لە بەرەی جەراوجەرەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی ئازایەتیەکانی، پلە بەرزکردنەوەی بەهاوتای پێبەخشرا و نازناوی (برووسك) یشی پێدرا، کە ئەو نازناوە بووە بە بەشێک لە ناوەکەی. لەکۆتایی سەردەمی عوسمانیشدا کرا بە بەڕێوەبەری نوسینگەی هەواڵگری ڕۆژهەڵاتی نزیک لە تاران.

بەشداریکردن لە جەنگی سەربەخۆیی:

دوای شکستی تورکیا لەبەرامبەر هاوپەیمانان لە ساڵی 1918 و داگیرکردنی بەشێکی زۆری ئەو وڵاتە، مستەفا کەمالی ئەفسەر (دامەزرێنەری تورکیای نوێ) کاریکرد بۆ یەکخستنی ریزەکانی تورک و کورد بۆ ئەوەی وڵاتەکەی لە داگیرکاری ڕزگار بکات. بۆیە بەدوای ئەو ئەفسەرە تورک و کوردانە گەڕا کە لەبەر ئازایەتییان پایەی بەرزییان بەدەستهێنابوو و لەدەوری خۆی کۆیکردنەوە. لە نۆیاندا ئەمین برووسك هەبوو کە لە نووسینگەی سەربازی کاری دەکرد و دواتریش بوو بە یەکێک لەپاسەوانە سەربازییەکانی ئەو.
مستەفا کەمال بە بەکارهێنانی ئەو سەزە ئایینییەی کە هەردوو گەلی کورد و تورکی بەیەك دەبەستەوە، توانی گەل یەکبخات. بۆنی ئازادی و سەربەخۆیشی بۆ کورد دا، دوای گەیشتن بە سەرکەوتن. دەستی ڕاستی لەسەر قورئانی پیرۆز و دەستی چەپیشی لەسەر سەحیحی بوخاری دانا و سوێندی پێ خواردن. بەوەش کورد متمانەی پێکرد و بەتۆاوی قورسایی خۆی خستە تەکی و شانبەشانی ئەویش لە دژی هێزە یەنانی و ئینگلیزی و فەرەنسییەکانی هاوپەیمانان جەنگان. ئەوسا سەرکردە تورکەکانی هاوشێوەی مستەفا کەمال و عیسمەت ئینۆنۆ و فەتحی بەگ و حوسێین بەگ عەونی، ڕۆڵی بەرچاوی کوردیان لە ڕزگارکردنی تورکیادا بەرز نرخاند. ئەوەی دوایی لە وتارێکدا لە ئەنجومەنی گەورەی نیشتمانیی تورکی ڕایانگەیاند : " لەسەر ئەم سەکۆیە مافی قسەکردن هی هەردوو نەتەوەی تورک و کوردە". ئەمەو وەزیری بەرگری تورکیش، لە وتارێکدا

لەسەر گۆی سەربازی ون وتی : "ئۆگۆری زۆرێ ئەم سەربازە کورد بێت".
بەکورتی کورد بە ئەمین برووسکەوە دژی سوپای یەنانی بەشداریان لە جەنگی سەربەخۆیی کرد کە بە هەرشی گوورە ناسراوە و لە ئەنجامدا سوپای یەنانی دووچاری شکستی گەورە بوو و نزیکەی 12 هەزار سەربازی کوژرا.

ڕاپەڕینی شێخ سەعید، ساڵی 1925:

دوای ئاوەی مستەفا کەمال وەاتەکەی ڕزگار کرد و دەوڵەتی تورکیای نوێی بەئاراستەی عەلمانی و ڕۆژئاوایی ڕاگەیاند، پەیوەندی وەاتەکەی لەگەڵ ئیسلام و کەلەپورەکەی پچڕاند و خەلافەتی ئیسلامیشی هەڵوەشاندەوە. ئەمەو نکۆڵی لەمافەکانی کوردیش کرد. کاردانەوەی ئەم گەلانە مەترسیدارەدا لای کورد زۆر تووند بوو. ئەوە بوو لە 7 ی ئازاری 1925 شێخ سەعیدی پیران دژی مستەفا کەمال ڕاپەڕی و زۆرێک لە لایەنگرە کوردەکانی لە دەوری گردبوونەوە. ئەمین برووسکیش مەبەستی لە کارەکەی وەرگرت و پەیوەندی بە ڕێزەکانی شۆڕشگێڕان کرد. ئەوسا ئەتاتورک بەبڕیارنە ڕاپەڕینەکەی سەرکوتکرد و سەرکردەکانیشی کە لە نزیکەوە شێخ سەعیدی سەرکردە هەبوو لە گەڵ پانکانی دیاربەکر هەڵواسی. ئەمەو ئەتاتورک زنجیرەیەک هۆشوونی بە لەباربردنی خواستەکانی گەلی کورد گرتەبەر، لەوانە قەدەغەکردنی ئاخافتن بەزمانی کوردی و نکۆڵی کردن لە بوونی کورد و ناوبردنیان بە (تورکی چیایی) و قەدەغەکردنی پێشینی جلی نەتەوەیی و قسەکردن بە زمانی خەیان و تەنانەت ناونانی منداڵەکانیشیان بەناوی کوردی.
بەم شێوەیە ئەتاتورک پشتی لە کورد کرد و لە بەڵێنەکانی پێشووی لە پەدانی ئەتەنەمی بە کورد، پاشگەز بووە، وەک چۆن ساڵی 1923 لەشاری ئیزمیت بەڵێنی دابوو (ئەو بەڵگەنامەیە ساڵی 1988 لە گۆڤارێکی تورکیدا خراوو) کە تێیدا مستەفا کەمال دووپاتی کردبوو ئەنجومەنی گەورەی نیشتمانی لە هەردوو گەلی تورک و کورد پێکدێت و پەویستیش لەو ناوچانەی کە ڕژەی بەرچاویی دانیشتوانەکەی کورده، ئەتەنەمیان پێ بدرێت.
ئەوسا بە ئەو بارە سەختەی کورد جۆهیر لال نەهرۆی سەرکردەی گەورەی هیند دەنگی هەبڕی و گوتی: "تورک رووی لە پانکردنەوەی کورد کردووە کە ئەوان لەلای خەیانەوە هاوڵی بەدەستهێنانی ئازادی دەدەن، سەیرە نەتەوەیەک کە بەرگری لە خۆی دەکات، ببێتە دەستدرێژکار و خەباتیش بە ئازاد بگەڵێ بە خەبات بە هەژموون بەسەر ئەوانی

دیکەدا".

پەنابردن بەرەو ئێران:
ئەمین بروسكی توانی لە پەتی سەدارە ڕزگاری بێت و بگەڕێتەوە ئێران رابکات. لەوێدا لە ڕێگەی هاوکاری دەستێکی ئێرانی کە کوردێکی فەیلی بوو لە ماوەی کارکردنی لە تاران ناسیبووی، ناسنامەی کەسێکی موزیکژەنی بەرجەستە کرد .. دوای ساڵ و نیوێک لە ئێران، لایەن دەسەڵاتدارانی ئێرانی ناسنامە داستێنەکەی ئاشکرا کرا. ئەوسا (ڕەزا پەهلەوی) شای ئێرانی بانگهێشتی کرد و لەبارەی ژمارەی کورد پرسیاری لێکرد. بروسکیش وەڵامی داوە و وتی : "نزیکەی یەک ملیۆن کورد لە ئێراندا دەژین لەناویشیاندا ئێندامانی بنەماڵەی پەهلەویەکەی تۆش (ئەمم بێ پشتە است نەکراوەتوە)". بەو قسەیە شا درکی بە مەترسی قسەکەی کرد و فەرمانی پێکرد دەستبەجێ وەاتەکەی جێبەجێت. بروسکیش بگەڕێتەوە موسڵ لە باکووری عێراق بۆکەوت. لەوێشدا نزیکەی ساڵ و نیوێک مایەوە. لەو ماوەیەش چەندان پەیوەندی لەگەڵ ناسیۆنالیستە کوردەکانی تورکیادا کرد و هانیدان سیخوڕ و نەکەرەکان بکوژن.

پیلانی تیرۆرکردنی مستەفا کەمال:
ساڵی 1928 یان 1929 ئەمین بروسك موسڵی جێهێشت و بگەڕێتەوە دیمەشق چوو. لەوێ پیلانی تیرۆرکردنی مستەفا کەمالی داڕشت. بۆ پێنجا لیرەی زێڕ تەکسییەکی بۆکرێ گرت تا گەیشتە ئستەنبوڵ. لەوێدا بەنهێنی پەیوەندی لەگەڵ ئەو سەربازانە کرد کە پاسەوانی ئەتاتورک بوون و زۆربەشیان کورد بوون کە هەر خۆی پێشتر، لەو کاتەی یاوەری سەربازی ئەتاتورک بوو بۆ پاسەوانیکردنی دیاریکردبوون. ئەوانیش بەمبەکی دانراویان لە بارگاکەی ئەتاتورک دانا، بۆ ئەوەی لە کاتژمێر چواری پاشنیوەڕۆ، ئەو کاتەی کە چاوەڕوان دەکرا ئاتاتورک لەوێ ئامادەبێت، بتەقێتەوە. بەڵام لەبەر ئەوەی لەکاتی دیاریکراو نەگەیشت بۆیە لە هەوڵی تیرۆرکردنەکە ڕزگاری بوو. ئەوسا دەسەڵاتدارانی تورکی لێکۆڵینەوەیان لە ڕووداوەکە کرد و دەرکەوت ئەمین بروسك لە پشتیەتی و پاداشتی چوار سەد لیرەی زێڕیان دیاری کرد بۆ گرتنی، جا بەمردوویی بێت یان بەزیندوویی.
ئەمین بروسك توانی بە سەلامەتی لە تورکیا بگەڕێتەوە دیمەشق. تا ڕۆژێك لە بەرزاییەکانی جەلان لەلایەن گروپێکی سەربازی فەرەنسی دەگیرێ و ڕادەستی دەسەڵاتدارانی تورکیا دەکرێ. لەوێدا لەبەردەم جەماوەری زۆر کە نزیکەی دوو هەزار کەس دەبوو، دادگایی دەکرێ و سزای لەسێدارەدانی بۆ دەرچێ و دەخرێتە زیندانی ئانادۆ، بەڵام

دوای نزیکەی چوار مانگ، بەرەوبەری زیندانەکە بەهەی ئەوەی پێشتر پەیوەندی دەستانەی لەگەڵیدا هەبوو بەیە ئاسانکاری بە هەڵهاتنی دەکات. ئەوەبوو بە جاری دووەم بڕیو ئەران ڕێشتەوە و دواتریش پەنای بە عێراق و پاشان سوریا برد، تا دواجار لە ئوردن ئاقرەی گرت.

پەنابەری لە ئوردن:
لە دەوروبەری ساڵی 1936 ئەمین بروسك چوونە ئوردن. سەرەتا لە شاری ئەربد کە لە باکووری ئوردنە نیشتەجێ بوو. لەوێ ناوی خۆی کردە شێخ ئەحمەد ئالتورکی و لایەک لە مزگەوتێ کەنەکانیش وانەی ئایینی خوێند. دواتر ڕووی لە عەممان کرد و لەوێ بە ناوی ڕاستقینەی خۆی ناسرا. ڕەنگە لەبەر ئەوە بێت چونکە مستەفا کەمال ئەتاتورک مرد بوو. هەروەها دۆنیاش بوو چیتر دەسەڵاتدارانی تورکیا بەدوایدا ناگەڕێن.
لە کاتی جەنگی دووەمی جیهانی، زۆر لە ڕۆشنبیرانی عەرەب و موسڵمانان لەبەر ڕق و کینەیان بە بەریتانیا و فەرەنسا، کە لەو کات دوژمنی کۆنی جیهانی عەرەبی و ئیسلامی بوون، بەیە لایەنگری وڵاتانی ناوەند (ئەڵمانیا و ئیتاڵیا) یان کرد. لە نێویانیشدا ئەمین بروسك دەبینرا کە لەو بوارە پەیوەندی سیاسی لەگەڵیاندا هەبوو. هیواشی دەخواست ئاگەر وڵاتانی ناوەند سەرکەوتووبن، ئەوا خەلافەتی ئیسلامی بە شکڵەندی پێشووی خۆی دەگەڕێتەوە، ئەوەش ئەو قسە بوو کە ئەڵمانیا پاگەندەی بە دەکرد.
دەسەڵاتدارانی بەریتانیا کە ئوردن یەکێك لەداگیرگەکانیان بوو، ئەوسا هەستیان بە مەترسی بوونی چەندین ڕۆشنبیری ناسیۆنالیست کرد کە هەواداری وڵاتانی ناوەند بوون، بۆیە ڕاپێچی زیندانی ئەلمەحەتەی شاری عەممانیان کردن.
لەرد کارنتن کە ئەفسەری هەواگری تایبەت بە کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو، داوای کرد چاوی بە ئەمین بروسك بکەوێت کە دەستایەتی لەمڕۆژینەی لەگەڵدا هەبوو. ئەوەبوو لە نوانیاندا ئەو گفتوگۆیە ڕوویدا:
لەرد کارنتن: "هاتووم لە دوو بابەت ئاگادارت بکەمەوە کە حکومەتی بەریتانیا خستەیەتە بەردەمت. یەکەمیام هاوکاری کردن لەگەڵ بەریتانیا و وڵاتانی هاوپەیمان. بژاردەی دووەمیش دەستگیرکردن و زیندانیکردنت. جا هاوکەم کامیانت هەدەبژێری؟"
ئەمین بروسك وڵامیداوە: "ڕاستە ئەمە هاوکەین، بەڵام مەبدەئمان جیاوازە، من لەگەڵ وڵاتانی ناوەند دوەستم بە گەلانەوەی خەلافەتی ئیسلامی بە شکڵی پێشووی".

لەبەر ئەوە بوو دەسەڵاتدارانی بەریتانی فەرمانی زیندانیکردنیاندا و وەک زیندانییەکی سیاسی لە زیندانی ئەلمەحەتای عەممان هەشتییانەوە. ژووری تایبەت و چەشتخانە و ژەمی تایبەت و ئەتەمبەلکیشیان بۆ دابین کرد تا بەهۆیەوە ناوبەناو بۆ گەشت دەرەوە. لە ماوەی زیندانیشدا لەگەڵ زەرەک لە کەسایەتییە سیاسییەکانی ئوردن ئاشنا بوو. بەو جۆرە نزیکەی پێنج ساڵ لە 1941 تا 1945 لەوێ ماوە.
دوای ئازادبوونی، لەلای مامۆستا (حەسەن ئەلبەرقاوی) وانەی زمانی عەرەبی خوێندنەوە و نووسین شارەزا بوو. (عەلی ئەلکوردی) یش کە کوردێکی خەڵکی عەممان بوو، لە هەتەلەکەیدا (هەتەلی مەلیک غازی) ژوورێکی تایبەتی پێدا، وەک ڕێزگرتنیش لەم میوانە خۆشەویستە، بۆ ماوەی پێنج ساڵ خەرجییەکانی گرتەئەستۆ.

دیالۆگێک کە بۆ دەستایەتی گۆڕا:
لەو ماوەیە ئەمین بروسك باباتی بۆ ڕۆژنامەکانی ئوردن دەنووسنی، یەکێک لەوانەی بۆ ناوی (گۆڕانەوە بەرەو ڕۆژهەڵات) بۆاوکردەوە. بەهۆی ناوەڕۆکەکەی دەسەڵاتدارانی تورکیا لای حکومەتی ئوردن ناڕازایەتییان دەربڕی. شازادەی ئەوسا (عەبدوڵا بن حسەن) بۆ دیوانی پاشایەتی بانگی کرد. کاتێک بروسك گەیشتە دەربار، دەستی درێژ کرد تا تەقەی لەگەڵدا بکات بەڵام شازادە ڕێگیرکردەوە و بەتوڕەییەوە وتی: ئەمین، تۆ کە لە خاکی ئەمە دانیشتوویت، پێویستە ڕێز لە مافی میوانداری بگرێت، دەتەوێت بە نووسینەکانت زیان بە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ تورکیا بگەیەنیت، یان ئەم وەڵامەت بۆجۆدەهێیت؟
بروسك لە وەڵامدا وتی: "پاش مەڵەتی گەورەم، تۆ پێم دەڵێیت ئەم وەڵاتە هی من نییە؟ ئەم خاکە هی منە، چونکە بەشکە لە وەڵاتی موسوڵمانان، کە تایبەتمەندییەکانی بە لام درێژدەبێتەوە. بەڵام بەپێی پەیمانی لۆزان، خاکی ئوردن. سەبارەت بە تورکیاش وەك وەڵاتێکی دەستی ئەوە کە من ڕەخنەی لێدەگرم، جیاوازی هەیە لە نێوان ئەمە و ئەوەدا. ئەو شێتان لەگەڵ ئەوان کرد کاتێک ئەوان موسوڵمان بوون، ئەمەش شێمان لەگەڵ کردن کە ئەوان هەگەانەوە". شازادە لە وەڵامیدا وتی: "ئەم کوردە بەڵایە". ئەمین بروسکیش وتی : "خوایە بمکە بە بەڵا بە کافران نەک بە موسوڵمانان" .
دوای ئەو شازادە داوای وتارەکەی لە ئەمین بروسك کرد و خوێندیەوە، زەردخەنەی کرد، دەموچاوی گەشبەوە و لەسەر کورسیەکەی هەستا و بەرەو ئەمین بروسك چوو و نیچەوانی ماچ کرد و وتی: "تۆ

بوەر و دەسزیت". ئەمین برووسکیش لە وەڵامدا وتی: "خوایە ورە و دەسزی زیاترم پێ ببەخشێ". پاشان بەگەرمی تەوقەیان کرد. لەو ساتەوە لە نەوانیاندا پەیوەندیی پتەو هاتەئارا. هەر کاتێکیش بیویستبا ئەمین دەیتوانی بچێتە ناو دیوانی شازادە. بەیەکەوە یاری شەترەنجیان دەکرد و هەندێک جاریش شازادە ئەو بابەتە سیاسییانەی بە باس دەکرد جگە لەخۆی کەسی دیکە نەیاندەزانی.

پشتیوانیکردن لە شۆشی موسەدەق:
لە سەرەتای پێنجاکانی سەدەی ڕابردوو موسەدق کودەتا بەناوبانگەکەی لە دژی شا لە ئێران ئەنجامدا و نەوتی ئێرانی خەماڵی کرد. ئەمین برووسکیش تەلەگرامێکی پشتیوانیانەی بە نارد، کەتێیدا ئەم دێڕە شیعرە هەبوو:
لقفت عصاك عصيهم فتصايحوا
لا سحر بعد اليوم أنت مصدقُ
دوای جێنشینبوونی یەکجارەیشی لە عەممانی پایتەختی ئوردن هەوڵی پتەوکردنی پەیوەندی دەستایەتی لەگەڵ دانیشتوانی شارەکە و بەتایبەتیش خەڵکە کوردەکە دا. لە کاتی (نسکەی فەلەستینی) ساڵی 1948 پارەی بە پەنابەرە فەلەستینییەکان بەخشی و دوو منداڵی فەلەستینیشی کە بەهۆی کارەساتەکە ئاوارە ببوون بەخۆوکرد، دواتر لەسەرپەرشتی خوێندن و پەروەردەکردنیان بەردەوام بوو تا گەیشتنە تەمەنی گەورەیی. پاشان لەگەڵ ژنێکی فەلەستینی کە لە بنەماڵەی ئەلدمیری بوو کە بەڕەچەڵەک خەڵکی شاری الخلیل بوو هاوسەرگیری کرد. دوو کوڕ و کچێکی لە بوو، یەکێکیان دکتۆر هانی ئەمین بروسکە کە سەرکایەتی کەمپەی سەلاحەدین ئەیوبی بوو بە کوردانی ئوردنی لەئەستۆبو. لەکۆتایشدا ڕۆژی 28ی شوباتی 1974 لە عەممان کۆچی دوایی کرد و هەر لەوێش بەخاک سپێردرا.

محمد على الصويركى الكردى(*)
(*) ئەندامی یەکێتی ئەدیبان و نووسەرانە لە ئوردن
سەرچاوە: گۆڤاری الحوار ژمارە 18 و 19ی زستان و بەهاری 1997-1998

وەرگێڕانی/ ئاکۆ عەبدوڵا

هۆشاندنەوەی سیستەمە تۆتالیتارەکان (شمولییەکان) لە نووسینەوان هیشام مەتەر و ئیسماعیل کاداری.. وەرگێڕانی ع. لە عەرەبییەوە (یاسین لەتیف)

ئێدەبەک هەیە کە لەسەر دیکتاتۆریەت دەنووسێت وەک بابەتکی سیاسی، پاشان چیرۆکەکە کۆتایی دێت. بەڵام ئێدەبکی تر هەیە کە کارکی دەڕوقانتر و کاریگەرییەکی قووڵتر دەکات؛ وادەکات خوێنەر بەی دەربکەوێت کە دیکتاتۆریەت بە هەواشی خەی دەخزێنێتە ناو زمان و یادەوەری، شێوازی سەیرکردنی دایکەک بە کوڕەکەی، شێژانی باوکەک لە کاتی ڕەقسەکردندا، و ئەو بەدنگیەی کە پێش ڕستەیەکی ئاسایی لە ژوورەکی داخراودا دروست دەبێت. لەو جۆرەی دووەمی ئێدەبدا، دەتوانین لە دوو پێگەی جیاوازەوە، ئەزموونی ڕەمانووسی لیبیی-بەریتانی "هیشام مەتەر" (لەدایکبووی ١٩٧٠) و ئەزموونی ڕەمانووسی ئەلبانی "ئیسماعیل کاداری" (١٩٣٦-٢٠٢٤) دابنێین. هەردووکیان لە وەتەکەوە هاتوون کە لەژێر سێبەری سیستەمکی دەسەڵاتخوازیی درێژخایەندا ژیاون، هەردووکیان بە شێوەیکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ زانیویانە چۆن سیاسەت دەتوانێت سنووڕکانی دەوڵەت ببەزێنێت و ببێت بە بەشک لە چارەنووسی مرۆڤکان. بەڵام ئەم لەکچوونی نەوانیان بەو مانایە نییە کە تەواو وەک یەک بن، چونکە هەر یەکەیان ڕێگەی تایبەتی خەی هەیە بە نزیکبوونەوە لەو "دەندەیە" (مەبەست دیکتاتۆریەتە).

مەتەر لە ڕێگەی بریندە کەسییەکان، ونبوون، یادەوەری، خەزانەو خەشەویستی و ئەو مەودایە پڕ لە ئازارەوە نزیک دەکەوێتەوە کە لە نێوان مرۆڤ و ئەو ژیانداید کە دەکرا هەبێت ئێگەر دەسەڵات دەستی نەخستبایە ناو چارەنووسی. لە کاتێکدا کاداری لە ڕێگەی ئەفسانە و مێژوو و گاڵتەجاڕی، هەما و تەمومژاوی (مەتەڵ)ەوە نزیکی دەکەوێتەوە. ،لەڕدا و بە وردی، هەزی ئەو جیاوازییە (موفارەقە) لە نەوانیاندا دەردەکەوێت؛ نەک هەبەر ئەوەی هەردووکیان هەمان شت دەڵێن، بەڵکو لەبەر ئەوەی هەریەکەیان لایەنێک لەو شتە ئاشکرا دەکات کە دەستخستنە سەری بەتەواوەتی ئەستەمە. مەتەر چاودێری

سیستمی تۆتالیتاریەکی دەکات کاتێک دەتوانێ ناو ماڵ، لەسەر مێزی نانخواردن دادنیشێت و باوکەکە لەگەڵ خێی دەبات، پاشان کوڕەکە بە چەندین ساڵ بەجێدەهێڵێت لە کاتێکدا هەوڵ دەدات تێبگات چۆن مرۆڤێک دەتوانێت ون ببێت، و چۆن "ونبوون" دەبێت بە ئامادەییەکی هێژانەکە لە ئامادەیی زیندووەکان چڕتر و قورستر. لە بەرانبەردا، کاداری چاودێریی دەکات کاتێک سیستمەکە دەبێتە کۆشوەایەکی گشتی کە تێواوی وڵات دادەپۆشێت، تا ئەو هادیەی جیاکردنەوەی نێوان دیوار و سەبەر دەبێتە کارێکی ئەستەم. لە هەمانی ئەدەبیی هاستەقینەدا، دیکتاتۆریەت تەنها کۆسایەتییەکی سیاسی نییە؛ بەکو کۆسایەتییەکی شاراوەیە، لەوانیە هەر لەسەر لاپەڕەکانیشدا دەرنەکەوێت، بەڵام زەر شت لە پشت پەردەوە دەجووڵێنێت، وادەکات خەڵک پێش ئەوەی وشیەک دەربڕن، هەزار جار بیری لە بکەنەوە، وادەکات دەستایەتی پە بێت لە گومان، خۆشویستی بکەوێتە بەر لەکدانەوەی جەراوجەر، و یادەوەریش ببێت بە جێگەی تەماتبارکردن. لە سیستمە تۆتالیتارەکاندا، تەنها ئەوە بەس نییە کە تاک لە دەسەڵات بترسێت، بەکو داواکراوە فەری ئەوە ببێت کە چۆن لە خێیشی بترسێت، لە یادەوەریی خێی، و لەو هستەیەی کە خەریک بوو لە دەمی بێتە دەرەوە و قووتی دایەوە. ئەمە بە وردی ئەو خاڵەیە کە وادەکات ئەدەب توانای هەبێت دیکتاتۆریەت هەبوێشنێتەوە بە شێوازێک کە هاپۆرتە سیاسییەکان ناتوانن ئەو کارە بکەن.

بەرهەمەکانی مەتەر خوێنەر دەخاتە بەردەم جیهانێکی مرۆیی کە لە ناخەوە شوێندراوە. سیستمەکە هەمیشە وەک ئامرازێکی زەبەلاح دەرناکەوێت کە بە شێقامەکاندا دەگەڕێت، هەندێک جار لە پرسیارێکی بچووکدا، یان پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا، یان لە نیگای دایکێک و باوکێکی نیگەراندا دەردەکەوێت کە دەزانێت هستەیەک دەکرێت دەرئەنجامێکی نەخوازراوی نەزانراوی هەبێت. مەتەر دەزانێت کە ستەمکاری هەمیشە پێویستی بەوە نییە دەنگی بەرز بکاتەوە، هەر ئەوەندە بەسە کە وای لە بکات هەمووان بەو شێوەیە بجووڵێنەوە وەک ئەوەی گوێیەک هەبێت گوێیان لە دەگرێت، و ئەو گوێیش یەکێکە لە هاوکراوەکانی جیهانی هەمانکەی . لەلای کاداریش، ئەم ترسە هەندێک جار هەهەندێکی بەرفراوانتر و سەیرتر وەردەگرێت. لە بەرهەمەکانیدا، دەوڵەت تەنها چاودێریی کردەوەکان ناکات، بەکو دەیەوێت دەست بە خەونەکانیش ببات. سەرەتا ئەم بیرکەیە بە خەیاڵیان مەحاڵ دەردەکەوێت، بەڵام لە هاستیدا لە هووی هەماییەوە زەر واقیعییە؛ ئەگەر دەسەڵات بایەخ بەوە بدات کە لەناو مەشکی مرۆڤدا چی هوودەدات، پێش ئەوەی لە شێقامەکاندا هوو بدات، ئیدی چی بە مرۆڤ دەمێنێتەوە؟ لەرەدا تۆتالیتاریزم (شمولییەت) دەگاتە لووتکەی

ئاواتەکانی؛ تەنها بە کۆنترۆلکردنی جەستەی مرۆڤ ڕازی نابێت، بەڵکو دەیەوێت دەست بەسەر ئۆگەرە ناوەکییەکانیشیدا بگرێت، دەیەوێت بزانێت مرۆڤ خۆن بە چیەوە دەبینێت، چی لە خەیاڵدایە، لە چی دەترسێت و سبەی چی دەکات. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە دەسەڵات چیتر تەنها چاودێری هاووڵاتی ناکات، بەڵکو دەیەوێت داگیری بکات. مەترسی خۆنەر بیر دەخاتەوە کە مەژووی سیاسی لەناو جەستەی کەسانی دیاریکراودا دەژیت. هیچ ستەیلک هێندەی ئەم ستەیلە هێزی دەسەڵات کورت ناکاتەوە کاتێک کەسێک دەکوژێت: ((باوکم ون بوو)). لە ئەزموونی "مەترس"دا، لەدەستدانی باوک تەنها ڕووداوێکی سیاسی نییە، بەڵکو بەشایەکی ژیانێکی تەواو دووبارە دادەڕێژێتەوە. پرسیارەکانی مەترس تەنها سیاسی نین، بەڵکو پرسیاری بوونگەرایین، هەر بۆیە دەگەنە دەستی خۆنەر، تەنانەت ئۆگەر لیبیش نەبێت و لەژێر سێبەری ڕژێمێکی تەتالیتاریشدا نەژیا بێت؛ چونکە لەدەستدانی باوک، ترس و چاوەڕوانی و نادیاری، هەموویان ئەزموونی مرۆیین کە سنووری تەدەپەڕنن. ئەدەب لای مەترس دەبێتە جۆرێک لە بەرگری دژ بە سینەوە.

دەسەڵات دەتوانێت مرۆڤێک بشارێتەوە، بەڵام بە ئاسانی ناتوانێت ڕەگەری لە کۆمەڵگەی بکات لە گەڵانەوەی چیرۆکەکەی. ئۆگەر مەترس لە ناوەوەی بریندە کەسیەکەیەوە لەسەر دەسەڵات بنووسێت، ئەوا کادارە لە ناو مەتەڵەکە (تاسە)کەیەوە دەینووسێت. لە جیهانی ڕەمانەکانیدا، دەوڵەت دەکرێت ئامراز و بەمانا و زمانەڵاح و هاوکات ترسناک بێت. لەوانەیە نەزانیت بە دیاریکراوی دەسەڵات لە کوێوە دەست پێدەکات و لە کوێ کۆتایی دێت، کە بەیار دەدات، کە چاودێری دەکات، کە هەواڵەکە دەگوازێتەوە، یان کە تەمەنێکی دروست کردووە؛ ئەم تەومژاویەش لاوازییەک نییە لە ڕەمانەکەدا، بەڵکو بەشێکە لە سروشتی ئەو سیستەمەی باسی دەکات. ڕژێمە تەتالیتارییەکان پێویست ناکات بەتەواوی تێگەیشتنیان لە بکرێت بە ئەوەی کاریگەر بن، بەڵکو لەوانەیە غەمگینی و نادیارییان بەشێک بێت لە هەزکەیان. ئۆگەر هاووڵاتی بە وردی بزانێت چی قەدەغەیە، لەوانەیە بتوانێت سنووری قەدەغەکراوەکان بدزێتەوە، بەڵام ئۆگەر سنووربەزان جووڵاو بن، و ئۆگەر بوار هەبێت وشەیکی بێتاوان بەپێی ساتوەختە سیاسییەکان ببێتە تاوان، ئەوا مرۆڤ خۆی دەست دەکات بە چاودێریکردنی خۆی. لێرەدا ترس دەبێتە ئامرازێکی کاریگەرتر. کادارە لە دروستکردنی ئەو ناوچە خەمۆشیانەدا بەهرەمەندە، ئەو سڤیزم (سێبەر و سەمەرە)، ئەفسانە، دژبژێی و مەژوو بەکاردەهێنێت بۆ ئەوەی بەمانایی دەسەڵات لە ناوەڕۆکەوە ئاشکرا بکات. لێبری ئەوەی خۆنەر هەمیشە بخاتە بەردەم دیمەنێکی ڕاستەوخۆی

سەرکوتکاری، دیبات ناو دامەزراوەیکی بیرکراتی، یان شارکی کەن، یان ڕووداوکی مژوویی، پاشان وای لێ دکات تبگات ئەوەی وای دزانی لێیەوە دوورە، لە ڕاستیدا زۆر لێی نزیکە. ئەو هاوار بە ڕووی دەسەاتدا ناکات، بەکو هندک جار پدەکەنت، ئەم زردەخەنەیش لەوەی دردکەوت مترسیدارترە، چونکە گاتجاری (سێر و سەمەرە) شکە و هێبەت لە ڕیکتاتۆر دستنتەوە.
دەسەاتی تتالیتاری دیەوەت وک چارنووسکی بە گفتوگۆ دربکەوت، دیەوەت وک زبەلاح و نەمر دربکەوت کە جیهان بەبێ ئەو ناتوانت بوونی هەبت، بەام ەمانووس کارکی سادە و وڕانکار دکات؛ دەسەات دکاتە کەرستەیک ەبە گاتجاری، لەناکاو زبەلاحکە دبتە کاریکاتێرک، و ئەو زردارەی دیویست بە ئەفسانەیی دربکەوت، دبتە کەسایەتییکی مرۆیی کە دکرت ببینرت، ەڕخنەی لێ بگیرت و لێک هەبوشنرتەوە. لەوانەیە جیاوازیی نێوان متۆر و کادارە لە ڕووی شێوازەوە گەورە دربکەوت؛ یەکەمیان زیاتر بڕەو هەستیاریی دانپدانان، وردەکاریی تایبەتییەکان، و پێوەندیی نێوان یادەوەری و خەزان دچت، دووەمیان زیاتر بڕەو بونیادنانی هەمایی، دژبژیی مژوویی و جیهانێک دچت کە هندک جار وا دردکەوت لە خوونکی قورس یان کابووسکی بیرکراتییەوە هاتبندەر.
بەام لە پشت ئەم جیاوازییەوە، بیرکەیکی هاوبەش هەیە: دەسەات تەنها کاتێک سەرکەوتوو نابت کە مرۆڤ لە قسکردن بەبەش بکات، بەکو کاتێک سەرکەوتوو دبت کە مرۆڤ ناچار بکات نەزانت ئایا هەر لە بنەەتدا مافی ئەوەی هەیە قسە بکات یان نا. ەڵە جیهانی ئەدەبیی متۆر و کادارەدا، بەدەنگی بەشایی نییە، بەکو زمانێ.،لەوانەیە پیاوێک شتێک بەات، بەام ئەوەی نێیتووە گرنگترە، لەوانەیە باوکێک باسی کەشوهەوا بکات لە کاتکدا بیری لە شتکی تر دکاتەوە، دایکێک لەوانەیە لەسەر مێزی نانخواردن دابنیشت، بەام جەستەی گوێ لە دەنگکی دڕەوەی ماە، دوو هاوەش لەوانەیە یەکتر ببینن، بەام هەردووکیان دزانن کە هندک بابت نابت بکرنەوە. سیستەمی تتالیتاری وادکات مرۆڤ بە دوو چین قسە بکات؛ چینکی ەووکەش کە دگاتە بڕگوێی ئەوانی تر، و چینکی ناوکی کە بە خێی هەی دگرت. لەگەڵ تێپەبوونی کاتدا، لەوانەیە چینە ەووکەشکە لە چینە ناوکییەکە بەهێزتر ببت. لەڕەدا کارەساتکە ەوودەدات، چونکە مرۆڤ دەست دکات بە لەبەرکردنی ەڵەی چاودێر. ئیتر پەیستی بە پلیسێک لە بەردەرگا نامێنت، پلیسکە دبتە دانیشتووی ناو مشک. ئەم ەبیرکەیە بەهێزییەوە لەو ئەدەبەدا ئامادەیی هەیە کە لەسەر ستەمکاری دنووسرت، و یەکێک

لە گرنگترین ئەو خاڵانەی کە وادەکات هاوماناکانی مەترسی و کادار لە چیرۆکی سیاسیی ڕاستەوخۆ تێپەڕن. هەردووکیان، بە جیاوازی ئەم پرسیارە دەکەن:
((سیستەم چی بە مرۆڤ دەکات دوای ئەوەی سەرکەوتوو دەبێت لەوەی وای لە بکات چاودێری خۆی بکات؟)). لەوانەیە گرنگترین چەک کە مەترسی بەدەستێنەوە بێت، یادەوەری بێت. دەستکاریکردنی لەوانەیە مرۆڤ فەرمیەکەی خۆی بنووسێتەوە، بەڵام ناتوانێت بە ئاسانی کۆنترۆڵی یادەوەریی تاکەکەس بکات، هەر بۆیە بیرکەوتنەوە دەبێتە کردەیەکی سیاسی، تەنانەت لەو ساتەشدا کە سەرەتا وەک کردەیەکی سیاسی سەیر ناکرێت. کاتێک کۆمەک باوکی بیر دەکەوێتەوە، ئەو تەنها کەسێکی غائیب زیندوو ناکاتەوە، بەڵکو وشانەکی مرۆڤ زیندوو دەکاتەوە کە دەستکاریکردنی هەوڵی داوە بینرۆژێت. لێرەدا گەڕانەوە دەبێتە بەرگری و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ژەمانەی کە پشت بە سینەوە دەبەستن، چونکە سەرکوتکردن تەنها جەستەکان ناکوژێت، بەڵکو هەندێک جار هەوڵی کوشتنی شوێنەواریش دەدات و دەیەوێت قوربانییەکە بە چیرۆک و بە ناو و بە وێنە بکات.کادار بە شێوازێکی جیاواز مامەڵە لەگەڵ یادەوەری دەکات، چونکە دەگەڕێتەوە بۆ مرۆڤ و ئەفسانە و ئابردووی ئەلبانی، نەک بۆ ڕاکردن لە ئێستا، بەڵکو بۆ ئاشکراکردنی ئەوەی کە چۆن سەرکوتکاری دووبارە دەبێتەوە و چۆن شێوازەکانی دەگۆڕێن. مرۆڤ لای ئەو مەزەخانەیەکی داخراو نییە، بەڵکو ئاوێنەیەکی شکاوە بۆ ئێستا.
لێرەدا هەردوو نووسەرەکە یەکتر دەگرنەوە؛ ئابردوو بۆ تەواوی لە پشتماننەوە نییە، بەڵکو لەو شێوازەدا دەژی کە ئەم خەمانمانی بیر دەکەوێتەوە، نیشتمانیش دەبێتە شوێنێک کە لە یەک کاتدا هەم خۆشویستە و هەم ترسناک. دیکتاتۆرییەتەکان هەوڵ دەدەن خەڵک قایل بکەن بۆەی کە دەوڵەت لەگەڵ ئەواندا دەستی پێکردووە، مرۆڤی ئاستەقینەش لە ساتەوەختی هاتنی ئەوانەوە دەست پێدەکات، و ئەوەی پێش ئەوانیش تەنها ئاژاوە بووە، ئەوەی دوای ئەوانیش مەحاڵە. بەڵام ئەدەب پێچەوانەکەی دەکات؛ دەڵێت: ڕەنات لە زەردار کەنترە، خەڵک لە ژەم کەنترە، زمان لە دروشمەکان کەنترە، و یادەوەریش لە تەمەنی دەستکات درێژترە. یەکێک لە مەترسیدارترین کارەکانی ژەمە تەتالیتارییەکان ئەوەیە تەنها بەڕەوبردنی واقیع بەس نییە بۆیان، بەڵکو هەوڵی بەڕەوبردنی ئەو زمانەش دەدەن کە واقیع وەسف دەکات. ئاوا سەرکوتکاری بە "سەقامگیری" ناودەبەن، ترس بە "هۆشیاری"، بێدەنگی بە "نەکپۆشی"، ونبوون بە "نەکار"، و گوێڕایەڵی بە "نیشتمانپەروەری". لێرەدا ئەرکی ئەدەب زۆر مەترسیدار دەبێت، چونکە هاوماننووس شتەکان بە ناوە ڕاستەقینەکانی خۆیان

دۆگمەنتەوە؛ ترس دەبێتەوە ترس، غیاب دەبێتەوە غیاب، زیندان دەبێتەوە زیندان، لەدەستدان دەبێتەوە لەدەستدان، و مرۆڤیش دەبێتەوە مرۆڤ. بەم واتایە، ئەمان دەستمات هەڵدەوشێنتەوە، نەک تەنها لە ئێگەی بابەتکەوە، بەڵکو لە ئێگەی خودی زمانکەوە. کاتێک مۆتەر چاوەڕوانیی کەسێک بێ باوکی وەسف دەکات، پۆیست ناکات پەیمان بێت کە دەستبەسەرکردنی سیاسی تاوانێکە دژ بە مرۆڤ، ئەمە ئەوە لە خودی چاوەڕوانییەکەدا تێدەگەین. وەک کاتێکیش کارەدزگایەکی بیرکراتی وێنا دەکات کە خوێنکان دەخوات، پۆیست ناکات دەلاپەڕە لەسەر سروشتی ژەمی تۆتالیتاری بنووسێت، بیرکەکە گەیشتووە.

ئەمان دروشم نادات، بەڵکو ژیان دەبەخشێت. ئەم ژیانەش وادەکات پۆیستی بە دروشم کەمتر بێت. سیاسەت دەڵێت: ((هەزاران دەستبەسەرکراو هەن)). بەڵام ئەمان دەڵێت: ((ئەم پیاوە کوێکی هەبوو، بۆنی لە ماڵەکەدا مابوو، خووی تایبەتی خۆی هەبوو، ئافرەتێک هەبوو چاوەڕێی دەکرد، و منداڵێک هەبوو تێنەدەگەیشت بۆچی نەگەڕایەوە)). لەردا ژمارە دەبێتە مرۆڤ، و ئەمەش یەکێکە لە مەزنترین ئەرکەکانی ئەدەب.لەوانەیە مۆتەر زیاتر پابەند بێت بە واقیعی ئاستەوخۆوە، لەکاتێکدا کارەزرجار بەرەو شتی سیروسەمەرە، ئەفسانەیی و سوریالی دەچێت. بەڵام ئەم سیرو سەمەرەییەی لای کارە ئاکردن نییە لە واقیع، بەڵکو هەندێک جار تەنها ئێگەیە بۆ ئەوەی بە ووونی لە واقیع تێبگەین.

ئانفاس نت – ١٩ ئەیلول/ ٢٠٢٦

بە کەس لە پاڵتەکەی حسێن عارف نەها تەدەرەوە؟.. جەماڵ کەشش

ڕۆژی ١٢ ی ئابی ٢٠٢٦؛ چیرۆکنووس و ڕۆمانووسی داهێنەر حسێن عارف ژیانئاوایی کرد. حسێن عارف تایبەتمەندیەە ئەدەبییەکانی بەتایبەت لە ژانری گەڕانەوەدا، شوناسی ڕەوتێکی هونەری بەرجەستە دەکرد. بەداخەوە ئەم ڕێبازە پتر لەدەیەیەک بەر لە مەرگی بە ڕێبوار ببوو.

هندی من ئاگادار بم(کەس لە پاتەکەی حوسەن نەهاتە دەرەوە !).
لەنەو هەژموونگەری کلتووری نەوەدەکان بەدواوە، دابەانی نووسین لە هەز و هیواکانی شار و زمانە زبرەکانی نووسەران(حیکاتخوانانی تردا)، فورستی نەوە خستنەوەی لەسەندرایەوە. ئەمش ئاکامی ئەو ئاگەگۆ سیاسی و ئابووری و شنبیریانەن کە لە کوردستاندا پشهاتن (حەمە ئەحمەد جاف ، مامەستا حسەن عارفی بە باوکی مانی کوردی لەقەم داوە، بەام خوەندنەوەی شرزاد حسەن بە مامەستا دشە گونجاوتر بت، (کوکانی حسارکیان بی بجهشت).
لەسای ۱۹۸۷ دا ، نووسینکم بسەر دری " ئناتمیزمی مانی شار لەدیدگای منتق و تئریخ دا" لسەر مانی " شار" ی حسەن عارف، لە گۆقاری " ابەر" بە دوو بش باوکردوە. () [illegible]
[illegible]
[illegible]
[

گۆڤاری ئاوێر، ئۆرگانی حەلقەی ئەدیبانی کۆمەنیست یەکەم ژمارەی لە ساڵی ١٩٨٧ بڵاوبووەوە و بەسەریەکەوە یانزە ژمارە و چەند پاشکۆیەکی لە بڵاوکراوەوە.

جەماڵ کەشش / ئابی ٢٠٢٦

ئەم وتارە لەژمارە ٤٢ی ڕۆژنامەی "ڕووت" بڵاوبۆتەوە

کێشەکانی سنووردارکردنی چەک.. عوسمانی حاجی مارف

نووری مالکی، سەرکی هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا، هەوڵەکانی سنووردارکردنی چەک لە دژەوەی دەوڵەت دووپات دەکاتەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا هەشداری دەدات لە ئۆگری گەینەی ئەم هەوڵە بە ووبەووبوونەوەیەکی ئاشکرا لەنێوان حکومەت و فراکسیۆنەکان و هێزە میلیشیاکان و ئۆگری شیعەی ناوخۆ، ئەم هاوکێشەیە سەختی ئۆرکەی بەردەم هێزە سیاسیەکانی عێراق ئاشکرا دەکات، چونکە مامەڵەکردن لەگەڵ چەک لە دژەوەی دامەزراوە فەرمیەکان، بوونەتە فەرمانێکی سیاسی و ئەمنی و پەیوەندیەکی ئاستوخێی بە هاوسەنگی دەسەڵاتە سیاسیەکانەوە هەیە. بەیە سەپاندنی ئەم سنووردارکردنە بەزەر لەئەستادا، دەتوانێت دەرگای کاردانەوەکان بکاتەوە، کاردانەوەیەک کە دواتر دەرئەنجامەکانی بە ئاسانی کەنترۆڵ ناکرێن.

بانگەوازی مالکی بە پشتیوانی لە زەیدی و چارەسەرکردنی پرسی سنووردارکردنی چەک، هەوڵەکە بە دیاریکردنی سنووری مامەڵەکردن لەگەڵ پرسەک کە ئۆگەر بە شێوەیەکی ووبەووبوونەوە بەڵەوبچێت، دەتوانێت ببێتە قەیرانێک کە لایەنە ئاستوخەکانی تێپەڕێنێت و گۆڕاوەکی سامناک لە عێراق بەڕێ بخات، لە هەمان کاتدا، ئەم قەیرانە دەتوانێت چارەنووسی ژیانی سیاسی چوارچێوەی هەماهەنگی و خێی مالکیش بخاتە مەترسیەوە.

دەخالەت و مامەڵەی مالکی لە پرسی سنووردارکردنی چەک لەکاتێکدایە کە ململانێی ئەمریکا و ئێران و گوشارەکان لەسەر بەغدا زیاتر دەبن، بە چارەسەرکردنی ئەم پرسە لەسەر دەوڵەت، ئەمەش بابەتێکی زەر هەستیارە، بەتایبەتی لەبەر پەیوەندی ئەم پرسەیە بە ئایندەی کوتلە چەکدارەکانەوە، سروشتی پەیوەندی نێوان دامەزراوە فەرمیەکان و هێزەکان لەگەڵ باڵە سەربازیەکانیان، و هاوسەنگی دەوری ئەمریکا و ئێران لە عێراق.

هەهەندێکی دیکەی لەدوانەکانی مالکی، کە پەیوەندی بە هەوەستی عێراقەوە هەیە لە نێوان کابەریە ناوچەیی و نەودەوڵەتیەکاندا، بانگەشەی پەویستی دابینکردنی دیدگایەکی «نیشتمانی و ناوچەیی» دەکات، دیدگایەک کە هەگری بکات لەوەی عێراق ببێتە گەپانێک بە یەکلاکردنەوەی بەرژەوەندیە دژەکیە کەبەکەکارەکان، ئەمە دەربەینی ترسەکە کە پرسی چەک لە بابەتی ناوخەیەوە بگەڕێت بە خاڵی پەیوەندی نێوان حیسابەتی عێراقی و ئاجێندای ناوچەیی و

نەوەوەتی، لە کاتێکدا چارنووسی ململانێی ئەمریکا و ئێران هەشتا ئاماژ و نادیارە. لە هەمان کاتدا، ئاوڕش ووتە کە مالکی لە عێراق لایەنگری بەرژەوەندی و دەخالەتی ئێران دەکات.
چوارچێوەی هەماهەنگی لەم دەخێدا ئامانجیان ووخان یان گۆڕینی حکومەتی زەیدی نییە، بەڵام نیگەرانییەکانیان لە ئەدای کارەکانی حکومەت، بەتایبەتی فشارخستنە سەر حەشدی شەعبی و کەمپینی دژی گەندەڵی هەیە. پێیان باشە زەیدی لە ناوەوە چارەسەری کێموکوڕیەکانی حکومەتەکەی بکات، بانگەوازەکەی بە تەواوکردنی کابینەی حکومەت و پەکردنەوەی پێستە وەزارییە بەتاڵەکان تەواو بکات. ئەمەش ئاماژەیە بە ئاوڵەویەت بە هەڵوەشانی پشتیوانی حکومەت، چەسپاندنی هەیکەڵەکەی و باشترکردنی ئەدای کارەکانییەتی، نەک دەستپەکردنی شەڕکی سیاسیی نوێ بە مانەوەی حکومەتەکەی لە سایەی داواکارییەکانی ئەمریکادا.
لەهەمانکاتدا، پەداگریی هەندێک لە لایەنەکانی حەشدی شەعبی لەسەر مانەوە و بەستنەوەی داهاتووی چەکەکانیان بە پرسی هەڵبژاردنەکان و هەڵوەشانەوەی پشمەرگەی بارزانی و تاڵەبانی، پرسی چەک دەخاتە ناو کێشەیەکی فراوانتر. بەم شێوەیە، جێبەجێکردنی بەندەکانی کۆنترۆڵکردنی چەک تەنها بە پرسی کوتلە چەکدارەکانەوە پەیوەست نابێت، بەڵکو وابەستەی کێشەیەکی فراوانتر دەبێت، سەبارەت بە نادیاری سروشتی قۆناغی ئەمنی داهاتوو لە عێراق و کوردستان.
لە کاتێکدا مالکی و زەیدی چارەسەرێکی ورد و تەواوی پرسی سنووردارکردنی چەک ناتوانن پێشکێش بکەن، تەنها لەسەر یەک خاڵ کەکن، کە ناکۆکیەکان نابێت بەرەو شەڕی ناوخۆ پەڕە بسەنێت و فشار لەسەر کوتلە چەکدارەکان نەبێتە هۆی ناسەقامگیری یان داڕمانی حکومەت.
بەربەستی ئاو دوریەیەکی زەیدی لە پەیوەند بە تەرحی ئەمریکاوە دەیووت سنووردارکردنی چەکداری، لە دەرەوەی هەڕەزی دووەتیدا جێبەجێ بکات، هەشتا توانای پراتیکی ووونی بە جێبەجێکردنی نییە، چونکە زەیدی لە نێوان داواکاری ئەمریکا و حکومەتی عێراق بە قەرخکاری دووەت لەسەر چەک و خواستی هەڕەزە سیاسییەکان بە دووركەوتنەوە لە ووبەووبوونەوە، گیری خواردووە.
پرسی بەرتەسکردنەوەی چەک لە دەرەوەی ئیدارەی دووەت دەتوانێت بەرەو پشێوەی دیمەنی سیاسی و ئەمنی عێراق بڕوات، بەڵام ئەمە تەنها کاتێک دەکرێت کە حکومەت هەوڵ بدات ڕێگایەکی یاسایی و پراتیکی بە چارەسەرکردنی ئەم پرسە دەکاوێ بدەزێتەوە، بەدور لە پێکهاتەی دەسەاتی تائیفی و بنەماییەی کە خەی بووتە بەربەستی سەپاندنی سەروەری یاسا و دووەت.

ئەم پرسە بە پلەی یەکەم پەیوەستە بە کاریگەری لایەنە چەکدارەکانی لایەنگری ئێران، ئینجا داهاتووی پەیوەندی ئەمنی لەگەڵ ئەمریکا، توانای دامودەزگاکانی دەوڵەت بە سەپاندنی سەروەری یاسا بەسەر هەموو لایەنەکاندا، ئەم پشهاتانەش لەکاتێکدا بەدوادەچن کە ئەرکی سەربازی هاوپەیمانی نەودەوڵەتی نزیک دەبێتەوە لە کۆتایی، لەهەمانکاتدا، بەربەست بە دەخالەتی کەماری ئیسلامی لە عێراقدا پێکهاتبێت.

گروپە شیعەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی، بە پشنیازی ئادەستکردنی چەک بە هێزەکانی حەشدی شەعبی، پرسی سنووردارکردنی چەک دەورە دەدەن، تەنها دابەشکردنەوەی چەک لەناو پێکهاتەی هێزەکانی حەشدی شەعبی، ڕەنگە ڕواڵەتێکی دامەزراوەیی بە پرسەکە بدات، بەبێ ئەوەی لە ئاستیدا کێشەی ئەو چەکانە چارەسەر بکات کە هاوتەریب لە پاڵ دەوڵەتدا کار دەکەن.

پرسی چەک لە دەرەوەی دامودەزگاکانی دەوڵەت لە عێراق خرێکە دەچێتە قۆناغێکی نوێی ئاڵۆزیەوە، لەگەڵ سەرهەڵدانی باس لەسەر ئەم پرسە لەناو بلۆکی سیاسی شیعەدا، بەڵام باسەکە تەنها لەسەر چەکدامالینی کوتلە چەکدارەکان و ئادەستکردنی چەکەکانیان بە دامەزراوەکانی دەوڵەت نییە، بەڵکو فەرموڵێک بە «بەدەوڵەتبردنی چەک» و گواستنەوەی چەکەکان بە کەگاکانی هێزەکانی حەشدی شەعبی پشنیار کراوە.

لەکاتێکدا هەنگاو بەرەو ڕەکخستنی چەک و ملکەچکردنی بەکارهێنانی بە فەرمانی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان دەخرێتە ڕوو، بەڵام پرسیارە بنەڕەتیەکان هەر بەردەوامن: ئاخۆ تا چەند ئامانجی ئاگەیەندراوی قەتیسکردنی چەک لە دەستی دەوڵەتدا بەڵاستی جێبەجێ دەکرێت؟ بەتایبەتی کە حەشدی شەعبی، سەرەڕای تێکەڵبوونی فەرمی بە ئامێری سەربازی و ئەمنی عێراق، هێشتا پێکهاتە و فراکسیۆنەکانی لەگەڵ پەیوەندیە سیاسی و ئەمنیەکانیان بە ئێرانەوە بەستراون.

ڕەکوتنەک لەنێوان بەشێک لە سەرکردەکانی بلۆکی سیاسی شیعە لە ئارادایە بە پەلەکردن لە پەسەندکردنی یاسای خزمەت و خانەنشینی بە ئەندامانی حەشدی شەعبی پێش کۆتایی مانگی ئەیلول، هاوکات لەگەڵ ڕەکخستنەکانی بەدەوڵەتبردنی چەکی کوتلە چەکدارەکان، بەیارە ڕەشنووسی یاساکە ئاراستەی لێژنەی ئاسایش و بەرگری و لێژنەی یاسایی لە ئەنجومەنی نوێنەران بکرێت بە پەداچوونەوەی زیاتر، پێش ئەوەی دووبارە بخرێتەوە بەر خوێندنەوەی دووەم و دەنگدان.

بەڵام ئەو چەکانەی کە لەلایەن فراکسیۆنەکانەوە ئادەست دەکرێن، ناگوازرێنەوە بە وەزارەتی بەرگری، وەزارەتی ناوخۆ، یان دەزگای بەدەنگاربوونەوەی تیرۆر، لەبری ئەوەی چەکی فراکسیۆنەکان

بگوازرێتەوە بۆ کۆنترۆڵی ئاستەوخۆی دەوڵەت، گواستنەوەی پشنیارکراو، بۆ شێوەیەکی کاریگەر «بەڕێوەبردنی چەک» دەکاتە بەدیلێکی پراکتیکی بۆ "دامەزراندنی چەک".
لە ووکەشدا، ئەم فەرمووڵەیە دەنگ وڕەنگ هەوڵێک دەربکەوێت بۆ خستنەژێر کۆنترۆڵی دامەزراوەی چەکدارکان، بەڵام لە چارەسەرکردنی چارەنووسسازترین پرسیاردا شکستی هێنا: لە ئاستیدا کە دەسەڵاتی بەیاردان لەسەر بڕیارەکانیان بدەستەوێ؟ کە گەرەنتی ئەوە دەکات کە چەکدارکان لە دامەزراوەی عەمبارکردنەکان دوورناخرێنەوە و لە دەرەوەی کۆنترۆڵی حکومەت بڕیارناهێنرێن؟ بەیە گواستنەوەی چەکی کەگاکانی حەشدی شەعبی، بە سادەیی دەتوانێت کێشەکە لە چەندین ناوەندی هەڵگرتنی چەکەوە بگوازێتەوە بۆ یەک ناوەندی دامەزراوەیی، بەبێ ئەوەی پرسی سەربەخۆیی بەیاردانی ئەمنی لە کاریگەریی کوتلەیی و ئێران چارەسەر بکات.
ئەم هەڵکشتنە لە کاتێکی زۆر هەستیاردایە، چونکە حکومەتی عێراق هەژی ٣٠ی ئەیلوول وەک دواوادەی چەسپاندنی چەک لە ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتدا دیاری کردووە، هاوکات لەگەڵ وادەی کۆتاییهێنان بە ئامادەبوونی سەربازی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی، جگە لەوەش، بەشێک لە فراکسیۆنەکان، ئایندەی چەکدارکانیان بە کشانەوەی هێزە بیانیەکانەوە دەبەستنەوە و ئەو پرسە دەکەنە بەشێک لە موزایەدەیەکی سیاسی و ئەمنی فراوانتر.
بەم شێوەیە، کۆتایی مانگی ئەیلوول دەتوانێت ببێتە تاقیکردنەوەیەکی ئاستەقینە بۆ ئەوەی بزانرێت حکومەتی عێراق تا چەند دەتوانێت دەسەڵاتی دەوڵەت بەسەر چەکدا جێگیر بکات و کۆنترۆڵی چەک بەڕاستی تەنها لە دەستی دەوڵەتدا بێت.
بەڵام سەرکەوتنی ئەم پرسیارە تەنها بە ژمارەی ئەو چەکانە پەوانە ناکرێت کە دەخرێنە کەگاکانەوە، یان بەو لایەنەی کە بەرپرسیارێتی پاراستنیان دەگرێتە ئەستۆ. پەوانەی ئاستەقینە ئەوەیە کە دامەزراوە فەرمیەکان تا چەند دەسەڵاتی تایبەتیان هەیە بە دەرخستنی چەکەکان لە کەگاکان و بەیاردان لەسەر کەی و چۆن بڕیارەناندا.
تەنها کەکردنەوە یان هەڵکشتنەوەی چەکەکان بەس نییە، گرنگ ئەوەیە تەنها دامەزراوەکانی دەوڵەت بەیار بدەن کە کەی و چۆن ئەو چەکانە بەکاربهێنرێن، ئەگەر ئەم دەسەڵاتە هەر لە دەرەوەی دامەزراوە فەرمیەکاندا بمێنێتەوە، ئەوا هیچ گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە پرسی چەکدا ڕووندات، تەنانەت ئەگەر هەموو چەکەکانیش لە کەگاکانەوە فەرمیەکاندا کەبکرێنەوە.
لە ئاستیدا، لە پێکهاتەی حکومەتی ئێستای عێراق و کوردستاندا، ئەم

پرسەی سنووردارکردنی چەک بە ئاسانی قەبوڵ ناکرێت و جەنجەکردنەکەی بە شێوەیەکی ڕاستەقینە لەگەڵ ئەم شێوازی حوکمرانیەدا دژبەیەک دەبنەوە. بەیە، زەیدی و مالکی و هەر کەسێکی تر لە چوارچێوەی ئەم حوکمرانیەی ئێستادا ناتوانن پرسێکی لەم جۆرە بتەواوی جەنجەل بکەن، نەک تەنها لەبەر ئەوەی هەزی سیاسیان کەم، بەڵکو لەبەر ئەوەی خودی ئەو پێکهاتەیەی حوکمرانی، بەشکە لە بەربەستی سەرەکی پرسەکە.

ئەگەر ئەم دەستەبەرە هەر بە شێوەی ئێستا دابێش و پێویست بە کوتلە سیاسیەکان و هەزە دەرەکیەکان بمێنێتەوە، سنووردارکردنی چەک تەنها ناونیشانێک دەبێت بۆ ڕەکخستنەوەی کێشەکە، نەک چارەسەرکردنی. بەیە چارەسەری ڕاستەقینەی پرسی چەک، پێویستی بە گۆڕینی بنەمای ئەو حوکمرانیە هەیە کە چەک و دەستەبەرات و بەیاری ئەمنی لە دەرەوەی دامەزراوەکانی دەوڵەتدا دابێش کردووە. ئەگەر دەوڵەت نەتوانێت تەنها خاوەنی بەیاری چەک بێت، ئەوا کەکردنەوەی چەکەکان بە تەنیا هیچ مانایەکی ستراتیژی نییە.

لەبەر ئەوە، لە چوارچێوەی ئەم حوکمرانیەدا، نە زەیدی و نە مالکی و نە هەر کەسێکی دیکە ناتوانێت ئەو گۆڕانکاریە بنەڕەتیە جەنجەڵ بکات کە پرسی سنوردارکردنی چەک پێویستی پێیەتی، ئەوەی پێویستە کەتایی پێبهێنرێت تەنها دەستەبەراتی چەکدارەکان نییە، بەڵکو ئەو شێوازی حوکمرانی تائفی و بنەماڵەییە کە بەردەوامی ئەو دەستەبەراتی دەرەوەی دەوڵەت بەرهەم دەهێنێت. بەیە کەتایهێنان بە ئەم شێوازی حوکمرانیە، پێشمەرجی سەرەکی کەتایهێانی هەزە چەکدار و میلیشیاکانە.

کۆمۆنیزم دەبێ ئانتەرناتیڤێکی سیاسی سۆشیالیستی و پۆلیتاری بە ئەملای بخاتە بەردەم

کۆمۆنگۆ.. نادر عەبدولحەمید

1. هەرەم لە پرسیارکی مێژوویی جیهانیدا

لە سەرەتای نەوەتەکانی سەدەی بیستەوە (١٩٩١) کۆمۆنگۆی کوردستان وەک بەشێک لە عێراق و لە هێگۆی کێشمەکێشکی جیۆ-سیاسی و جیۆ-سەربازی زلهێزە ئیمپریالیستەکانی جیهانەوە لە دەڕەساتی ناوەڕاستدا، ئالوگۆڕکی هەمە لایەنەی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەخێرەوە بینیووە، و وەک باقی وڵاتان و کۆمەڵگەکانی تری جیهان، لەو کاتەوە چووەتە ناو جیهانێکی تازەی یەک جەمسەری ئیمپریالیستی و تێکەڵبوون بە بازاڕی سەرمایەداری جیهانی و باڵادەستی نیولیبرالیزم لە هەموو بوارێکی ئابووری، سیاسی، فکری و کلتووری و مەڵایی و ...هتد.

ئەم دۆخانەدە، دۆخانەدکی جیهانییە و لە هەر وڵاتە و هەر کۆمەڵگەیەکدا پرسیارکی تایبەت و دیاریکراوی بەرکردووە، بەڵام لە ناوەڕۆکدا کرکی ئالوگۆڕە مێژووییە جیهانییەکەی ئەو سەردەمەی لە خەیدا دەنگ پە داوەتەوە.

ئەبەتە ئەم پرسە مێژووییە جیهانییە لە باڵادەستی نیولیبرالیزم لە بنبەستدایە، و جەمسەری تری ئابووری و سیاسی و سەربازی ئیمپریالیستی دژکوتوون لە جیهانی ئەمڕدا، بەڵام هێشتا نیولیبرالیزم و بلۆکی ئیمپریالیستی دۆژاوا، بەتایبەت هێزموونی ئیمپریالیزمی ئەمریکی لەگەڵ پاشکشەی بەردەوامیدا باڵادەستی خۆی لەدەست نەداوە، سەردەمی ئێستا قۆناغکی ئاگوزەر وەک قۆناغی نێوان جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم (١٩٢٠-١٩٤٠).

هەرەمی کوردستانی عێراق، لەو دۆخانەدە مێژووییە جیهانییە باڵادەستییەی نیولیبرالیزمدا، پرسیارکی تایبەت و دیاریکراوی خۆی هەبووە و بە چەند قۆناغکدا تێپەڕیووە کە هەر قۆناغە تایبەتمەندی خۆی هەبووە و دابەش بووە بەسەر چەند قۆناغی بچووکتردا. لەوانە قۆناغی (١٩٩١-٢٠٠٣) لە ئاپۆینەوە تا ڕووخانی ڕژمی (بەعس)ی فاشیست و لە وەشەوە تا ئاگریاندنی (سیاسەتی سەربەخۆیی ئابووری کوردستان) واتا ساڵانی (٢٠٠٣-٢٠١٤) و لەو کاتەوە تا ئێستا (٢٠١٥-٢٠٢٦).

وتارکە چوونە ناو باسی ئەو قۆناغبەندییانە نییە، بەڵکو ئاماژەدانە پێیان بە خستنەبەرچاوی تابلۆ گشتییەکە، کە

چۆنچۆنی بورژوا ناسیونالیستی دەسەڵاتداری هەرێمەکە، بە فشار و گوێ و تیندکی بەهێزەوە پاڵی ناوە بە کۆمەڵگەی کوردستانەوە بە ناو جەرگەی ئەو پڕۆسە جیهانییە و چارەنوسی ملیۆنەها ئینسانی زەحمەتکێشی هەرێمەکەی گرێداوە، بە بەرژەوەندییە سیاسی و ئابووریەکانی خۆی و برابژکانی لە بورژوازی دەوڵەتانی ناوچەکە و وڵاتانی ئیمپریالیستی. ئەم بارودۆخەی کە ئێستا لە ئارادایە بەرهەمی ئەو پڕۆسەیە.

2. خەباتی جەماوەری زەحمەتکێش و مێژووی هەرێمەکە

لەم پڕۆسەیدا، سەرمایەداری لە کوردستان گۆشەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، کۆمەڵگەی کوردستانی دابەش کردووە (وەک هەموو کۆمەڵگەکانی جیهانی ئەمڕۆ لە ئاسیا، ئەفریکا، ئەورووپا و ئەمریکا)، بەسەر چین و توێژی کۆمەڵایەتی جیاجیادا و لە بنچینەشدا بەسەر دوو چینی زۆرایەتی جەماوەرێکی زەحمەتکێش و کۆمایەتییەکی مشەخۆری سەرمایەدار. تەواوی کێشە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان و ناڕازایەتییە جەماوەرییەکانی کۆمەڵگەکەی، وەک هەر کۆمەڵگەیەکی تری جیهان، تەنها لە شکڵ و فۆرم و شێوازی دەرکەوتن و پەرەسەندنیاندا تایبەتمەندی خۆیان هەیە و لە ناوەڕۆکدا کێشەی کۆمەڵگایەکی سەرمایەداری و دەسەڵاتی چینە باڵادەستەکەی بورژوا-ناسیونالیستییە.

بەدرێژایی ماوەی سی و پێنج ساڵی ڕابردوو، جەماوەری زەحمەتکێشی کوردستانی عێراق بە تێوڕێ جیاجیاکانی مووچەخۆران، فەرمانبەران و مامۆستایان و تێوڕێ جەراوجەرەکانی کرێکاران، کۆمەڵان و کچانی خوێندکار و بێکار، ژنان و ئازادیخوازان بەردەوام لە دەربڕینی ناڕازایەتی و خۆپیشاندان و ڕاپەڕیندا بووون دژ بە دەسەڵاتدارانی هەرێمەکە.

ئەم ناڕازایەتییانە چەندین جار لە پەرەسەندنی خۆیاندا بووەتە بزووتنەوەیەکی ناڕازایەتی جەماوەری نێک هەر بە خواستە پیشەیی و ئابووریەکانیانەوە، بەڵکو بەرزیش بووەتەوە بە ئاست شۆڕشگێڕی سیاسیش بە دژی حکومەتی هەرێم و حزبە دەسەڵاتدارەکانی و نێک هەر بە زیندووزەنگ سەرکوت کراون، بەڵکو زەرجاریش شەهیدی خوێن کراون، ئەمە جگە لە تیرۆر و گرتن و شکەنجەدان و ڕاوەدوونانی چالاکوانان.

بەم شێوەیە مێژووی ئەم هەرێمە مێژووی کێشمەکێش و خەباتێکی جەماوەری زەحمەتکێشە بەرامبەر ئەگانێکی ڕەکخراوی دەسەڵات

کە خاوەن میلیشیای حزبی و ئاسایش و پاراستن و دادگا و زیندان و میدیایەکی زبەلاح و بە پیادەکردنی سیاسەتی ئابووری نیولیبرالیزمیش تەواوی سەروەت و سامان و دارایییەکانی کۆمەڵگەی قەرخکردووە بە کۆمایەتییەک کە خەیان لە سەنتەری ئەو کۆمایەتییەدان، و بێکاری و هەژاری و بێ خزمەتگوزاریشیان سەپاندووە بەسەر زۆرینەی هەرەزۆری جەماوەری هەرەمەکەدا.

3. بارودۆخی تازە

ئەوەی شایەنی باسە ئەم کێشمەکێشە چینایەتییە لە ئێستادا لە بارودۆخێکی تەواو جیاواز لە ئارادایە لەچاو بارودۆخی دە – پانزە ساڵ لەمەو پێش. بەشێکی پێکهێنەری ئەم بارودۆخە تازەیە جگەوەگەی ناسیونالیزمی دەسەڵاتدارە لە هاوکێشە ناوخۆییەکانی عێراق و هاوکێشە هەرێمییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە تا دێت بەرەو لاوازی دەچێت، ئەمە جگە لە ناکۆکی ئیزەکانی ناوخۆی و نەتوانینی لە پێکهێنانی کابینەی دەیەم لە حکومەتی هاوبەش. ئەمە و پەسەی سازانی ڕووتی ئەجێلانیش لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا و حکومەتی شارع لە سوریا، ئەو چاوەڕوانییەی کە ناسیونالیزمی چەپی کورد هەیبوو لەم ڕووتە توشی نیگەرانی و جەرەک لە نائومێدی سیاسی کردووە.

لەبەرەدا نامانەوێت؛ نە بچینە ناو باسی جگەوەگەی ڕوو لە لاوازی ناسیونالیزمی دەسەڵاتدار، وە نە بچینە ناو باسی ڕووتی ئەجێلانی و نائومێدی سیاسی ناسیونالیزمی چەپ لە کوردستاندا، بەڵکو ئەوەی مەبەستی ئەمەیە ئەوەیە کە هاوکێشەی ئەم دوو ئاڵوگۆڕە و لەم کێشە فکری و سیاسییەدا کە ناسیونالیزمی کوردی تێکووە، دوو تایبەتمەندی کۆنەپەرستانەی ناسیونالیستی لەناو کۆمەڵگەدا پەرەیان سەندووە، کە ئەویش لایەک پشتیوانی کردنە لە دەوڵەتی ڕەگەزپەرست و فاشیستی ئیسرائیل، و لاکەی تریشی پەرەسەندنی ڕاسیزمێکی ئاشکرا و بێ پەردەیە.

دیارە ئەمەش دیاردەیەکی تەنها کوردستانی نییە، بەڵکو دیاردەیەکی جیهانییە و بەشێکە لە قەیرانی سەرمایەداری جیهانی و دەسەڵاتە بورژوازییەکانی. ئەوەتا لە جەرگەی وڵاتانی ئیمپریالیستی ڕۆژاوا لە ئەوروپا و ئەمریکادا ڕووتە فاشیست و ڕاسیستەکان ڕۆژبەڕۆژ لە پەرەسەندندان وەک ئاڵتەرناتیفێکی بورژوازی.

هەشتا ئەم تایبەتمەندییە فاشیستی و ڕەگەزپەرستییە لە کوردستاندا دوورە لەوەی وەک بزووتنەوەیەکی سیاسی و

بەرجەستە خۆی بنوێنێ، بەرنامە هاوکاتی بنبەستی دەستەبژێری هەرەمەکی و نائومێدی ناسیونالیزمی چەپ، کاریگەری خۆی بەجێرەک دادنێت لەسەر کەشمەکەشی چینایەتی ناو کۆمەڵگە و بزووتنەوەی ناڕازایەتی جەماوەری، بەیە خوێندنەوەی ئەم دیاردانە و لەبەرچاوگرتنیان پێویستن لەلایەن هەموواوانی بزووتنەوە جەماوەرییەکان و کرێکارانی ئاوە و سۆشیالیستەکانەوە.

4. ئاوگەڕکانی ناو بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی

خاڵکی تر لەم کێش و هەوا تازەیە ئەو گەڕانکاریانەن کە لەناو بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی کوردستانی عێراقدا هاتوونەتە ئاراوە لە سێ چوار ساڵی ڕابردوودا.

بینیمان ڕێکخراوی (یەکێتی کۆمۆنیستەکان لە عێراق) پاش پەسەندکردنی خۆ یەکلا کردنەوەی چەندین ساڵە لە (٢٧-٩-٢٠٢٥) لە ڕێگەی بەیاننامەیەک خۆیان هەڵوەشاندەوە کە تەیدا خوازیاری هەمان ئەو ئەلگەیە بوون بە عێراق و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە پێشتر لە کوردستانی سوریا لە ئارادا بوو، کە ئێستا تێکەڵ بەتەوە لەگەڵ دامودەزگای حکومەتی ئەحمەد شەرع.

لە لایەکی تریشەوە مەیلی ڕیفۆرمیستی لەناو بزووتنەوەی چەپدا لە چەند ساڵی ڕابردوودا پێ بە پێ ڕووخساری خۆی کامڵتر و بەرجەستەتر کردەتەوە لە ڕێگەی خزانە ناو پەسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی و هاوئاهەنگی کردن لەگەڵ حزبی شیوعی (کوردستان و عێراق) و ئومێد بەستن بە هەڵمەتی "دژە گەندەڵی" سەرۆک وەزیرانی عێراق.

بەم شێوەیە لەناو بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستیشدا جەمسەرگیرییەکان ڕوونتر بوونەتەوە، بەشێک پێیوەست بوون بە ئەلگەی ناسیونالیزمی چەپ و بەشێک بەرەوبەن بە هاوئاهەنگی لەگەڵ سیاسەتەکانی حزبی شیوعی کوردستان و لەو نەوشدا (بەدیلی کۆمۆنیستی) لەسەر خەتی مارکسیزمی ڕادیکاڵ و ئینتەرناسیونالی خۆی بەردەوامە.

5. دەربازبوونی مارکسیزم لە بازنەی ڕۆشنگەری

جیا لەوەی ئاماژەی پێکرا، چەندین مەحفەل و گرووپ و ڕێکخراوی تریش لەناو بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی کوردستانی عێراقدا هەن لەوانە (ئاتەنا تیقی سۆشیالیستی) و (سۆشیالیستە شۆڕشگێڕەکان) کە چالاکی ئەو مەحفەل و گرووپ و ڕێکخراوانە لایەک بڕوادانە بە باسە تیۆرییەکانی مارکسیسزم بەشێوەیەکی گشتی و لایەک پێوپاگەندەیە دژی سەرمایەداری و ئیمپریالیزم و قەیرانە لەچارنەهاتووەکانی و دەسەڵاتی

بەبەی بورژوازی، لەگەڵ پەوپاگەندەکردن بۆ سۆشیالیزم و یەکسانی و ئازادی. ئەوش جۆی دەستخۆشانەیە و کارەکی پایەیی کۆمۆنیستییە و بەردەوام دەبێ ئەنجام بدرێت، بەڵام چالاکی کۆمۆنیستی نابێت تەنها لەم بازنەیەدا بمێنێتەوە، چوونکە ئامانجی چالاکی کۆمۆنیستی گۆڕینی جیهانە بۆ عەمەلی، ئەمەش بۆ پراتیکەکەی شۆڕشگێڕانەی ڕێکخراو کە تیۆری شۆڕشگێڕانە زاڵ بەسەریدا دێت دێ، نەک تەنها بۆ پەوپاگەندە و هۆشنگەری فکری و سیاسی.

ڕاستە قۆناغی سەرمایەداری لە ئاراداید، ناتوانایی دەسەڵاتی بورژوازیش هۆیەکە چارەسەری پۆ ناکرێت جگە لە سەرکوتی ناوخۆیی و شۆڕ و پێکدادانی دژەکی، هۆروهها ناڕازایەتییش هۆیە، بەڵام بۆ ئەوەی کۆتایی بەسەرمایەداری و دەسەڵاتی بورژوازی بهێندرێت و کرێکار و زەحمەتکەش بتوانن دەسەڵاتێک دابمەزرێنن کە ئیرادەی خۆیان بێت و پایەکانی کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستی دابمەزرێت، پێویستە ئەو ناڕازایەتییە کۆمەڵایەتی و جەماوەرییانە بەرزبکرێنەوە بۆ ئاستی بزووتنەوەیەکی چینایەتی سیاسی ڕێکخراو و یەکگرتوو بۆ ئاسەیەکی سۆشیالیستی ئینتەرناسیونالییەوە. مژووی هەموو کۆمەڵگە سەرمایەدارییەکان لەوانەش لە عێراق و هەرێمی کوردستانەکەیدا لەڕدا گیری کردووە و ئەم گرۆگۆڕە سەرکییەکەی خەباتی چینایەتییە لەمەدا.

هەرچەندە، کاری هۆشنگەری دژی سەرمایەداری و دەسەڵاتی بوورژوازی کارەکی پاییە و بەردەوام دەبێت ئەنجام بدرێت، بەڵام ئەوەی ئەسڵە لەڕدا، ئەوەیە کە دەبێ یەک خەتی سیاسی مارکسیستی و کۆمۆنیستی شۆڕشگێڕی ئینتەرناسیونال و سەراسەری لە عێراقدا بخرێتەوە بۆ کار و چالاکی کۆمۆنیستی کە هەرێمی کوردستان بەشێکی لێکهەڵپێکراوی بێت، وەک ئەوەی کە (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی) پێی هەڵدەستێت. لە ئێستادا ئەرکی کۆمۆنیستەکان ئەوەیە بۆ موشەخەسی.

هەر ئەم خەباتە سیاسییە کۆمۆنیستییەش کە سەربەخۆیی چینایەتی و تیزی سەربەخۆی بزووتنەوە ناڕازایەتییەکان دەپارێزێت لە ئاجیندای ڕەوتە فکری و سیاسییەکانی بورژوا ئۆپۆزسیۆنی قەومی-ئیسلامی، و ڕەگریش دەکات لە تێشنەکردنی ڕاسیزم و فاشیزم بە ناو ژینگەی جەماوەری زەحمەتکەش و ئاڕاستەکردنی تووڕەیی و بێزاریان لە سیستەمەکە و لە دەسەڵاتی بورژوازی بۆ دژایەتی کردنی بەشێکی تری کرێکار و زەحمەتکەش بەناوی نەتەوە و ئایین و … هتد.

کۆمۆنیزم دژی ئانتەرناتیڤێکی سیاسی سۆشیالیستی و پڕۆلیتاری بۆ عەمەلی بخاتە بەردەم کۆمەڵگە لەبەرامبەر گشت ئانتەرناتیڤە چەنگاوچنگکانی بورژوا ناسیونالیست و لیبڕاڵ – ئیفڕۆمیست و ئیسلامی سیاسی و چەوتە فاشیستەکاندا، ئامانج کارێکی واوتر لە چەشنگیری سۆشیالیستی و پڕوپاگەندەی دژە سەرمایەداری و دەسەڵاتی بورژوازی.
١٨ ئەیلولی ٢٠٢٦

لێکەوتەکانی جەنگی ئەمریکا-ئیسرائیل بۆ سەر ئێران، هاوپەیمانی سەربازیی سعودی-تورکی-پاکستانی وەک نموونەیەک!.. عەبدوڵا ساڵح

ووتراوە: "جەنگ سیاسەتە کاتێک وشکان شکست دەنن، ئابووریە کاتێک بەرژەوەندییەکان بەریەک دەکەون، و کارساتە کاتێک بەتاوانکان باجەکەی دەدەن".
جەنگی ئەمریکا-ئیسرائیل بۆ سەر ئێران، وەک درێژەپێدەری ئەو هەرشە تەرۆریستییە دێت کە بزووتنەوەی حەماس لە ٧ی تشرینی یەکەم (ئۆکتۆبەر)ی ساڵی ٢٠٢٣ بۆ سەر ئیسرائیل ئەنجامی دا، بە پاڵپشتی و پشتگیری و هاندانی کۆماری ئیسلامی لە ئێران و دەستوپێوەندەکانی لە ناوچەکەدا، ئەوشی بە دوایدا هات لە تاوانکانی پاکتاوکردنی دانیشتوانی کەرتی غەزە لەلایەن حکومەتی فاشیستی ئاستەو لە ئیسرائیل و هەنانی هەموو ئەم تراژیدیایە بە سەر فەلەستینییەکان، پاشان جەنگی ئەم دواییەی ئەمریکا و ئیسرائیل بۆ سەر ئێران، کە بە نەرێی خێی بارودۆخێکی سیاسی و سەربازیی نوێی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەنایە کایەوە بە شێوەیەک دەکرێت بخرێتە چوارچێوەی ئەوەی کە هەندێک پێی دەڵێن "ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ".

دیارە لەکوتەکانی ئەم شەڕە چەند هەفتەیەکی گرنگ لە خەی دیگرە لەپێشیانەوە هەفتەی ئابووریەکان، کەمپانیاتیەکان و ئەمجا سیاسیەکان. ئەگەر بەکورتی بڵایەنە ئابووریەکیدا بچین دەبینین کە کاریگەری ئەم شەڕە نزیک تەنیا کەوتەتە سەر وڵاتانی ناوچەکە، بگرە سەر تەواوی ئابووری لە جیهاندا و نرخی کاڵاو شمەکی تا ڕادەیەکی بەرچاو بەرز کردۆتەوە، ئەویش بەهەی بەستنی گەڕوی هەرمزەوە لەلایەن ئێران و کەمکردنەوەی هەناردەی وزە لەسەر ئاستی جیهان. لەباری کەمپانیاتیشەوە، جگە لە بارگرانییەکی بە وزنە بەسەر خەڵکی ئێران بەتایبەتی، هەڵشەی لە گرژنە چونی پێوەندیە کەمپانیاتیەکان، ئەوە جیا لە سەرکوت و زیندان و سزدارە. ئەم شەڕە کاریگەری، تا ئێندازیەک، بەرچاوی لەسەر دانیشتوانی ناوچەکەش دروست کردوە بەجۆرێک کە خەڵکی لە دەڤاوکێیەکی بەردەوامدا ڕاگرتووە.
هەفتەدە سیاسیەکانیش کە کرێکی ئەم باسەن، هوون و ئاشکرا دیارن، یەکێک لەوانە سەرۆکای پرسەی بەرەو ئاوابوونی هێزی میلیشیاکان لە دەستوردان لە سیاستکانی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا، واتە ئەوەی بە زمانی سیاسی پێی دەوترێت "دەوڵەتی قووڵ"؛ وەک حەماس لە غەززە، حزبوڵا لە لبنان، میلیشیا شیعییەکان لە عێراق، هەروەها هەوەندی بەرەوئاوا بوونی هێزی، بزوتنەوە چەکدارەکان، ئەوەی پێی دەوترێ "خەباتی چەکداری" وەک (پەکەکە لە تورکیا، هەسەدە لە سوریا..).
ئەوەی زۆر زۆق و ئاشکرایە لەم هەفتەدە سیاسییە فشەڵی هێزی ئەمریکایە لە پاراستنی ئەمنیەتی هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکە، واتە چەتری پارێزگاری ئەمریکا، بەتایبەت بە وڵاتانی کەنداو نەیتوانی چەترێکی جێگای متمانەی تەواو بێ. ئامانجی ئەم لەم نوسینە، تیشکخستنە سەر دەرئەنجام و ئاسەی هەفتەدە سیاسیەکانی ئەو شەڕەیە، کە یەکێک لە دیارترینیان دامەزراندنی هاوپەیمانی سەربازیی سەقەڵیی ئاماژەپێکراوە.
لە ٧ی ئابی ٢٠٢٦، سعودیە، تورکیا و پاکستان هاوپەمانەتییەکی سەربازیان واژۆ کرد بە ناوی "هێککەوتنامەی مەککە بە بەرگریی هاوبەش" کە چوارچێوەیەکی بەرگریی سەقەڵییە و جەخت لەوە دەکاتەوە کە هەر هەرشکی چەکداری بە سەر یەکێک لەم سێ دەوڵەتە بە هەرش بە سەر دەوڵەتکانی تر ئەژمار دەکرێت، ئەمەش سیفەتێک دەبەخشێتە ئەم هاوپەیمانییە کە لە ماددەی پێنجەمی پەیماننامەی "ناتۆ" دەچێت.
ئەوەی سەرەتا بە مەشکدا دێت ئەم پرسیارەی خوارەوەیە: هەکارەکانی دامەزراندنی ئەم هاوپەیمانییە چیین؟ و چییە ئەوەی هەر یەکێک لەم سێ دەوڵەتە هەوەسی بە دەدات لە پشتی چوونە ناو ئەم

هاوپەیمانییە و ڕۆی هر یەکەکیان چییە؟
بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، دەبێت سەرەتا بگەڕێینەوە بۆ واستیەک کە جەنگی ئەستا سەلماندویەتی، ئەویش شکستی سەربازی و سیاسی ئەمریکا لە دەست گەیشتن بەو ئامانجەی شانبەشانی ئیسرائیل و حکومەتە ئاستەوکەی نەخشیان بۆ کێشابوو، نیشانەکانی ئەم شکستە لە سەرەتای جەنگەکەوە دەرکەوتن کاتێک ئامانجی سەرەکی بریتی بوو لە تەکشکان و خاپوور کردنی بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران، گەڵا بە ئامانجێک، کە ڕەنگە ئەوەندە لە بەرچاو نەگیرابێت، ئەویش داخستنی گەرووی هورمزە لە لایەن ئێرانەوە کە بووەتە گرێ کوێرەیەک بۆ تەامپ و هاوپەیمانەکانی، هەروەها کردنەوەی گەروەکەش بووەتە یەکێک لە پێشینەی ئامانجەکانی ئەم جەنگە و هەر ئەوەشە کە بۆ ئێران بۆتە کلیلی سەپاندنی مەرجەکانی بەسەر ئەمریکادا بۆ ڕاگرتنی جەنگەکە.
ئەم جارە لە شکست، بگومان بۆ ئەمریکا، دەشکێتەوە بەسەر تەرازوی ململانێی لەگەڵ ڕکابەرە نوێدەوڵەتییەکانیشی لە ناوچەکە وەک چین و ڕوسیا.
بگومان، زەرەرمەندی سەرەکی لەم تەنگژەیدا، جگە لە جاوەری ماندو وە برسیکراو سەرکوتکراوی ئێران بۆ تایبەتی و جاوەری ناوچەکە بۆ گشتی، وەاتانی کەنداون، ئەوان سەرچاوەی سەرەکی ئەو دەرامەدە زۆبەلاحی هەیانە لە ڕۆی هەناردەی ئەو نەوت و گازەیە کە سەرچاوەی سەرەکیی ئابووریانە، ئەویش کەوتووەتە ژێر پەلاماری ئێران و تێپەڕبوونی بە گەروی هەرمز بەستراوەتەوە بە ڕەزامەندیی و ئەکەی ئەو، سەرەڕای ئەوەش ئەم وەاتانە بوونەتە ئامانجەکی سەربازیی "نەرم" بۆ ئێران کە هەرکاتێک بیەوێ هەرشیان دەکاتە سەر، بۆ بیانوی بوونی بنکەی سەربازیی گەورەی ئەمریکی لەسەر خاکەکەیان.
دەربارەی ئیسرائیلیش، هاوپەیمانی جەکەوتوی ئەمریکا، کە دەستی واڵا بۆتەوە، لە ڕووی سەربازییەوە، لە ڕەڕهەڵاتی ناوەڕاستدا و هەر کاتێک بیەوێت پەلامار دەدا و هەرش دەکاتە سەر بەشێک لە دراوسێکانی (غەزە، لوبنان، سوریا) و خاکەکانیان داگیر دەکا بەبێ هیچ ڕەگرێک، بەمەش ڕاستەوخۆ هەڕەشە لە بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتانی ناوچەکە دەکات بۆ گشتی.
لە دوای ئەم گەڵانکارییانە، کە بۆ گەڵانکاریی ستراتیجی هەژمار دەکرێن، پەیوستیی دروستبوونی ئەم هاوپەیمانییە دەرکەوت، ئەگەرچی وەک دەزگا ئیعلامییەکانی ئەو سێ دەوڵەتە باسی دەکەن گوایە ئەم هاوپەیمانییە ئەنجامی نزیکەی دوو ساڵ لە دانوستان بووە و ئامانجی، بەپێی ئیدعای لایەنەکانی، بریتییە لە "بونیادنانی سیستەمێکی ئاسایشی هەرمیی سەربەخۆ کە هاوسەنگی لە نێوان پەداویستییەکانی هەرسێ دەوڵەتەکەدا بپارێزێت". هەروەها وەک

پاشکشەی متمانە بە ئەمریکا لە پاراستنی ئاسایشی ناوچەکە لە چنگ ئێران و دواتر ئیسرائیل ئەمەش وای لێو سە دەوڵەتە کردووە کە بە دوای هەڵکار بگەڕێن سەربەخۆکاندا بگەڕێن.
"هەڵکەوتنامەی مەککە بە بەرگریی هاوبەش" وەک سێ دەوڵەتەکە ئاماژەی پێدەدەن، سەرلەنوێ دارشتنەوەی هاوسەنگیی هێزە لە هەژەماتی ناوچەکە است، ئەویش بە تەکەڵەکردنی تەکنەلەجیا و پشەسازیی سەربازیی پشکەوتووی تورکی لەگەڵ پاپشتیی دارایی سعودیە و توانای سەربازیی و ئەتەمی پاکستانی، ئەمەش هاوکێشەیەکی هێزی نوێ دەسپێنێت کە ئامانجی شکاندنی قەرخکاریی سەربازیی ئیسرائیلە لەلایەک و سنوردانانەکە بە ئەجیندا و خەونەکانی جمهوری ئیسلامی لە ناوچەکەدا لە لایەکی ترەوە، ئەم هەڵکەوتنە هەڵبژاردنەکی ئاسایشی سەربەخۆ بە سعودیە دەبەخشێت کە پەویستی بە هاوپەیمانی لەگەڵ ئیسرائیل و چوونە ناو هەڵکەوتنەکانی ئابراهام کەم دەکاتەوە بەو شەویەی کە تەمپ هەوێی بە دەدا.
هێزی ئەتەمیی پاکستان دەبێتە بەربەستێک بە هەر لایەنێک کە بەنیازی بزاندنی "هەڕە سووڕکان" بێت لە هەڕشکردنە سەر وڵاتانی هاوپەیمانی، هەنگە ئەم چەکە، لەلایەکی ترەوە، بشبێتە هەی سەقامگیری سیاسی و سەربازی! لە بەرامبەردا، پاکستان سوودمەند دەبێت لەو سەرمایە زۆرەی سعودیە بە هەگری لە داهمانی ئابووریە بێتواناکەی، سەرەڕای هەوەکانی بە پاراستنی هاوسەنگیی ستراتیجی لە ململانێ مەزووییەکیدا لەگەڵ هیندستان.
سەبارەت بە تورکیا، کە وەاتەکە لە پەیمانی ناتە و بەهێزترین سوپای ناوچەکەی هەیە، بەردەوام بەرژەوەندییەکانی بە هەڕەشە لەکراو دەبینێت لەلایەن ئیسرائیلی هاوپەیمانی ئەمریکاوە، ئەویش بەهەی سیاستەکانی حکومەتی ئیسرائیل بەرامبەر سوریا کە بە گرنگترین هاوپەیمانی تورکیا لە ناوچەکەدا دادنرێت (دوایین هەرشی سەربازییان بە سەر فڕۆکەخانەی "أبو الضهور" لە ئیدلیبی هەژەماتی سوریا لەسەر سنووری تورکیا بوو). لەبەر ئەوە، تورکیا پەویستی بە هێزی ئەم هاوپەیمانییە هەیە بە پاراستنی هاوسەنگیی ستراتیجی، سیاسی و سەربازی لەگەڵ ئیسرائیل. لە لایەکی ترەوە، دوو هاوبەشەکەی تر، بە تایبەتی سعودیە، دەبێتە بازاڕەکی بەرچاو بە کەینەی پشەسازییە سەربازییە پشکەوتووەکانی تورکیا.
سەبارەت بە سعودیەش، کە متمانەی بە ئەمریکا وەک هاوپەیمانێکی ستراتیجی، بەتایبەتی لەبەرامبەر ئێراندا، بە جۆرێک لە جۆرەکان، لەق بووە، دەیەوێت ئاسایشی نەتەوەیی خۆی بپارێزێت بەدوور لە گەڕانکارییەکانی هاوپەیمانییە نودەوڵەتییەکان. لەبەر ئەوە، لە هەگەی ئەم هاوپەیمانییەوە هەوڵ دەدات پەیامێک ئاڕاستەی هەر

لایەنێک بکات کە مەبەستی بێت زیانی پێ بگەیەنێت و بڵێت: "ئەمە خاوەنی چەتری ئەتەمی و هەڵکەی سەربازیی گەورە و ئایدۆلۆجیایەکی ئایینین کە لەگەڵ دوو هاوپەیمانەکەی تردا کەمان دەکاتەوە، و بەمەش هەوڵ دەدەین تەنیا پشت نەبەستین بە چەتری ئەمریکی".
بەشک پێلاماری ئەم دوایەی حوسیەکانی یەمەن بۆ سەر سعودیە ، تا ئەمڕۆش، بەو پێلامارە هەژمار ناکرێ کە پەیوەستی دەخالەتی ڕاستەوخۆی تورکیا و پاکستان بکا بۆ بەرگری لە سعودیە، بەتایبەت کە ئەمریکا خۆپارێزی نیشاندا لە بەرامبەر هەڕەشە بۆ سەر حوسیەکان، جگە لەوەش حوسیەکان ناتوانن مەترسی وجودی بن بۆ سەر سعودیە.
پرسیارێکی تر کە لێرەدا خۆی دەسەپێنێت ئەوەیە: ئەی عێراق و هەرێمی کوردستان لە ناوەڕاستی ئەم کێشمەکێشەدا چیان بەسەر دێت و چی چاوەڕێیان دەکات لە ئەنجامی ئەم گەڕانکاریانەدا؟
ئاشکرایە عێراق و هەرێمی کوردستانیشی لەگەڵ بێ، لە دوای داگیرکاریی ئەمریکا و هاوپەیمانانی ڕۆژهەڵات بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە، بەیاری سیاسیی سەربەخۆیان لەدەستداوە و لە کێشتیەک دەچن کە شەپۆلەکان یارییان پێ دەکەن؛ چونکە هەڕەشە هەرێمی و نەودەوڵەتیەکان دەستی والایان هەیە لە داشتن و پیادەکردنی سیاسەتەکانیان. ئەم جەنگەش بارودۆخەکەی ئاڵۆزتر کردوە، بە شێوەیەک کە سیاسەتی "بەدەستەوە گرتنی دارەکە لە ناوەڕاستەوە" بووە بە یەکێک لە ناکارامەترین و فاشیلترین سیاسەت.
لەو کاتەی عەلی زەیدی، ئەو ملیۆنێرە تازەپێگەیشتووەی لە ناو ژینگەیەکی سیاسی تائیفی و قەومی و ژینگەیەکی ئابووری گەندەڵی، مەحسوبیەت و بەرتیلخۆریدا هەڵتەقیوە و بە پاڵپشتیی ئەمریکا و ڕۆژاوا هاتە سەر دەسەڵات، وەک کەپیەکی تەواوی حکومەتەکانی پێشوو لە ڕووی سیاسی و ئابووریەوە، هەژمار دەکرێ، ئێویش بە پابەندبوونی بە "پڕۆسەی سپی"ی نیولیبرالیەوە، واتە سەپاندنی ژیانێکی کولەمەرگی و خنکێنەر بە سەر کرێکاران و زەحمەتکێشانی کەمەگەدا و واڵا کردنی دەستی کەرتی تایبەت بە چینەوەی سود و قازانجی بەربەاو.
لە دەستپێکی کارەکانی ئەم دەسەڵاتەدا چووە ناو جەرگەک لە ململانێی نوێەوە؛ لادان بەرەو ئەمریکا و هاوەڵدان بە دوورکەوتنەوە لە هەژموونی ئێران، ئێویش لە سیاسەتی (کەکردنەوەی چەک لە دەستی دەوڵەت)دا ڕەنگی دایەوە، ئەمەش کێشوهەوایەکی ئاڵۆزی لە نێوان بەیار بەدەستەکان لە وڵاتدا دروست کرد (چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعی) کە زەربەی لایەنەکانی خاوەنی میلیشیای چەکدارن و ئەم سیاسەتەش دەچێتە خانەی چەککردن و تەکەبوونیان لەگەڵ هەڕەشە سەربازییە فەرمییەکانی دەوڵەتدا. پرسەی ئەم چەکداماڵینە ناکرێ

وەک کارەکی ئاسایی سەیر بکرێ بەڵکو قۆرت و پڕچی زۆری لەبەر دەمە، هەر ئێستا دەنگەی (شاردنەوەی چەکەکانیان نەک ئادەستکردن) وەک بژاردەیەک هاتۆتە ئاراوە، ئەمەش دەبێتە ئاڵنگاریەک بۆ دەرکەوتنەوەیان لە فۆرم و شکڵێکیتردا. دەکرێ ئەم حاڵەتە لە هاوکێشەیەکی کورتدا کۆبکەینەوە ئاوێش وەک ئاوەی(حەیدەر عەبادی) بۆئاشکرا دانی پێدا نا: عێراقی ئەمڕۆ بەمانای دوێنێ میلیشیا، نەمانی میلیشیا واتە نەمانی ئەم دوێنێ!!
ئەم بارودۆخە کاریگەریی نۆرمنی لەسەر سیاسەتکی تری دوێنێت دروست کرد کە بریتی بوو لە "ووبڕووبوونەوەی گەندەڵی"؛ سیاسەتک بۆ ئاوی ماسیێ بچکۆلەکانی گەندەڵیی دەستی پێ کرد دوور لە حوتە زەبەڵاحەکان. لە بارودۆخکی وەهادا، ئەم حکومەتە ئاو دارەساێ سیحرییەی پێ نییە کە وەڵات بەرەو سەربۆخێی لە بیاردانداببات، ئەستا عێراق لە نێوان هەردووک بەرداشی ئێران – ئەمریکا تلاوتلیەتی، سەرەڕای ئاوەش لە گەڵ ئاو قیرانە دارایێ خنکێنەردا دەست و پەنجە نەرم دەکا کە بەهەی شکێی ئەمریکا و ئێرانەوە دروست بوو سەرباری گەندەڵیی بوونە کە دەمکە بەرەکی عێراقی گرتووە.
سیاسەتی عێراق، بەپێی ئیدعای بەرپرسان، لە: "بەڵایەنی، هاوسەنگی و دیپلۆماسی، لەگەڵ پێدانی ئاوڵەویەت بە بەرژەوەندیی نیشتمانی، سەروەری و سەقامگیری"دا خێی دەبینێتەوە، ئەمەش بۆخێی هیچ نییە جگە لە دروشمێک کە حکومەتکانی پێشوو بەرزیان کردبۆوە و ئەنجامکۆشی دەرکەوت؛ لەبەر ئاوە، ئومێد بەستن و هەڵچنینی هیوایەک بەم سیاسەتانە بازێکە لە بەشایدا.
کوردستانیش، وەک بەشێکی دانەبڕاوی عێراق کە هەمان ئاو بارودۆخە دەیگرێتەوە، لەباری سیاسیەوە، لەڵایەک دەست و پەنجە لەگەڵ ململانێ هەردوو حزبی دەسەڵاتدار نەرم دەکا و پاشاگەردانیەکی ئابووریش کە باجکەی بۆتە بارگرانیەکی قورس بەسەر شانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و کەمدەرامەدی کەمەگا، ئەمە و سەرباری سەرکوتی سیاسی و خۆفکردنی دەنگی ئازاد. لەڵایکی ترەوە ئاپۆزسیونی پڕ دەسەڵاتیش لە کوردستان جگە لە هاشوهوش و بێ بەمەبستی بەدەستەوە گرتنی چەمکێکی دەسەڵات ناکرێ و ناتوانێ شتکی تری لە چاوەڕوان بکرێ.
حزب و ڕێکخراوە چەپکانیش بۆتایبەت، باێ پڕ ناسیۆنالیستکەی چەپ، کە ئەلگەی کوردستانی سوریای وەک ئامانجک بەدەستەوە گرتبوو بانگەشەی بۆ دەکرد، ئێستا و دوای جوڵە لەژیکیەکەی (هەسەدە) لە چوونە ژێر عەبای ئیسلامیەکان، بۆیە دەڵێین لەژیکی چونکە ئاو، واتە (هەسەدە)، وەک حزبکی چینی بەرژوازی، قازانجی چینکەی لەم ڕووەوە بەدیکرد بۆیە ملی لێنا، ئەمەش ناکرێ وەک شکست هەژمار

بکرێ، تاکە شکستێک کە لەمنووەدا هەبێ ئاوێ وەهم و خەشخەیاڵی چێپی پرۆ (هەسەدە)یە.
ئەم گۆڕاوی ئەمڕۆ عێراق و کوردستانی پێدا تێپەڕ دەبێ، هیچ ڕێگەیەک بۆ تێپەڕاندنی نییە جگە لە ڕەکخستنی ڕێزەکانی کرێکاران، زەحمەتکێشان، بێکاران لە گەنجانی کوێ و کچ، و سەرجەم تووژە چەوساوەکان، ژنان و پیاوان، لە ڕێزەکی خەباتکارانەی سەربەخۆی یەکگرتووەدا و جیاکردنەوەیان لە ڕێزەکانی پێکهاتەی چینی دەسەڵاتداری بادەست (واتە بەرژوازی)، بەرەو هەڵچوونکی شەڕشگێڕانە کە دەسەڵات و مافیاکان بە خاوەنە ڕاستەقینەکانی بگەنێتەوە و ئازادی و ژیانێکی شایستە بە سەرجەم کەمەگا دابین بکات لە ژێر ئاڵا و ئاسەی سۆشیالیزمدا بەدوور لە هەر ئاسەیەکی نەتەوەیی، ئایینی، مەزهەبی، ڕەگەزپەرستانە و جێندەری.
٢٠ی ئەیلولی ٢٠٢٦

من و ئاو دەپێکمان بینە..
شیعری عەباس ئیسماعیل حەمەد

ئاو لە منە!
ڕەنگەو دەگەڵین
سە ناکەینەوە
بەسەر زەماندا دەنووشتێینەوە
سوخەتمانە
دنیایین
پەردەی بەرد هەڵدەتلەقێنین
ئەگەر لەمگەڵن
دەبم بە هەڵم
ئەگەر لەمگەڵن
موژدەی بەفرم پێیە.
دەبم بە دەڕپ
هەدی هەدی
لە ترپەی دە دەچم
ئەخزنی بەرد لە جەرگم بەردەبی

ئاو لە منداڵدا توتەوە
سەربردەی ئێشکەفتم پێیە
تارمایی سەر دیوارەکانم لەبیرە
پشتم لە هاوناکی نەکردیە
تیشکێک لەو هەڵدە
هەڵبەستم پێیە
لە ساوسەوکانم
ژووانم هەیە
ئاو لە من فێری عەشق بوو
عەشق لە منداڵ قەتماخێی گرت
قەتماخێی من ماکی عیشقە
کەس پێی پێ نەبردیە
خەزگێی من ئامانە
چەپینەوەیە
دەبارم، من تاڤگێی بەفرم
من هاژێی تەواوبوونم
هاژەم
لە ورشێی با دەچێ
لە گمێی کەتر
لە پسکێی گوێ
لە خەرمانێی پشوختە
جەخینێی نەکردیە
ئەزەل

لە هەورازیدا دەم دەنیشمەوە
من بەرزەفڕەم
فەین لە منداڵ درێپێی دەکات
پێپولە
بەفر
کنەر
تارا
نرکێی هەناوم
ئەشماڵە هەڵدەدەن
قەف قەف
پێپکێی سەر درزەکان ماچ دەکەن
ماچم دەکەن
فەین لە منە

هەندێشمەو
□□□و
بارین
شەو و شەونم
بەرزەز . . . خوناو
ماچ دەکەم!

ئەو شەو
خودام هاتە خەو
سرووشی نوێ دەنووسمەو
خەونێ بەخەم دەبینم،
خودا نیم
خودا لە منە
حریتەمان دەوات
خەزگەم بەوەی ئاگای لێیە
شیعرم نەرکی کردیە ئەوە
لە ئێشکەفتە ووم وەرگەڕایە
عیشق ئەوهایە
دانامرکەمەو

عەباس ئیسماعیل حەمەد
هەولێر
2026-09-22

ئایا کاتی گەڕانەوەی چەپکان هاتووە؟.. نووسینی هەمن عەلی

لە ئەوروپادا، گرانیی ژیان و کرێی خانوو ژیانی خەڵکیان قورس کردووە. پەنابەرانیش لە پاڵ ئەم کێشانەدا هەوبەووی جیاکاری دەبنەوە. هاستەوەکان پەنابەران تاوانبار دەکەن، لە بەرامبەردا هەڵبژاردن و هاپرسیێ تازەکان نیشان دەدەن کە چەپکان لە چەند وەاتەکی ئەوروپا بەرەو پێش دەچن.

بەرلین نموونەیەکی بەرچاوە. بەپێی ئاژانسی هەواڵی ڕێتەرز، پارتی «دی لینکە» لە هەڵبژاردنی ئێلوولی ٢٠٢٦دا بە ٢٥٫٣٪ی دەنگەکان بووە یەکەم هێزی سیاسیی شار. ئلیف ئەراپ، کاندیدی پارتەکە، دەیەوێت ببێتە سەرۆکی حکومەتی بەرلین، بەڵام بە گەیشتن بەو پێستە پارتەکەی پێویستی بە هاوپەیمانی هەیە. کۆشەی خانوو و بەرزیی کرێ لە پرسە سەرەکییەکانی هەڵبژاردنەکە بوون.
لە سوید، بەپێی ئاژانسی هەواڵی ئێسشیێتد پرێس (ئێی پی)، بەرێی ئێپزسیۆنی چەپ و ناوەڕاستی چەپ لە هەڵبژاردنی ٢٠٢٦دا ١٧٦ کورسی لە کێی ٣٤٩ کورسی بەدەستهێنا و بە جیاوازییەکی کەم سەرکەوت. پارتی چەپ بەشکە لەو بەرێیە، بەڵام هێشتا پێکهێنانی حکومەت دیار نییە.
لە فینلەندا، بەپێی ڕاپرسیی دەزگای ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی گشتیی فینلەندا (ئولە)، پشتیوانیی «هاوپەیمانیی چەپ» گەیشتووەتە ٧٫١١٪؛ بەرزترین ڕاستی ئەو پارتە لە ڕاپرسییەکانی یەلەدا. ئەمە نیشانەی زیادبوونی پشتیوانییە، بەڵام ئەمە ئەنجامی هەڵبژاردن نییە.
لە دانیمارک، بەپێی ئەنجامە فەرمییەکانی دەزگای ئاماری دانیمارک، پارتی «چەپی سۆز» لە هەڵبژاردنی ئاداری ٢٠٢٦دا پێنج کورسی زیاتری بەدەستهێنا و بە ٢٠ کورسی بووە دووەم گەورەترین پارتی پەرلەمان. پارتەکە باشترکردنی ژیانی خەڵک و پاراستنی ژینگە پێکەوە دەخاتە ناو بەرنامەکەیەوە.
ئەم نموونانە ئەوە ناگەیەنن کە هەموو پارتە چەپەکان وەک یەک بیر دەکەنەوە، یان لە سەرتاسەری ئەورووپادا سەرکەوتوون. بەڵام لە ناو ئەم دەخە نائومێدکەرەدا پرسیارێک دەمێنێتەوە: کە دەبێتە دەنگی ئەوانەی مووچەکەیان بڕشی کرێی خانوو ناکات، کەمدەرامەتن، یان وەک پێناببەر لە پەراوێزی کەمەگادا ماونەتەوە؟
ئەگەر چەپەکان بە هەنگاوی کرداری و ڕەزگرتن لە هەمووان وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە، سەرکەوتنەکانیان تەنها بە ژمارەی دەنگەکان ناپورێن، بەڵکو دەبنە تیشکێکی هیوا بە ئەوانەی ماوەیەکە چاوەڕێی گەڕانن. کەواتە دەنگە هێشتا زوو بڕیین کاتی گەڕانەوەی چەپ هاتووە، بەڵام دەرگاکە کراوەتەوە.
ئەم پرسیارە تەنها هی ئەورووپا نییە؛ لە کوردستانیشدا کە دەبێتە دەنگی ئەوانەی لە نادادپەروەری دەناڵێنن؟ کوردستان پێویستی بە دەنگێکە کە بەرگری لە مافی کرێکاران، کەمدەرامەتان و ئەوانەی لە پەراوێزدا ماونەتەوە بکات. ئەگەر چەپەکانی کوردستان بتوانن ئەم داواکارییانە بکەنە کاری ڕاستەقینە، دەتوانن هیوای گەلان لە دەی خەڵکدا زیندوو بکەنەوە.

پرسی کورد لە لوبنان.. رۆژا شوان

کۆماری لوبنان، دەکەوێتە رۆژئاوای کۆشکی ئاسیاوە. لەسەر دەریای سپیی ناوەڕاستە. رووبەری لوبنان (١٠،٤٥٠) هەزار کیلۆمەتری دووجایە. ژمارەی دانیشتوانی لوبنان لە (٧) ملیۆن کەس زیاترە. وەاتەکی فرە نەتەوەیە، لە دە نەتەوەی جیاواز پێکهاتووە. کورد یەکێکە لە نەتەوەکانی لوبنان. شاری (بەیروت) پایتەختی لوبنانە و گەورەترین شارێتی. بەندەرێکی گرنگی لەسەر دەریای سپیی ناوەڕاست.

مێژووی بوونی کورد لە لوبنان:

کورد لە لوبنانداە مێژووێکی دێرینیان هەیە. جێی دەستیان دیارە لە مێژووی لوبنادا. زۆربەی سەرچاوەکان، بوونی ڕەگ و ریشەی کورد لە لوبنان بۆ سەدەی (١٢) یەم، دەگەڕێنەوە، بۆ سەردەمی دەوڵەتی ئەیوبی کە لایەن سەرکردەی کورد، سوڵتان سەلاحەدینی ئەیوبییەوە دامەزرا، کە میسر و سوریا و لوبنان و فەلەستین بەشێک بوون لە دەوڵەتەکەی. لوبنان لایەن دەسەڵاتدارانی کوردانی ئەیوبییەوە بەڕێوە دەبرا. ئەو کوردانەی وەک جێنگاوەر و فەرماندەوا لەوێدا ماونەتەوە و نیشتەجێبوون، گوند و شارچکەی تایبەت بە خۆیان دروست کرد. بەڵام من پێموایە کە بوونی کورد لە لوبنانداە، بۆ سەردەمی میتانییەکان دەگەڕێتەوە.

میتانییەکان کورد نەژادن.

لە (١٥٠٠ ـ ١٣٧٥) پێش زایینی، ئیمپراتۆرییەتی میتانییان دروست کرد. شام و نەوان دوو ڕووبار. واتە سوریا و لوبنان و باشووری کوردستان و چەند ناوچەیەکی فراوانی تر، بەشێک بوون لە ئیمپراتۆرییەتی میتانی. شاری کۆرکوکیش، یەکێک بوو لە شارەکانی ئیمپراتۆرییەتی میتانی. پاتەختی ئیمپراتۆرییەتی میتانی، شاری (واشوکانی) بوو، لە نزیک شاری (سەریکانی) ی ڕۆژئاوای کوردستان. واتە بەر لە بوونی عەرەب لە سوریا و لوبنان، ئەم دوو وڵاتە بەشێک بوونە لە نیشتمانی کوردان و لەژێر دەسەڵاتی کوردا بوون. بۆیە کورد لە سوریا و لە لوبنان نامۆ نین و ڕەگ و ریشەیان لەم ناوچانەدا بۆ پێش زایین

دەگەڵتەوە. دواتر عەرەب لەژێر پەردەی باوکردنەوەی ئاینی ئیسلامی "فتوحات" دا، ئەم ناوچانەیان داگیکردوون و کۆمەڵکوژیی خەڵکیان کردوون. تا ئەمڕۆش ماڵیان لە خاوەن ماڵ حەرام کردوون.
لە سەردەمی عوسمانییەکانیش، دوو کۆمەڵەی کورد لە لوبناندا نیشتەجێبوون. کۆمەڵەیەکی کورد کە هاوبەستەبوونیان بە دەوڵەتی عوسمانی هەبوو. عوسمانییەکان متمانەیان بە ئاغاکان و بە میرە کوردەکان هەبوو. عوسمانییەکان بە دەیان بنەماڵەی کوردیان لە لوبناندا بە پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان، و پست و دەسەڵاتی پێیان دا و نیشتەجێیانیان کردن. کورد دەسەڵاتی بەسەر لوبناندا هەبوو.
کۆمەڵەی دووەمی کورد لە لوبنان. دەوڵەتی عوسمانیی ت، لە دوای کۆمەڵکوژیی ئەرمەنییەکان، دەستیان بە کۆمەڵکوژیی کورد. بەشێکی زۆری کورد لە ترسی کوشتن. بە ناچاری باکووری کوردستانیان بەجێهێشت و چوون بۆ لوبنان. بە تایبەتیش لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم، کە کوردستانیان بەسەر چوار دەوڵەتدا دابەشکرد. بە هەزاران خەزانی کورد لە زێدی خۆیان دەربەدەرکردن. تا ئەمڕۆش بەشێک لەو کوردە دەربەدەرانە نیشتەجێی لوبنان بوون.
شایەنی باسە هەر عوسمانییەکان، وەک سزادانێک بەشێک لە هەموەندەکانی باشووری کوردستانیان دوورخستنەوە بۆ لیبیا و بۆ لوبنان، ئەوانەی لوبنانیان، لە باشووری لوبناندا نیشتەجێیان کردن. خوالێخۆشبوو (کەریم ئاغای هەموەند) لە کۆتایی نەوەدەکانی سەدەی رابردووەدا، سەردانی هەموەندەکانی باشووری لوبنانی کرد. زۆر بە گەرمی پێشوازییان لێکرد. شانازییان بە کوردبوونی خۆیانەوە دەکرد.
شەپۆلێکی گەورەی کوردیش دوای شکستهێنانی شێخ دیاربەکر (شێخ سەعیدی پیران) و شێخ دەرسیم (سەید ڕەزای دەرسیم) شێخ ئاگری ـ ئارارات (ئیحسان نوری پاشا) لە ترسی کوشتن و گرتن. بەشێکی کورد چوون بۆ لوبنان و لەوێدا نیشتەجێبوون. زۆر بە کوڕەوەری و هەژاری و سەختی ژیان و دژین.
ناودارترین، ئەو بنەماڵە کوردانەی، کە ماوەیەکی زۆر لە لوبناندا نیشتەجێبوون:
بنەماڵەی ئەیوبی، بنەماڵەی جونبلات، کە نیشتەجێی چیای لوبنان، بە تایبەتیش لە شارچکەی (شوف) نیشتەجێن بوون.
ناوکەیان لە (جان بولات) ەوە هاتووە، بە واتا (دڵی پڕاین) کە یەکێک بوو لە سەرکردە ئازا و ناودارەکانی کورد لە سەردەمی عوسمانی دا. بنەماڵەی شازادەکانی سەیفا لە تەرابلوس،

بنەمای موراببی نیشتەجێی (ئەکار)ن، بنەمای حەمیە لە بەعلەبەگ. بنەمای شەمدینان و هەکاریيەو کەچیان بە لوبنان کرد، شاری (ئەکا: عەکا) ی لوبنانی لە ناوی شاری هەکاریيەو نراو. بنەمای هەشوانی نیشتەجێی ئەکان.

زۆربەی کوردەکانی لوبنان لە شاری، بەیروت و شارەکانی دەشتی بیقاع و باشووری لوبنانەدا چەبوونەتەو. ئەم بنەمالە کوردانە چەندین ساڵە لە زەدی خۆیان دابڕاون، گەرچی فشارەکی زۆریان خستوونەتە سەریان، بە تواندۆیان لە بەتەی نەتەوەی عەرەبەدا، بە سیناوەی ناسنامەی نەتەوەیی کوردییان، بەڵام کوردانی لوبنان رۆتیان کردەو، کە ببن بە عەرەب. شانازی بە کوردبوونی خۆیانەو دەکەن و کوردستان پەروەرکی سەرسەختن. بەشەکی کەمیان زمانی کوردییان لەبیرچووەتەو. بەشەکی کەمیشیان لە ترسی دیپەرتکردنەویان، ناسنامەی کوردبوونی خۆیان شاردوونەتەو. کوردانی لوبنان بە دیالەکتی کرمانجی دەدوەن. لەبەر ئەوەی تا ئەمڕۆش دانیان بە دەستووریی زمانی کوردیدا نەناوە و رێیان پێنەدراوە، کە قوتابخانەی کوردی بکەنەوە، بە ناچاری منداڵەکانیان بە عەرەبی یان بە زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی دەخوێنن. کەچی ژمارەی ئەرمەنییەکان لە لوبنان لە کورد کەمترن، ئەوان زیاتر لە پێنجا قوتابخانەیان هەیە و بە زمانی ئەرمەنی دەخوێنن. ئەم جیاوازکردنانە، هەستی کوردانی لوبنان زۆر ئازاردەدەن. ئەمەش رەنگدانەوەی رەگەزپەرستی بەشەکە لە دەسەڵاتدارانی عەرەب لە لوبنان.
ژمارەی کورد لە لوبنان:
تا ئێستا ئامارەکی فەرمیی، دەربارەی ژمارەی کورد لە لوبنان نییە، نەیارانی کوردیش ژمارەی کوردیان زۆر بە کەم خەماندوون. بەڵام بەپێی ئاماری کەمەڵەی کوردی لە لوبنان (٣٥٠) هەزار کورد نیشتەجێی لوبنانن. لەم ژمارەیە نزیکەی لە سەدا پێنجایان، ڕەگەزنامەی لوبنانیان پێدراوە. مافی دەنگدان و خۆکاندیدکردنیان بە پەرلەمانی لوبنان هەیە. لە سەدا پێنجاشیان تەنیا کارتی نیشتەجێبوونی هەمیشەییان هەیە. مافی دەنگدان و خۆکاندیدکردنیان بە پەرلەمان نییە. لە زانکۆکانیشدا وەریان ناگرن. هیچ کارەکی حکومیشیان پێنادەن. لە زۆربەی مافەکانی هاوڵاتی بەبەشکراون. بەشەکی زۆری ئەم کوردە بە ڕەگەزنامەی لوبنان، لەبەر جیاوازی و بێکاری و هەژاری، لە پێناوی ئازادی و کار و داهاتووی منداڵەکانیان،

کۆچیان کرد بۆ وڵاتانی ئەورووپا، بۆ تایبەتیش بۆ ئەڵمانیا.
کۆسایەتییە کوردییە بۆ ناوبانگکانی لوبنان:
١ـ تەیموور جونبڵات: سیاسەتمەدارێکی کوردی ناودار بوو لە لوبنان.

٢ـ کەمال جونبڵات: باوباپیرانی لە سەردەمی دەوڵەتی ئیووبییەوە نیشتەجێی لوبنان بوون. باوکی کەمال ناوی فوئاد بەگ، قایمقام بوو، تیرۆریان کرد. کەمال جونبڵات سیاسەتمەدار و بیرمەند و نووسەر و پارێزەر و وەزیر بوو. چوار بەوانامەی بەکالۆریۆسی لە لوبنان و فەرەنسا بەدەستهێنا. جونبڵات کۆسایەتییەکی ناسراوی جیهانی بوو. کرایە (وەزیری ئابووری نیشتمانی، وەزیری کشتوکاڵ، وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی، وەزیری پەروەردە). لە ساڵی (١٩٦١) دا کرا بە وەزیری ناوخۆی لوبنان. لەسەر داوای ئیم (١٢) هەزار کورد لە لوبنان، ڕەگەزنامەی لوبنانیان وەرگرت. جونبڵات پشتگیریی لە شۆڕشگانی کورد دەکرد. دامەزرێنەری (پارتی سوسیالیستی پێشکەوتنخواز) بوو. بەداخەوە کە کەمال جونبڵات لە ساڵی (١٩٧٧) دا، لەلایەن دەزگای هەواڵگریی ڕژێمی بەعسی سوریاوە تیرۆرکرا. ڕەفعەت ئەسەدی بۆ حافز ئەسەد، دەستی لێم تاوانەدا هەبوو. سێ چەکدار کە تابلۆی ئەتەمبەلەکەیان عەراق بوو، کەمال جونبڵاتیان لەناو ئەتەمبەلەکەیدا کوشت.

٣ـ وەلید جونبڵات: کوڕی کەمال جونبڵاتە، لە ژیان دایە. سیاسەتمەدارێکی میانەوە. سەرکی (پارتی سوسیالیستی پێشکەوتنخواز) لە شارچکەی شوف لە چیای لوبنان دادەنیشێت. دورزییەکان خۆشیان دەوێت، بە نوێنەر و سەرکی ڕۆحی خۆیان دەیزانن.

٤ـ شیرین پەروەر: شیرین جەمیل. کە بە شیرین پەروەر ناسراوە هونەرمەندێکی ناسراوی کوردە. یەکێم ژنە سرووبەڕێی کوردە. لە ژیان دایە و لە لوبنان دەژی.

٥ـ حەنان عوسمان: ژنە چالاکوانێکی ناسراوی کوردە لە لوبنان. لە لوبنان لە دایک
بووە. لە زانکۆی بەیروت، بەشی وێژەی ئینگلیزیی تەواوکردووە. چەند ساڵێک وەک مامۆستا وانەی ئینگلیزیی و وەک وەرگێڕێک لە ئینگلیزییەوە، کاری کردووە. نووسەر و

پەرتووکی چاپکراوی هەیە. سەرەکی (کۆمەڵەی نووزی کۆمەڵایەتی و کولتووری کوردی) یە، کە لە ساڵی (٢٠١٤) لە لوبنان دامەزرا. ئەندامی ئەنجوومەنی ژنانی لوبنانە، ئەندامێکی داکۆکیکارە لە مافەکانی ژنان لە لوبنان. ڕەخنەکی بەرچاوی لە داکۆکیکردن و ناساندنی دەزی کورد و لە مافەکانی کورد لە لوبنانداهەیە.
لە نووسینەکی پێشترماندا، بە دەژی باسی ئەم خاتوونە چالاکوانەی کوردمان کردووە.

٦ـ (جوان عومەری، حەسەن عومەری، یوسف محەمەد) سێ کوردی وەرزشوانی ناسراوی یاریی تەپی پێن. کە لە تەپی هەڵبژاردەی تەپی پێی لوبنان یاری دەکەن.

٧ـ فەخرەدین مەعینی: کەسایەتییەکی ناسراوە و بە پاشای چیای لوبنان دەناسرێت.
پارت و ڕێکخراوە کوردییەکان لە لوبنان:
١ـ پارتی دیموکراتی کوردی لە لوبنان: لە ساڵی (١٩٦٠) دا دامەزرا. بارەگاکەی لە دەشتی بیقاع بوو. لە ساڵی (١٩٩١) دا هەڵوەشایەوە.
٢ـ پارتی وەتاتی نیشتمان.
٣ـ پارتی رزگاری کوردی
٤ـ کۆمەڵەی خێرخوازی کوردەکانی لوبنان.
٥ـ کۆمەڵەی سەلاحەدینی خێرخوازی کوردی.
٦ـ کۆمەڵەی نەورزی کۆمەڵایەتی و کولتووری کوردی لە لوبنان.
٧ـ یەکێتی قوتابیانی کورد.
٨ـ پارتی دێسەزی کورد.
دەخی کورد لە لوبنان:

گەرچی کورد سەیەم نەتەوەن لە لوبناندا، سەرەڕای ئەوەش کە بوونی کورد بە ماوەی هەزار ساڵ زیاترە لە لوبنان. بەڵام تا ئەمڕۆش حکومەتەکانی لوبنان ـ جگە لە حکومەتەکەی ڕەفیق حەریری ـ کوردیان پەراوێزکردووەن. بە چاوێکی کەمتر لە کورد دەڕوانن، بە هاوڵاتیی پلە دوویەم دەزانن. هیچ نوێنەرێکیان نە لە پەرلەمان و نە لە دامەزراوە فەرمییەکاندا نییە. بە دەم جیاوازیکردن و هەژاری و بێکارییەوە دەناڵێنن. گەر ئیشیشیان بدەنێ، بە پارەیەکی کەم و قورسترین کاریان دەدەنێ. کورد لە هەموو بوارەکاندا خزمەتێکی

زۆری لوبنانیان کردووە. بەڵام تا ئەمڕۆش حکومەتی لوبنان دانی بە ناسنامەی بڕشکی زۆری کوردا نەناوە، کە چەندین ساڵە لە لوبناندا دەژین. ئامانجی حکومەتی لوبنان تواندنەوەی کوردە لە بەتەی نەتەوەی عەرەبدا.
رەفیق حەریری، کە لە ساڵی (١٩٩٢- ٢٠٠٤) سەرۆک وەزیرانی لوبنان بووە. ڕۆژنامەی لوبنانی بە (١٢) هەزار کورد دا. بە داخەوە کە تیرۆرار کرا. شەرفکەندییان لە ئەمانیا تیرۆر کرد.

کورد بە هیچ شێوەیەک دەستوەردانیان لە لوبناندا نەکردووە. تەنانەت لە شەڕی ناوخۆی لوبنان، لە (١٩٧٥ـ ١٩٩١) کورد لەم شەڕەدا بە لایەن بوون، گەرچی زیانێکی زۆریشیان لێکەوت. لە ساڵی (٢٠٠٤) بە هاندان و پاڵپشتی سوپای سوریا لە لوبنان، حیزب اللە و بزوتنەوەی ئەمەل، هەڕەشیان کردە سەر کوردەکانی دانیشتوانی بەیروت. بە ئەزمەت دان و دەرکردنیان لە بەیروت. لە ساڵی (٢٠١٠) شدا، شارەوانی بەیروت داوای لە (٧٠٠٠) هەزا کوردی دانیشتووی گەڕەکی (برج حمود) لە بەیروت کرد. کە شارەکە چۆڵ بکەن. هەر کوردێکیش سەرپێچی بکات، بە بڕی(٣) ملیۆن لیرە سزا دەدرێت. بەڵام کوردەکانی ئەو گەڕەکە ڕێتیان کردەوە و جێیان نەهێشت. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە حیزب اللە و بزوتنەوەی ئەمەل هەڕەش بکەنە سەریان، لە ئەنجامی ئەو هەڕەشانەدا (٦) کورد شەهیدبوون و (٢٣) کوردیش بریندار بوون و (٥٤) کوردیشیان ڕفاند و شوێنبزر کران، کە تا ئەمڕۆش چارەنووسیان نادیارە.
بەڵام کوردانی لوبنان، سەرەڕای ئەو هەموو ستەمانەی کە لێیان کراوە و ئەو نەهامەتییانەی بەسەریان هاتوون، سەڕای پەراوێز خستنیان و سەیرکردنیان وەک هاوڵاتی پلە دوو. خەڵاگرن و سەرسەختانە پارێزگاری لە ناسنامەی کوردییان دەکەن. ئەوەی کورد لە لوبنان دیاندەوێت ئەوەیە، وەک کەمینە نەتەوەییەکانی تر، ئەرمەن و ئاشووری و شەرکەسکان دانیان پێدابنێن و وەک هاوڵاتی پلە دوو مامەڵەیان لەگەڵدا نەکەن. مافی خوێندنیان بە زمانی کوردی هەبێت و نوێنەریان لە پەرلەمان و لە حکومەت هەبێت. میدیا و دەزگای ڕاگەیاندنیان هەبێت. بە فەرمی جەژنی نەورۆز بکەن بە جەژنی نەتەوەیی کورد. مافی ئازادی دەربڕین و ژیانیان هەبێت. جیاوازیان لەگەڵ نەکەن. هەموو ئەمانەش مافی سەرەتایی و ڕەوای هەر نەتەوەیەکن.

کورد هەندێ بە بەختەوە، گەر بەردەک لە ئاسمان بارێ بەتەوە، بەر سەری کورد دەکەوێت. لە شێوەی ئێستای نێوان ئیسرائیل و حیزب اللەدا، زیاتر لە (٢٠) کورد لە باشووری لوبنان کوژران. چونکە بەشێکی کوردانی لوبنان و بەشکیش لە ئاوارەکانی کەبانی و عەفرین و سەریکانی، نیشتەجێی باشووری لوبنانن. دووبارە ئاورە بوون و لە دەخێکی سەخت و هەژاریدا دەژین.. ئەمیە چارەنووسی نەخوازراوی کورد.
کوردەکانی لوبنان بە هەی پشتگوێخستنیان، ئاسوودە نین، ژیانێکی تاڵی پڕ لە ناخوشییان هەیە، دەیان پڕ لە راز و گازندە و لە گلەیی و لە هەناسە ساردی.
حەسەن، سەرکی کۆمەڵەی خەرخوازی کوردی لە لوبنان، دەڵێت:"ڕۆگەزنامەمان وەرگرت، بەڵام هەچی تەرمان بەدەست نەهێنا". دەشڵێت:"کەس ئەمە ناپارێزێت و بەرگریمان لێناکات، کەس گوێ لە دەنگی ئێمە ناگرێت".
ئیسماعیل کوردەکی تری لوبنان، دەڵێت:"هەست بە لوبنانی بوونم ناکەم.. کولتوور و زمانم کوردییە.. دەزانم کە کوردم، ئاوەش باوەڕەکی نەگەمە".
دەربارەی کورد لە لوبنان پەرتووکێک چاپکراوە، بە ناوی "الاكراد في لبنان وسوريا" لەنووسینی " دكتور: أديب معوض" لە ساڵی (١٩٤٥) دا، چاپی یەکەمی کراوە. لە ساڵی (٢٠١٠) دا، لەلایەن دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس لە هەولێر چاپی دووەمی بە کراوە. خوالێخۆشبوو فەلەکەدین کاکەیی پێشکەشکی بە نووسیوە. پەرتووکەکیش لێژەر ناوی (نەژادی کورد لە لوبنان) نووسینی (خەلیل شەماشی). لەلایەن (دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم) لە سلێمانی، چاپکراوە و بڵاوکراوتەوە.
تا ئێستا ئەم دوو پەرتووکەم بەردەست نەکەوتوون.
(*) بە ئەم نووسینەم، سوودم لە چەندین سایتی ئینگلیزی و عەرەبی وەرگرتووە. بە ئاسانی، ناوی سەرچاوە ئینگلیزیەکانیشم ورگەڕاون بە سەر زمانی کوردی:

١ـ کورد لە سوریا و لوبنان.. عیسمەت شەریف وانلی: ١٩٩٢
٢ـ کورد لە لوبنان.. نووسینی: بروک ئێندرسەن.. ڕۆژنامەی دەیلی: ٢٠١٢
٣ـ کورد لە لوبنان.. تەوانینەکی گشتی کۆمەایەتی و مەژووی: لوقمان میهە.
٤ـ کوردانی لوبنان.. ناسنامە، چالاکی و ئایدەلۆژیا.. کەلەر ماکسوە: ٢٠١٧

٥ـ کوردەکانی لوبنان. قوتابیی فاز.

نەرویج: ٢٠٢٦

شەلان.. شیعری نەوزاد بەندی

لە بەردەم دوو بارەگای حیزبیی
دوورە دەست ..
کە بە جۆرەها دیوار و تەیمان و دەکەزی ..
جۆرەها چەک و تەقەمەنیی..
هەموو جۆرەکانی دووریی ،
دەورە درا بوون ..
سەوزەفرۆش،
کە هەموو جۆرەکانی هەژاریی،
لە وەخساریدا نەخشا بوون،
هێشتا سفتاحی نەکردبوو،
ئوتومبیلەکی بە دەقەم شەلای ..
لە پزیشکی داد،
ووتیان کردەوە ..
گیرفانی پێناسیەکی
جەنگاوەرانی دەرین و
بەیارەکی کەنی
لیژنەی شەرحەبیلی تیا بوو ..
هەر هەمان دەژ،
کەمەڵە لات و لوت:
شیعرە بە چاویلکەوە
چیرەکە بە دارشەقەوە،
دەمانە لەسەر عەرەبانە،
ووتارە بە کانیلاوە،
ویستیان بپەنەوە،
ئەمبولانسکی بە دەقەم شەلاینی..
لە توبی عەدلی،
فڕاشک ووتی کردنەوە،

هەموو جارێکانی ئیفلاسبوونیان تێدا بوو ..
شیعرێکێ لەفزێکی قاورمەی پێ بوو ..
چیرۆکێکێ ڕەسمێکی ڕەش وسپی ..
ڕەمانێکێ پارچەیەک حەبی سکچوون ..
ووتارێکێ هیچی پێ نەبوو ..
دوو گەنجی لاوازی قژ نیگرۆ،
بە دوو کراسی خەباویەوە،
ڕەسایسکی بە تابلۆ، شۆلاینی..
پزیشکی داد باوەشکێکی دا و
ووتی : چی ڕووت کەیندەوە ؟
ڕەنگە جلۆکانیان لابێن
هیچیان نەمێنێتەوە ..!
هەموو جارێ تابلۆکانی دابەانیان تیا کەشرا بوو ..
گیرفانی یەکەکیان
ناونیشانی قاچاخچییەکی
دەریای مەمەڵەی تیا بوو ..
لەگەڵ نیوەی پارەیەکی کانزایی ..
ئاوەی تریان،
شیعرێکی بەکر عەلی و
هەزار و دووسەد و پەنجا دینار ..
لەگەڵ پارچەیەک ڕەسمی یار ..
چوار منالی پەلی یەکی سەرتایی،
بە چاوی فرمێسکاویی و
جانتای بە تاڵەوە،
تراکتۆرێکی بە ڕەقەم شۆلاینی..
هەموویان خەکی یەک کەڵان بوون ..
کەڵانێکی نشۆی خەباویی ..
کە تیایدا هەموو جارەکانی گرانیی دەست ئەکەوتن ..
هەموو جارەکانی نەخشیی داشکاندنیان بە کرابوو ..
هەموو جارەکانی ئازار ،
بە شۆلع ئەفرۆشران ..
خەو و حەوانەوە لە مژە چووبوون بە هەنداران ..
لەو کوانەدا ژیان بە فەحم ساغ کرابەوە ..
ڕەژانە،
خەرخوازێکی خواناسی دەستەیشتوو،
هەموو جارەکانی نائومێدیی،
بە بە بەرامبەر دابەش ئەکرد بە سەریانا ..

سیاسییەکی دەسەز،
خولەکی خەڵایی بە کردبوونەوە،
بە فڕبوونی ئیشی عەرەبانە و
سواکردن و دەنگدان ..
ئەم کەڵانە لە دوورەوە،
لە گەگۆ ماپدا،
وەک بریتی پەنجە توتەی
کرێکارە دەرئەکەوت ..
بریتە،
بوون و نەبوونی وەک یەک بوون ..
هەمان تۆز،
هەمان شەقام،
ئوتومبیلەکی جامەڵەش،
جامەڵەشکی بە تەقەم،
بە تەقەمکی زەر خەرا،
ژنەکی دوو گیانی شەلا ..
لە جانتاکەیدا،
هەموو جەرەکانی پەشیمانیی هەڵکەڕا بوو ..
نامەیەکی دوور و درێژ
بە قەڵەمی حیبری چینیی
نووسرابوو ..
تیایدا هاتبوو :
ئاخ! ڤریجینیا ..
لەم سەفەرەما بەیارمدا،
هەرگیز نەگەڕێمەوە نیشتمان ..
لەرە تەنانەت چۆڕیش ئازارت ئەدا ..
تەنانەت سروودی نیشتمانییش
دەت تەنگ ئەکا ..
باران برستیی بەاوئەکاتەوە ..
نەوت ئەتهەنەتە سوا ..
کەرپەی ناو لانک، قەت ئەبەن ..
لەرە ناوەریت لای شیعرە دانیشیت،
تەکلیفی ستیانەکەت لە ئەکا ..،
وای! ڤریجینیا ..
ئەترسم نیلەڤەری هەناوم،
توشی خەمەکیی بووبە ..
ئەبە لەم مانگەدا

چەند جار یەخەی خەی دەیبە ؟
ئەبە چەند جار
پەتی سەدارەی هەواسیبە؟
چەند جار گە و گا و
یارەکانیان لە تەک دابە ؟
ئای! ڤریجینیا،
لە کەناەکی ناوخەدا،
سەد هەخنەم لە بەینباخ لەملەکان گرت،
کە کەمەگایان کردووە بە کەگەی پەلەوەر ..
لە جیاتی وەام،
دوەنە شەو ئەس ئەم ئەسەکی
پە لە جنەوم بە دەست گەیشت ..
نوسیبوویان : خوەنی خەت کردە کاسەوە ..
نوسیبوویان : چون هیلی سوور ئەبەزینی ؟
ئای! ڤریجینیا !
هەفتەیەکم ماوە ..
تە بەی دەستیان بچەتە ژنی دوو گیان ؟ ..
ئاخر بە پەم ناەی ناشیرین!
تە موسافیرەکی نامە بە نیشتمان،
چیت داوە لە ووتاری حەماسیی ؟
چیت داوە لە هەخنەی سیاسیی ؟
تە هاکردووەیکی دوورتر لە دووریی ..
هەحم بە خەت ناکەی،
هەحمە به نیلەڤەر.....
ئای نیلەڤەر!
بەوا ناکەم بمبووری ..
… هتد ..

سەزەک بە مەرگی باوکم.. فەرهاد

ئەحمەد بەرزنجی

باوکە گیان ..
دەزانم کە کاروانی تەمەن تێپەڕی ،جارێکیتر ناگەڕێتەوە ، بەڵام هەشتا من زۆر پەویستیم پێتبوو.
تە داری پەبڕو سەبڕی پڕلە ئارامیم بویت، ئەو کەوە بەهەزبوی کە هەمیشە لەپشتم ڕاوستاوو چەسپیوبویت،
حەزمەکرد هەمیشە گوێم لەدەنگ و وشەی پە سەزی جوانی وپڕلە میهرەبانی و خۆشەویستیت بێت.
حەزمەکرد بە هەمیشە باوەش و دەستەملانی ئاسودەیمان بمێنێت.
تامەزرۆی چەندین کەو کەبونەوە ونەرمە پیاسەی ئەوارانی لای مزگەوتی گەورەو شەقامی پیرەمەردو مەولەوی بوم لەگەڵ تەدا ..
مخابن لەناکاو بەدەنگ بویت. دەنگی پڕلەسەزی ئاشنا بگوێکانم کە ژیانی پڕلەشادی بە ماڵی دێ و دەرونم دەبەخشی ،کپ بوو.
چاوە پە لێ ڕوناکی و ئەزموونەکانت کە ڕێگای ژیانیان پە نیشان دەدام داخران.
ئیتر ناجونەوە دەستە بریندارەکانی بە ئەرکی ڕۆژگارت بە باوەش پەداکردنم.
پەیکانت کەڕۆژگارێکبوو ،دورترین ڕێگات بە بیبنی هاوڕێیەکت پەدەبین ، ئەستا ساردن و لەجوڵە کەوتون ..گەرچی تە ئەو مەشخەڵبویت کە ڕێگای تاریکیت بە ڕووناک دەکردینەوە، کەچی لەپە خامەشبوی..
ئای باوکەگیان ! تە دەزانی ؟؟لەوەڕۆی بەجێتهێشتوین گوڵکانی باخچەکەشت مات و زیزن وەکو جاران نە تەرئاو دەخنەوە ، نەوی خەشیش دەدەن بە پێوڵە و هەنگەکان .. ڕەنگ پڕیوو لاوازبون، بەشەوی ساتی نەخەشکەوتنت ،چاک دەزانم کەئەوانیش وەک من بێت بەخەمن..
بابەگیان .. من دەنیام کە ڕەوتی ژیان دەبێت وابێت من لەتەو تەلەگوڵکانی باخچەکەت بکات .
بەڕام تیشکی یادەوەریەکانت ،هەتاهەتایە لە چاوانمدا دەدرەوشێتەوەو لەناودەمدا بەجێشترو لەدەمارەکانمدا وەکو خوێن بونەتە پەویستی بە ژیانم..
تەش بەئارامی بنوو ..هەتا ماندویی وئازارەکانی ئەو ڕۆژگارێت لەبیربچێتەوە کەلەگڵ تەمەنی پیری ڕێگای ژیانکی پڕلە سەزو میهرەبانی لەگرتیت…ماڵئاوا .. خوات لەگڵ باوکەگیان…